ئەوانەی بێگانە دەیانجوڵێنێ دەیانەوێت ئەزیەتی گەلی کوردستان بدەن
لەروەك دەیانەوێت ئەزیەتی گەلی عیراق بدەن

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٥٠ فلسە

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی زیادە

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

● پێنج شەممە ١٩٨٢/٣/٤ ژمارە ٦٢٧ ●

● الخميس ١٩٨٢/٣/٤ العدد ٦٢٧ ●

بڕیاری مێژووییمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتبەی تەواومان لەسەر خاکوئاوەکەمان و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەودستێن بەربەستی ئەم بڕیارە مێژوویە ڕەوایەبکات .
سەرەکی فەرمانده
صدام حسین

موهیب ڕوکن صدام حسین مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك جەنگاوەری پاڵەوان دەبەخشێ و دووپاتی دەکاتەوە :

جەنگاوەرەکانمان سەرەڕای ئازایەتی خاوەن گیانی مرۆڤایەتین

بەڕێز سەرەك موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان ، مەدالیای ئازایەتی بەخشی بە دەستەیەکی‌تر لە ئەفسەرو جەنگاوەرە دلێرەکانی سوپای ئازامان ، ڕێزنان لە دەوری پاڵەوانیان‌و بەرگری کردنی مەردانەیان لە شەرەفمەندی‌و ئابروی‌نەتەوە دژی فارسی دوژمن‌و ڕەگەزپەرست .

سەرەکی فەرماندەدەستی ڕێزی نا لە ئازایەتی دیاری ئەو جەنگاوەرانەو ئەوەی دووپات کردەوە کە ئازایەتیان نموونەیی بووە .

سەرەکی بەڕێز وتی‌ئەم هێزە لە سێ لاوەو لە ماوەی ساڵێك زیاتر لەڕۆژهەڵاتی کارون دژی دوژمن جەنگی . هەروەهابەڕێزی وتی : ئەم پیاوانە لە پێشەوەی ئەوانەوە بوون‌بەرگەی ئەو بارە گرانەیان گرت بۆ ئەوەی ئاڵای عیراق‌و ئاڵای سەرکەوتن بپارێزن‌و هەر بەرز بشەکێتەوە کە بەمەرەسەنی‌و باوەڕی پتەویان بە بەهاو بیروباوەڕ دەبری .

سەرەکی فەرمانده دووپاتی

بڕوانە ل : ٧

وەتەی هاوکاری

لەبەر ڕووناکی وتەکانی
سەرەکی فەرمانده صدام حسین‌دا

یەك ڕیزو وەستانی جەماوەری کوردستان لە پشت سەرکردایەتی حزب و شۆڕشەوە زامنی تەڵوەشاندنەوەی تەموو پیلانێکی دوژمنانی عیراقە

سەرنجدانێکی وردی بەویژدانانەی کاروانی بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد ، لە کوردستانی عیراقدا ، هەروەك دەمان‌خاتە بەردەم ، لابەڕەی تێکوشانی ڕەوای گەلێك مەبەستی بوە ، سەربەست‌و ئازاد بژی‌و جەوهەری خواستەکانی ڕەواوشایان قوربانی‌دان بوە ، لەهەمان کاتدا ، دەمانخاتە بەردەم ، چەندان هەڵوێستی . پڕ ئیش‌و نیگەرانی‌و زنجیرەیەك، ڕووداوی پڕ زۆران‌بازی‌و خۆبەرستی‌و هەتا ڕادەی بەکری‌گیراوی بێگانە ، لەسەر حسابی ئەو بزوتنەوەیەو هەر بە ناوی‌یەوە . سەرکردە خۆبەرست‌و کۆنەپەرست‌و عشائر گەریەکان ، لە ڕابووردوودا ، سوودیان لە دور هەلی دیار وەردەگرت بۆ بەدی هێنانی مەبەستی چاوچنۆکی خۆیان‌و داپۆشینی مەبەستی ڕەش‌و نارەوایان بە دروشمی ڕەوا ، یەکەم هەڵوێستی حکومەتەکانی پێشوی عیراق . کە گیانی کۆنەپەرستی‌و ڕەگەز پەرستی‌و پەیوەندیان بە بێگانەوەو دوورییان لە خواستەکانی گەلی عیراق‌و دووەم، وەزعی دواکەوتوی‌و باری نەخوێندەواری‌و کەم هوشیاری خەڵکی ساکاری کوردستان ، ئەم دوو هۆیە ، ماوەیدا سەردەمێکی زۆر دوورو درێژ ، ئەو کۆنەپەرست‌و دەرەبەگ‌و خۆفرۆشانە . ڕێگایان لەبەردەمدا ئاسان بێت کە بازرگانی بە خواستە ڕەواکانی گەلی کوردەوە بکەن بەڵام ، کە شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی پیرۆز بەرپا بوو، ئەم شۆڕشەش ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، ڕابەری کرد ، بەپێی بیروباوەری مرۆڤایەتی‌و پێشکەوتوی ڕاستە قینەی، هەنگاوی بەردو چارەسەری ڕاستەقینەی مەسەلەی کورد نا ، بەو جۆرەی ، کە خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەدی دەهێنێ بە مافی ئۆتۆنۆمیەوە بۆ ناوچەی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا ، ئەم هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەردەی لە ڕووی چاوبرسیەتی ئەو کەسانە دڕی کە ماوەیەکی زۆر بوو بازرگانیان بەم مەسەلەیەوە دەکرد . بەڵام وەك هەنگاوی یەکەم ، ئەو کەسە گومان لێکراوە بێگانە بەستراوانە ،

بڕوانە ل : ٧

تەنیزە سەرکەوتوکانمان زیاتی زیاتر لە دوژمنی ڕەگەزپەرست دەدەن

جەنگاوەرە دڵێرەکانی سوپای عیراقی ئازا بەردەوام لە سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگی ڕەوامان دژی چاو چنۆکی فارسە ڕەگەزپەرستەکان داکوکی لە مافی ڕەواو سەربەرزی‌و سەربەستی عیراق دەکەن‌و ئاڵای سەرکەوتنمان هەر بەرزدەشەکێتەوە .

لە ماوەی هەفتەی ڕابووردودا بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان زیانی دوژمن لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ بەم جۆرە بووە :

● ١٩٨٢-٢-٢٥ :

٤٥ کوژراو ، شەش لۆری ، دوو شەڤل ، یەك بنکەی تەقەمەنی‌و سێ

بڕوانە ل : ٧

هەفتەی ڕابووردوو ، سەرەکی فەرمانده بەڕێز صدام حسین لە کاتی بەخشینی نیشانی ڕافدینی پلەی سێیەم لە جۆری مەدەنی بە بەڕێز پارێزگاری نەجەف‌و هاوڕێ ئەمین‌سری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لقی نەجەف‌و تەیەکی گرنگی ئاراستە کرد تیایدا دووپاتی کردەوە کە جەماوەری گەلی کوردمان بۆیان دەرکەوت‌و زیاتریش بۆیان دەردەکەوێت ئەوانەی بە قسەباس لە مەسەلەی کورد دەکەن کەسانێکن بێگانە دەیانجوڵێنێ ، دەیانجوڵێنی تا ئەزیەت بە عیراق‌و بەسلیمانی‌و ئەزیەت بە گەلی کوردستانی ئۆتۆنۆمی بگەیەنن هەر وەك دەیانەوێت زیان بە گەلی عیراق بگەیەنن لە شوێنەکانی‌تر .

دەقی وتە گرنگەکەی سەرەکی فەرمانده لە لاپەڕە شەشدایە .

سەرەکی پۆلۆنیا سەرلە موسکۆ دەدات ..

وەفدێکی حزبی‌و حوکمەتی پۆلۆنیا بە سەرۆکایەتی ئەمینداری یەکەمی لیژنەی ناوەندی حزبی یەکگرتووی کرێکارانی پۆلۆنیا سەرەکی وەزیران‌و وەزیری بەرگری مۆیتسیخ بارۆزیلسکی بەسەردانێکی ڕەسمی لە یەکێتی سۆڤیەت گەیشتە موسکۆ .

ئەمە بە یەکەم سەردانی بارۆزیلسکی ئەژمێرێ بۆ دەرەوەی وڵات لەوەتی لە تیشرینی یەکەمی پارەوە بوە بە سەرەکی حزب‌و لەوەتی سەرەکایەتی لیژنەی ڕزگارکردنی نیشتمانی گرتوەتە دەست کە پێش دوو مانگ حوکمی سوپایی لە وڵاتدا دامەزراند .

سان‌و نیوێك خۆڕاگرتن و دەیان داستانی ئازایەتی و سەربەرزی

لە ٤ی ئەم مانگەدا ، جەنگی ڕەوای گەلەکەمان دژی چاوچنۆکی‌و هەڵویستی دوژمنایەتی‌کاری ڕەگەزپەرستی فارسەکان ، پێ دەنێتە ساڵ‌و نیوێکی تەواوە، لە ماوەی ئەم ساڵ‌و نیوەداکە دوژمن شەڕەکەی بە سەردا فەرزکردین‌و ئێمەبۆ بەرگری لە سەربەرزی‌و سەربەستی گەلو وڵاتەکەمان دەست‌و بەرپەچی دوژمنایەتی‌کاری فارسە ڕەگەزپەرستەکانمان دایەوە. گەلی مەردی عیراق بە کوردو عەرەب‌و هەموو کەمایەتیە براکانەوە ، دووپاتیان کردەوە کە گەلێکی جەربەزەو ئازایەو خاوەن‌توانا و بیروباوەڕێکی ئەوەندە سەختە ، دوژمن بەهەڵەداچوبوو وای دەزانی بە ئاسانی ئەم گەلەی پێ مل کەچ دەکرێ .

ئەو بنەڕەتە پتەوەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی پیرۆز بەرابەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست‌و سەرکردایەتی ڕۆڵەی گەل صدام حسین داناوە ، دانراوە بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو لوتکەی بەرزی‌و سەرکەوتن بچێ . لەبەرئەوە مرۆڤی عیراق لەسەر بیروباوەڕی شۆڕش‌و حزبی‌سەرکردەیی‌و بە ئاراستە کردنی ژیری‌و لێهاتوی‌سەرکردەکەی ڕۆڵەی گەل صدام حسین لە هەڵمەت‌و بیناکاری‌و پێشکەوتنا گەڕانەوە نازانێ .

لەماوەی ساڵ‌و نیوێکدا، هەموو گرەوەکانی هەموو دوژمنەکانی سەربەستی‌و سەربەرزی عیراق دۆڕان‌و گەل‌و نیشتمان‌و سەرکردەبردیانەوە ، ئاڵای سەرکەوتن تا دێ بەرز دەشەکێتەوە ، لەوڵاشەوە دوژمنی چاوچنۆك تا دێ نوقمی شکاندن‌و ڕاونان‌و وێرانکاری‌و نەهامەتی دەبێت ، ئەمڕۆش‌کە ساڵ‌و نیوێك بەسەر ئەم جەنگەدا ڕادەبووری هەر وەك سەرەکی فەرمانده چەندان جار دووپاتی کردەوەئێمە نیشتمان‌و گەل‌و حزب‌و سەرکردە لە یەکەم ڕۆژی‌دەستپێ‌کردنی جەنگ بەهێزترو خۆ ڕاگرتو تروباوەڕ بە هێزترین ، چونکە لە پێناوی حەق‌و دادوەری‌و بە باوەڕی مرۆڤایەتی دەجەنگین . چونکە گەلێکین مل‌کەچی نازانین بۆیە وەك یەکەم ڕۆژ گرەوی‌سەر کەوتنمان بردەوە دوارۆژیش بەرووناکی‌و سەربەرزی‌و سەربەستی‌یەوە بۆ ئێمەیەو. بۆ پێشەوە .

● هاوکاری ●

مەلیك حسین : عیراق لە تەنگی پێشەوە یە

مەلیك حسین مەلیکی ئەردەن دووپاتی‌کردەوە کە عیراق هێڵی یەکەمی نسەك هەر بە تەنها بۆ ئەردەن بەڵکوو بۆ هەموو ناوچەکە بە ناوچەی تەنداوی عەرەبیشەوە .

مەلیك حسین لەو چاوپێکەوتنەدا کە کۆمەڵەی تەلەفیزیۆنی ئەمەریکا (ئەی.بی.سی) لەگەڵی کرد وتی عیراق جێمەبەستی ئەو هەوڵو تەقەلا چەپەڵو تاوانبارانەبوو کە ئەیانەوێ تۆوی دووبەرەکی‌و ئاشووب‌و تایەفەچی‌یەتی لە ناوچەکەدا بڵاوکاتەوە .

هەروەها وتی عیراق وەك نەتەوەیەکی چەسپ بەرەنگاری هەموو ئەم هەوڵو تەقەلایانەبوو و ئەگەر سەرکەوتنایە بەڵایەکی زۆر سامناکی وا ڕووی‌نەدا هەرگیز وێنەی لە مێژووی

بڕوانە ل : ٧

نێران

شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران لەڵەتی سەرکەوتوانە دەبەنە سەر بنکەکانی ڕژێمی فارسی ڕەگەزپەرست

کوشتنی یەکێك لە پیاوەکانی خومینی لە تاران

ڕێکخراوی ـ موجاهیدینی ـ خەڵق ـ ی ئێرانی بەرهەڵستکەر ئاسکرای‌کردکەوا ئەو بەرپرسیاری کوشتنی حوججەتول ئیسلام‌مصطفی حوججەتی یارمەتیدەری سەرۆکی لیژنەی ناونراو بە شۆڕشی ئیسلامی‌یە لە خواروووی‌ڕوژئاوای تاراندا .

یەکێکی نەناسراو ئاژانسی ئێوارەی شەممەدا لە فەرەنسی بەمە ئاگادارکردو دووڕێبازی مورتەزاوی‌و وتی حوججەتی لە سەعات جیلاندا کوژرا لەلایەن حەوت‌ونیوی تەواوی دەستەیەکەوە کە ئەم کارەیان پێ‌سپێررابوو .

پێش ئەمەیش ئاژانسی دەنگوباسی ئێران دانی بە کوشتنی مصطفی حوججەتیدا نابوو لە کاتی گەڕانەوەیا بۆ ماڵ بێ ئەوەی هیچ شتێکی تر باس بکا لەم بارەیەوە .

لەلایەکی تریشەوە لە تاراندا بڵاوکرایەوە کە پێنج هاووڵاتی ئێرانی بە تۆمەتی بەرگری‌کردنی چەکدارانەی ڕژێم‌و کردەوەی چەکدارانەکردنەوە لە سێدارە دران .

ڕۆژنامەی (اطلاعات)یش دانی بەوەدا نا کە چەند چەکدارێ هێرشیان بردە سەر سێ بنکەی سوپایی لە هەرێمی کوردستاندا . ڕۆژنامەکە ڕۆژی ئەم هێرشانەی دەسنیشان نەکردبوو بەڵام ئەوەی وتبوو

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

لە بروسکەیکدا بۆ سەرکی فەرمانڕەوە صدام حسین

جەماوەری سلێمانی ئامادە بوونی تەمیشەیی خۆیان بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان دەردەبڕن

جەماوەری پارێزگای سلێمانی شانازیو خۆشبەختی خۆیان بەرامبەر بەسەرکردایەتیی بێوێنەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەربڕی . هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا کە سەرکردایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست / لقی سلێمانی ، لەیادیگای وەرزشی سلێمانی ڕێکی خست بروسکەیەکیان ئاڕاستەی سەرۆکی بەڕێز کردو بەڵێنیان دا لە هەمیشە ئامادەی خۆبەخت کردن بن بۆ پارێزگاری کردن لەهەموو خاکی عێراق و زیادبوونی ژمارەی عێراقییەکان لەمەیدانی جەنگدا . ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

لەجەرگەی سلێمانییەوەو لەڕۆڵەکانی گەلی کوردستانەوە، بەڵێنی وەفاو پیاوەتیتان دەدەینێ کەهەمیشە لەپشت خۆڕاگرتنو عەزمی سەرکردایەتییە بێوێنەکەتانەوە بین و ئامادەبین کەبەرگریی لە هەموو پارچە زەویەکی عێراق بکەین ، تاکو ژمارەی عێراقییەکان لەمەیدانی جەنگدا ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیاد بوونا بێتو لەپێناوی بەرگری لەماف و شەرەفی گشت عێراقدا .

سەرەکی بەڕێز . . . لەکاتێکا گوێمان لەووتارە مێژوویییەکەی ئێوە بوو ،کە لە بۆنەی ڕێزلێنانی کۆمەڵێ عێراقیی جەنگاوەردا پێشکەشتان کرد ، هەستمان بەشانازیو خۆشبەختییەکی زۆر کردو هیمەتو خۆڕاگرتنی زیاتر کردین بۆ پووچ کردنەوەی خەونی بازرگانان بەخاکی عێراقەوە تەماعکارانی دژ بەعێراقی خۆشەویستو ئەوانەی کە گرەوێ دۆڕاویان لەسەر ناوچەی کوردستان دەکەن . ئەو عێراقەی کە لەسایەی شۆڕشدا بۆتە یەك پارچەو یەك خێزان بەپشتیوانی خواو لەسایەی سەرکردایەتییە مێژوویییە ئازایانەکەی ئێرەوە توانای ئەوەی هەیە کەگشت مافە نیشتمانییەو نەتەوەییەکان بگێڕێتەوە ، لەچنگ ئەو کەسانەی کەخۆیان لەقوم و تاران خزاندووەو لەدواشەوە ئیمپریالیزمو زایۆنییو ئەوانەی کە بەڕەگەز عەرەبن هاریکاریان دەکەن .

سەرەکی بەڕێز . . . ئەوانەی کە خۆیان فرۆشتووەو بوونەتە بەکرێگیراوو دار دەستی بێگانە هەرگیز عێراقی نینو چارەنووسیان دەبێتە چارەنووسی ئەو درۆزنانەی کە بەکرێیان گرتوون .

سەرشۆڕیی و مردن بۆ ئەوان و سەربڵندیو پایە بەرزییش بۆ گشت ئەو دلسۆزە شەریفانەی کەڕوو بە ڕووی دوژمن وەستان و دەرسێکی لەبیر نەچووەوەیان دادان . سلاوی پڕشکۆو گەورەیی بۆ هەموو شەهیدانی قادسیەی صدام و سلاوی بۆ شانازیو ستایش بۆ سەرۆکی بەڕێزتان و سەرکردایەتییە مەزنەکەتان ، بەڵێنیش بێ کە هەمیشە سەربازێکی بەوەفابین و ئامادەی خۆبەخت کردن و بەرگریکردن بین لەخاك و یەکێتی عێراق ، ئیتر بۆ پێشەوە .

دەستەیەکی نوێ جەنگاوەرانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دەچنە ئوردوگای مەشق بۆ بەشدار بوون لە جەنگی شەرفەندیدا

یەکشەممەی ڕابردوو دەستەیەکی نوێ لە جەنگاوەرانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان چوونە یەکێك لە ئوردوگاکانی مەشق کردن تا ئامادە بن بۆ ئەوەی شەرەفی بەشداری کردن لە جەنگی قادسیەی صدامی پیروزداوەربگرن .

بەڕێز عبدالستار طاهر شریف سکرتێری لێژنەی مەرکەزی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کاتی چاوپێ - کەوتنی بە جەنگاوەرەکان پەیمانی بە سەرەکی فەرمانده صدام حسین دا کە بەردەوام بن لە ناردنی جەنگاوەران تا ڕژێمی فارسی ڕەگەزپەرست مل کەچ دەبێتو دان بە مافی ڕەواماندا لە خاك و ئاوماندا دەنێت .

هەروەها ووتی ئەم دەستە تازەیە لە جەنگاوەرانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دەچنە ریزی جەنگەوە بۆ بەرگری کردن لە خاك و ئاوو دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموز .

هەر وەها بەڕێز عبدالستار طاهر شریف دووپاتی کردەوە کە پارتەکەمان ، پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دۆستی ستراتیژی حزبی بەعسی عەرەبی شۆشیالیستی باوەری وایە ئەرکی گەورەی سەر شانیەتی بە خوێنی هاوڕیانی قوربانی بدات لە پێناوی نیشتیمان و گەل ، خوێنی پاکی عەرەب و کورد کە لە ڕابردوودا لە سەر خاکی فەلەستینەدا ڕژاو ئێستاش لە جەنگی قادسیەی صدام دا دەڕژێت تاسەر نیشانەی یەکێتی نیشتیمانیمانەو وەك نیشانەی یەکگرتنی تێکۆشانی هاوبەشیمان دەمێنێت .

هەر وەها ووتی ئەم ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو ڕژێمی خومەینی ئەلقە لەگڕیو لەوانەی خیانەتیان، لە گەلی کورد کرد ناتوانن، یەکێتی نیشتیمانیمان بشێوێنن .

هەر چەند جەنگ بەردەوام، بێت یەکێتیو یەکگرتنی تێکۆشانمان زیاترو گەورەتر دەبێت .

هەر وەها لەو چاوپێکەوتنە، بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو لێژنەی مەرکەزی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ئامادە بوون .

ڕیزەکانی جەماوەر بەردەوامن لە دەربڕینی ئامادەیی تەواویان بۆ بەشداری کردن و خۆبەخت کردن لە جەنگی شەرفەندیدا

ڕیزەکانی جەماوەری گەلی نەبەزی عیراق بە گوردو عەرەبەوە ، بەردەوام ڕوودەکەنە بارەگاکانی ڕێکخراوە جەماوەریو خزبیەکانو ئامادەیی تەواو پیشان دەدەن بۆ چوونەریزی هێزە خۆبەختکەرەکانو بەرگری لەسەربەستیو سەر - بەرزیو ولات دژی چاوچنۆکی فارسە ڕەگەزپەرستەکان .

سلێمانی

مووچەخۆرو کرێکارانی بەڕێوەبەرایەتی پەلەوەرگەو کارگەی ئالفی سلێمانی ئارەزوو ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ دەستکەوتنی شەرەفی بەشداری کردن لە جەنگی پیرۆزی قادسیەی صدامدا . لەکۆتایی ئەو کۆڕە فراوانەدا کە نەقابەی کرێکارانی کشتوکاڵ گێڕای لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتیدا بروسکەیەك بەرزکرایەوە بۆ سەرەکی پێشەوا صدام حسینو لەو بروسکەیەدا کرێکارانو مووچەخۆران بەڵێنی ئەوەیان تازەکردەوە کە سەربازی بەوەفابن بۆ پاراستنی خاکی نیشتمانو شۆڕشو دەستکەوتە مەزنەکانی .

ئەم کۆڕە کە هاوڕێ لێپرسراوی مەکتەبی کرێکارانی سەرۆکایەتی لقی حزب لەسلێمانیو سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران و ئەندامەکانی مەکتەبی نەقابەی تیا ئامادەبوون لە بارو ناوەڕۆکی جەنگو ئەو سەرکەوتنانە کولی یەوە کە هێزە پاڵەوانەکانمان دەستیان کەوتوە بە سەر دوژمنی ڕەگەزپەرستدا .

هەروەها کۆڕەکە باسی ئەو ئەرکە خەباتکاریانەی کرد کە لەم کاتەی ئیستادا لەبەردەم جەماوەرمانایەو دەوری چینی کرێکار لە پشتگرتنی پێویستی جەنگو پتەوکردنی سەرکەوتنەکان .

لە کۆتایی کۆڕەکەدا ئەو دیاریانە دابەشکران کە مەکتەبی نەقابە تەرخانی کردبوون بەسەر ٣٩ کرێکارو مووچەخۆردا لەوانەی هەوڵی دیاریان داوە لە زیادکردنی بەرهەمدا .

هەولێر

پێشڕەوو نەوجەوانو لاوانی پارێزگای هەولێر لە گەورەترین کۆبوونەوەی لاواندا ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ چوونەناو ڕێکخراوە فیدائییەکانەوە بۆ دەستگیربوونی شەرەفی بەشداری کردن لە جەنگی پیرۆزی قادسیەی صدام دا بە توندی داوای ئەوەیان کرد بێڕرێن بۆ بەرەکانی جەنگ بۆ شەڕکردن لەگەڵ فارسە دوژمنە ڕەگەزپەرستەکانداو بۆ ئەوەی دەرسێکی وایان بدەنێ لەبیریان نەچێتەوە .

پارێزەری هەولێر وتارێکی لە کۆبوونەوەکەدا داو تیایا سلاوی لە گیانی خەباتگێڕانەی لاوانی شۆڕشو دەوری کاریگەرانەیان کرد لە جەنگی قادسیەی صدامو ئامادەییان بۆ خۆ بەختکردن لەپێناوی سەرکەوتنی زۆرترا .

ئەنجا هاوڕێ ئەمینداری مەکتەبی قوتابیو لاوانو ئەندامی مەکتەبی ڕابەراندن لە یەکێتی گشتی لاوانی عیراقو سەرۆکی لقی یەکێتی لە پارێزگە سەرو وتاریانداو ئیایانا ئەوەیان دووپات کردەوە کە دوژمنە فارسەکان بە هێرش بردنە سەر ولاتمان ئەڵقەیەکی زنجیرەی پیلانە ئیمپریالیەکانیان جێبەجێ کرد دژی شۆڕشەکەمان .

هەروەها وتارەکان سلاویان لە سەرکەوتنەکانی سوپا قارەمانەکەمان کرد بە سەرۆکایەتی شۆڕە سواری نەتەوە سەرەك صدام حسین لە جەنگی قادسیەی دووهەمدا کە قوڵی ئەو بەیەکاچوونەی ڕوون کردەوە لەنێوان جەماوەرداو ئامادەیی هەمیشەیی پیشاندا بۆ قوربانیدان لەپێناوی بیروباوەڕو سەربەرزی نیشتمانیدا .

بەشدارەکانی کۆبوونەوەکە لە بروسکەیەکدا بەڵێنیان تازەکردەوە بۆ سەرەك صدام حسین کە بەسەربازی بەوەفا بمێننەوە بۆ بەرگری کردن لە سەربەرزی نیشتمانو پارێزگاری کردن لە دەستکەو - ئەکانی شۆڕشە مەزنەکەمان .

● ڕۆژی هەینی کۆڕێکی نەقابی لەقەزای هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانی بەستراو تیایدا باسی پێویستی یەکانی خەباتی ئێستاکرا . لە هەمان کاتیشدا میلاکەکانی کرێکاران ئامادەیی خۆیان بۆ هەڵگرتنی چەك و بەشداری کردنیان لە سەرکەوتنەکانی قادسیەی صدام ، ڕاگەیاند .

● عەمیدو مامۆستا کانی کۆلیجی زانیاریو پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەدینو ئەوانەی تیایدائیش دەکەن لە کۆڕێکدا کە ڕۆژی هەینی بەسترا ، ئامادەیی خۆیان بۆ بە دەستهێنانی شەرەفمەندێتی بەشداری کردنیان لە جەنگی پیرۆزی دژ بە فارسە ڕەگەز پەرستەکان ڕاگەیاند . هەروەها لە کۆڕەکەدا باسی بارودۆخی خەباتی ئێستاو پێویستییەکانی پشتگیری - کردنی جەنگو پتەوکردنی سەرکەوتنەکانی ، کرا .

● لە لایەکی ترەوە سەرەکو ئەدامانی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی وەرزشی هەولێر داوایان کردووە کە ڕێگەیان پێ بدرێت بچنە ڕیزی سوپاوە بۆ ئەوەی بەشداری لە جەنگی پیرۆزی دژبە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن بکەن .

ڕاپۆرت

دەربارەی ڕۆشنبیری کرێکاران

هەوڵی ڕۆشنبیرکردنی کرێکاران لە ئەمڕۆی عێراقی شۆڕشدا یەکێکە لە مەبەستەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش کە ڕاستەوخۆبە یەکێك لە هۆکانی زۆرکردنو چاککردنی بەرهەم دەژمێردرێت .

ئەمەشی دەقاودەق کەوتوەتە سەر شانی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران، بۆ ئەم مەبەستەش لە پارێزگای سلێمانیدا هەر وەك پارێزگاکانی تری وڵات مەڵبەندی ڕۆشنبیری کرێکاران ئەم ئەرکە بەجێ دەهێنێت .. لەم ڕوەشەوە مەڵبەندی ناویراو لەم ڕۆژانەدا دەورەیەکی تایبەتی بۆ ڕۆشنبیرکردنی ژمارەیەکی تر لە کرێکارانی سلێمانی کردەوە کە بە دووەم دەورەی ئەمسالیان دەژمێردرێت ... لە دەورە کەدا نزیکەی (٢٥) کرێکاری ژنو پیاو هاوبەشیان کردوەو ماوەی (٣) هەفتە دەخایەنێتو تیایدا بەردەوام چەندەها وانەی جۆر بە جۆریان پێدەوترێتەوە ، لەوانەشی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دۆخی ئەمڕۆی وڵاتەکەمانەوە هەیە تایبەتییە بە ڕوونکردنەوەی مەبەستی دەست درێژی - یەکانی فارسە ڕەگەزپەرستەکان بۆ سەر خاکی نیشتمانمانو کێشەی نێوان گەلانی عەرەبو زایۆنیزم ... ئەمانەو شی کردنەوەی فەرمایشتە - کانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین . . . هەروەها ئەو یاسایانەی کە بۆ کرێکارانی ئەمڕۆی عێراق دەرچوون لەگەڵ پێناس - چەند وانەیەکی تر دەربارەی کردنی بیری عەرەبی شۆڕشگێڕو نیشتمانی عەرەبو لە گەڵیانا باس کردنی دەوری ڕێکخراوە نەقابییەکانو دەست نیشان کردنی چۆنیەتیو دۆخی ئیش کردن لە کارگەکانداو مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو ئامێروشتو مەکانەی کە کرێکاران پێویستە لە کاتی ئیش کردنیاندا بەکاری بهێنن .

شایانی باسە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کرێکاران لە سلێمانی تا ئێستا ٦٩ دەورەی لەم چەشنە دەورانە کردوەتەوەو زیاتر لە هەزارو ٥٠٠ کرێکاری ژنو پیاو هاوبەشیان تیا کردوە . . . هەروەها لە ساڵی ئەمسالیشدا بریار وایە کە لەم مەڵبەندەدا نزیکەی (١٠) دەورەی تر بکرێتەوەو ژمارەیەکی زۆر کرێکار هاوبەشی تیا بکەن . . . شایانی باسە لە کۆتایی هەر یەکێك لەم دەورانەدا دیاریو ڕێزلێنانی تایبەتی بەسەر تێکڕای هاوبەشانی دەورەکەدا لە لایەن مەڵبەندەکەوە دابەش دەکرێ جگە لەوەشی ئەوانەیان بە پلەی سەر - کەوتوو دەورەکان دەبرن سوپاسی نامەیان بۆ شوێنی ڕەسمی ئیش کردنیان پێدەگات .

فریا عبدالله حسین
نوسینگەی سلێمانی

لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە سلێمانی

گەلی کورد جەنگاوەری دلسۆزو بەوەفای سەربەستیو سەربەرزی عیراقو کاروانی شۆڕشگێڕانی سەرکردایەتی سەرکەی فەرماندە "صدام حسین"ە

کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورە لە سلێمانیدا ڕێکخراو پارێزەری سلێمانی وتارێکی تیا خوێندەوە. لە وتارەکەیدا پارێزەر سلاوی لەو گیانە خەباتکارە بەرزەو ئەو ویستە پتەوەکرد کە لەو هەستەنیشتمانپەروەری بەدا دەرکەوت کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە پارێزگادا دەریانبڕی .

پارێزەر ئەوەی دووبارەکردەوە کە پێشەوایەتی حزبو شۆڕش بە سەرۆکایەتی سەرەك صدام حسین شانازی بە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمانو ڕۆڵەکانی پارێزگای سلێمانی ئەکەنو سەرەك بە ڕێزەوە ئەڕوانێتە ئەو گیانی هەڵمەتو قوربانییەی کە ڕۆڵەکانی سلێمانی هەیانە لە ڕووکردنیانا بەرەو بەرەگاکانی حزبو ڕێکخراوە جەماوەری یەکانو بارەگای پارێزگە بۆ ئەوەی ببنە فیدائی لە ڕێکخراوەتایبەتییەکانی گیان بەختکردنداو تا ئیستایش ژمارەی ئەو فیدائییانە گەیشتوەتە (٥٠) هەزار .

ئەنجا پارێزەر باسی دەستدرێژی فارسە ڕەگەزپەرستەکانو ئامانجو هەستە چڵێسەکانیانی کرد بەرامبەر وڵاتەکەمانو وتی جەنگەکەمان ئیستە جەنگی هەموو گەلی عیراقە بەرامبەر بەو دەشدرێژییە کە ئیمپریالیزمو زایۆنیزم نەخشەیان بۆ کێشاوەو فارسە دەستدرێژیکەرەکان جێبەجێی ئەکەن .

دوای ئەوە پارێزەر وتی پتەوی یەکێتی نیشتمانیو بەیەکاچوونی گەلەکەمان بەعەرەبو کوردو نەتەوەکانی - ترەوە کۆبوونەوەی بەتینیان بەدەوریی پێشەوا مێژوویی یە ئازاکەی سەرەك صدام حسین دا توانای گەلەکەمان دەرنەخا بۆ جێبەجێ کردنی هەر نەرکێکی نیشتمانیو نەتەوایەتیو دەستخستنی سەرکەوتنی تەواو بەسەر فارسە ڕەگەزپەرستەکانا .

ئەنجا هاوڕێی ئەمینداری سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سلێمانی وتارێکیداو تیایا سلاوی لەو جەماوەرە کرد کە کۆبوونەوەو وتی ئەم کۆبوونەوە گەورەیە ڕۆڵەکانی کوردی شاری سلێمانی ئاوێنەی ئەوو وتارەی سەرەکە کە باسی گەلی کوردمانو بە تایبەتی پارێزگای سلێمانی کرد .

هەروەها وتی بە هاتنتان بەدەم بانگی نیشتمانەوەو بڕبڕکێتان بۆ ناونووسین بۆ بەشداری کردن لە جەنگی سەربەزیدا بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان ئەوەتان سەلماند کە ئێوە نوێنەری پاڵەوانیو کۆشنو نمونەیەکی سەربەرزی گەورەیی گەلی کوردمانن .

هاوڕێی ئەمیندار بە شانازییەوە باسی ئەو دەورە پاڵەوانییەی کرد کە ڕۆڵە کردوەو وتی بیروباوەڕو شۆڕشو باوەڕ بە پێشەوایەتی سەرەکی بێهاوتا یەکی خستوون بە جۆرێکی وا مرۆڤ لە عیراقی تازەدا جەنگاوەرێکی بێنموونەیە لە ئازایەتیو باوەڕدا بەو سەرکەوتنەی کە هەرئەبێ بێتەدی .

لەدواییشدا سەرەکی لقی یەکێتی گشتی لاوانی عیراق لە سلێمانی وتاری ڕێکخراوە پێشەیی و جەماوەریی یەکانی خوێندەوە. ئەم وتارەیش خۆشەویستیو شانازی جەماوەری پارێزگای دەربڕی بەرامبەر بە پێشەوای ڕەوتە تاقانەکەمان سەرەکی تێکوشەر صدام حسینو سەرکەوتنەکانی سوپاکەمان بەسەر فارسە ڕەگەزپەرستە - کەی دوژمناندا .

نوێمین یادی سەرکەوتنی بڕیاری مێژوویی خۆمالی کردنی نەوت

پێش چەندرۆژێك لەمەوبەر نوێمین یادی مل کەچ کردنی کۆمپانیای مۆنۆپۆلی نەوتی عیراق بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە خۆمالی کردنی نەوتی باکووری وڵات کە لەیەکی ئاداری ١٩٧٣دا دەری کرد تێپەڕی .

خۆ بەدەستەوەدانی کومپانیاکە ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی ئەمەش دوای ئەوبەرەو ڕووبوونەوەیە ئازاو پتەوانەی هەڵوێستی سیاسی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش نواندیو کومپانیایەکەی نایەبەردەمی واقیعو کەلك وەرگرتن لەو شتانەی بڕیاربوو بخرێنە بەردەمی نەك هەموو شتێکی لەدەست بچێو دوای ئەوەشی هەموو هەرەشەی تاڵان کردنی کردوو تەقەللای سەرنەکەوتوانەی دا بۆ ئەوەی نەچرونە بازاڕی نەوتی عیراقو ترساندنی ئەوانەی ئەیکڕن .

عیراق توانی بۆ هەموو جیهانی دەربخات لە لایەکەوە ئەم بریارەی ڕاستەو لەلایەکی ترەوە بۆ کرێارانی نەوتی دەرخست کە بۆ قازانجی خۆیان وا باشە یەکسەر ڕەفتار لەگەڵ عیراقدا بکەن .

جەنگی ئەم خۆمالی کردنی نەوتە جەنگێکی ئاشکراو بڕۆز بوو کە گەلی عیراقمان بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کردیو کەلە ساڵی ١٩٤٧وە لە کۆنگرەی دامەزراندنیاداوای لێدانی قازانجی ئیمپریالییەکانی کرد .

هەروەها شۆڕش لەعیراقدا لە سەرەتایەدا هەستی بە بارستەی ئەوزیانە کرد کە ئەنجامی وێرانکاری کومپانیا مۆنۆپۆلەکان لە ڕەفتاری سیاسیاندا ئەیکەن تووشی سامانی نەوت ئەبێ .. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بۆ ئازادکردنی ئەم سامانەو بەکارهێنانی بۆ بیتاکردنو گەشەسەندنو پەرەپێدانی گشت لایەنیکی شارستانی قۆڵی لێ هەڵکرد .

سەرکردایەتی حزبو شۆڕش زامنی سیاسیو ئابوورییو میللی بۆ بردنەوەی جەنگی خۆمالی کردنو وەدەستهێنانی سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو دوای ئەوەی کە هەنگاوی سەرەتایی بەشەکانی باکوورو ڕومەیلەی ئامادە کرد .

هەروەك لە جەنگی نەوتو نیشتمانیو نەتەوەییەکانی پێشوودا چۆن دلێرانە بەرامبەر بە دوژمن ڕاوەستا .. ئەمڕۆش گەلەکەمان لە جەنگی ئیستایدا لەپشت سەرکردایەتیە پێشڕەوەکە - یەوە لەسەرو هەمووبانەوە کە پاڵەوانی سەرفراز کردنی نەتەوەیی بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بەهێزێکی زیاتر پتەوو بەوبەری سووربوونەوەبۆ بەرەنگاری کردنی ئیمپریالیزمو زایۆنیو فارس بەهەموو داواکردنو ئازایەتیو تواناوە بۆ گەڕانەوەی خاك و ئاوی زەوت کراوی عیراق ڕائەوەستێو داستانی پاڵەوانێتیو خۆبەختکاری بەرز وەدی ئەهێنێو دەستی کوشندە لەدوژمن ئەوەشێنێ .

Institut Kurde de Paris



جەنگاوەر :
حسین سید ابراهیم پشدری
کەرتی عبادان

دایە دڵخۆش بە کە وا ڕۆڵەکانت
شەڕ ئەکات لە سەر وڵات و میللەت
خوشکان ئازیزان خۆ ئیوە وریان
نالەکان تەپ بکەن ڕووەت بە گریان
ئیمە بۆ خاك و بۆ گەل ئەکوژرین ئێمە
بۆ سەربەرزیمان بە رگوللە ئەدرین
ماوەی چەند ساڵی لای ئیوە ئەبوارد
خۆم بە باوەڕی بەرز و گەش سپارد
جا ئەگەر هاتوو نەگەڕامەوە
دیارە شەهید بوون گەلی دامەوە

له ڕۆژێکی مانگی ئابدا ، دەستبژێك کرا ، چەندلە کەنار بەرزاییەکانی- فیسنار -ی نزیك بە شاری - غەرناتە گولەیەکی سوور ، وەك گۆرانیە سەر کەشەکانی قەرەج ، سنگو بەرۆکی شاعیرێکیان پێکا . ئەو بەیانە شاییەکی خوێناوی تیا گزنگیدا ، خوێن تازەدەستگیرانی - فیدریکو گارسیا لۆرکا - ی سەرچۆپی کێش بوو ، کە بە دەم پێهەڵنانەوە گۆرانی چەمەری ئەوت و زەماوەندەکەیشی تا دەهات گەرمژ دەبوو ، گۆرانیەکە باسی لە دێرزە -

ئەو ڕۆژەیان ئەری پیرۆزن بێت وەریا

لۆرکا

١٨٩٨ - ١٩٣٦

ڕەئووف بێگەرد

مانێك دەکرد ، کاتێك سوارەکان تاوزەنگیان لە ئەسپی کوێتی خۆیان دەدا، ئەسپ کلکی دەکردە ڕەو ملی دەبووە ئاڵا ، بە کەنار ڕووبارو ، لە دەشتە بێ کۆتایە کانەوە سەریان هەڵدەگرت ، لە دامێنی چیاوە بە ڕێگای پێچو لوول خواردوا سەردەکەوتن ، کە دەیش گەیشتنە کەمەری شاخ ئیستێیان دەکردو بەرەو دامێن دەیان ڕوانی، کاروانی - قەرەجانە- بان بەدی دەکرد ، ئەمانیش تێیان هەڵدەکردە گۆرانی ، گۆرانیان بۆ سەربەستی دەوت . ئاخۆ ئەوانەی خوێنی لۆرکایان ڕشت بوون ؟ با ئەوان لە چاوی خۆیانەوە بڕوانن کارەکەیان، بەڵام - نیرودا - ی شاعیری گەورە دەڵێت :

(ئەوانەی ویستیان بە گوللەباران کردنی لۆرکا دڵی میللەتەکە بێێکن هەڵەیان لە هەڵبژاردنەکە نەکرد)

کوشتنی لۆرکا واتا دەست خستنە بینی ئازادیو ، خنکاندنی گیانی سەربەستی گەلی ئیسپان، لۆرکا چ وەك شاعیرێکی هەڵکەوتوو ، چ وەك تێکۆشەرێك ، توانی سنووری وولاتەکەی ببڕێتو ببێتە ڕەمز ، ڕەمز لە گشت زەویو لە ناو هەمرو گەلێکدا .

شیعری لۆرکا لە قووڵایی گیانی نەتەوەکەیەوە سەر هەڵدەدات ، مێژوو نەریتو کەلەپووری کردۆتە سەرچاوەی بەرهەمی ، بۆیە ناوی لۆرکاو ئیسپانیا پێکەوە دێن ، وەك ڕەخنەگر - داماسۆ ئەلنسو- دەڵێت: (لۆرکا واتا نەتەوەی ئیسپان) ، لۆرکا ویستی ببێتە دەنگی هونەری ئیسپانیاو ئامانجەکەیشی هاتەدی ، ئەگەرچی شیعری لیرکو زاتی مۆرکی کەسایەتیەکی تایبەتی هەیە ، بەڵام ئەو توانی گیانی ئەندەلوسو ئیسپانیای خۆی ئاوێتە بکات .

لۆرکا بێجگە لەوەی شاعیرێکی گەورەیە ، بەهرەمەندێکی پیانۆ زانو وێنە کێشێکی بە توانایش بووە ، هاوڕێی هونەرمەندی نیگارکێش جیهانی - سلفادوردالی - بووەو شیعری بۆ وتووە .

بەکەم پێشانگای سالی (١٩٢٧) لە شاری - بەرشلونە - کردەوە ، سالی (١٩٢٨)یش یەکەم چاپی دیوانی - گۆرانی قەرەجەکان-ی بڵاو کردەوە، کە بەهۆیەوە لە ماوەیەکی کەمدا چووە ڕیزی هەرە ناودارترین شاعیری ئەم سەردەمە .

لەم شیعرە لیرکیەدا ڕەگەزی گۆرانیە فولکلۆر - یەکانو ، نەریتونەفسانە تێکەڵ بە هەڵویستی درامی دەبێتو ، ئوسلوبێکی نوێ پێك دێنێت .

لە شانۆی شیعریدا ، لۆرکا بە یەکێك لە بەهرەمەندترین نووسەر دادەنرێت کە توانیویە شارەزایانە شیعر بۆ کاری درامی بە کاربێنێت ، هەموو شانۆگەریەکانیشی لەم بابەتەن ، ئەگەرچی لای ڕەخنە گرەکان تەنیا دوایینان - شایی خوێن - و - ماڵی برناردالبا - بە لووتکەی ئەم جۆرە شانۆگەریانەدا دەنرێن .

بایەخدانی لۆرکا بە شانۆ لە ساڵەکانی ١٩٣٣ - ١٩٣٤ وە دەستی پێکرد کە توانی تیپێکی شانۆیی دروست بکاتو ، هەندێك شانۆگەری کلاسیکی ئیسپانی بخاتە سەر شانۆ ، پاشان خۆیشی کەوتە نووسینی شانۆ .

لۆرکا لەبارەی شانۆوە دەڵێت : (شانۆ بە هێزترین دەربڕینو کاریگەر ترین شەیە ، گرنگی کارەکە دەردەخەن کە - مردن - ە واتا بەردەوامی مەرگە لە چوونو هاتنەوەیدا ، نەك بۆ جێگایەکی ئاشکرا کە ئەو ماڵە بێت شاعیر باسی لێوەنەکات ، بەڵکوو لە ژیانی مرۆڤداو کاری شاعیرا .

لە شانۆگەریە هەرە ناو - دارەکەیدا - شایی خوێن- کە ساڵی ١٩٣٣ نووسیویەتی ، ئەم لایەنە گەلێك دیارتر دەردەکەوێت ، کە درامای مەرگێکی ناوەختو کارەساتێکی خوێناوی کوژرانی دوو لاوی ئەوین دارو سەرە ڕۆیە .

لەم شانۆگەریەدا مەرگ خۆی پێچاوەتەوە بەبەرگی پیرێژنێکی سوالکەرەوە ، پێ بە پێی ڕووداوەکان دەڕوات ، تەنانەت لەوکاتەدا کە زەماوەند دەگیرێت ئەو مۆتەکەیەو دۆخی بارەکەی لە ژێر ڕکێفدایە ، چارەنووسی هەردوو لاوەکە دەخاتە ژێر دەستی ، بۆ بەکتر کوشتنی هەڵیان دەنێت ، تا هەر دووکیان دەکاتە قوربانی ، لە شانۆگەری - ماڵی برناردالبا -بشدا ، - دون برلیمپلین -ی زاوا لە پێشی - بیلیساری بووکدا خەنجەرێك لە سنگی خۆی ڕۆدەکاتو دەمرێت . هەروا لە شیعری - سماکەری مەرگ -بشدا مردن دەمامکەی خۆی کردەوەو بە دوای ژیاندا دەگەڕێت .

ئەم ڕوو لە مەرگ کردنەی لۆرکا ، ئەو هەستە بەژانەیە کە هەرخۆی لە تەمەنی لاویدا پێی گەیشت .

مەرگ گەڕیدەیەکی بێدەنگ بوو ، بە ئەندازەی خۆشەویستی لۆرکا بۆ ڕەنگ ئەویش خۆی ئەگۆڕی، دەمێك سورو جارێك شین، دەمێکی تر دەبووە گەلا سەو -زەکانی شیعری لۆرکا ، شیعری خۆشەویستیو مەرگ ، تا لەبەرە بەیانێکا ئەوینو مەرگ دەستیان گرت ، ئەوسا گیانی شاعیرێکی تری ناکام بەرز بوەوە ، بووە گیانە هەرە پاکەکان کە هەمیشە لە شیعری جوانو شانۆی گەورەو ڕێگای تێکوشاندا ئەبێتە سێبەر ، ئەوسا تەمەنی لۆرکا (٣٨) ساڵ بوو .

ئامرازی ڕووناکبیر کردنی نەتەوەیە ، بارۆ مەترێکە گەورەیی نەتەوە یان توانەوەی دەردەخات ، ئەو شانۆیەی بە چاکی بە کاردێت لە توانایدایە لە ماوەی چەند ساڵێکدا مەودای هەستی گەل بگۆڕێت) .

هەروەها دەڵێت : (شانۆ قوتابخانەی پێکەنینو گریانە، مینبەرێکی ئازادە کە خەڵکی ئەتوانێت لەوێوە ڕووی ڕاستی ڕەوشتی نابووتو گەندەڵەکان ببینێتو ، نموونەی نەمرو زیندویش لە دڵو هەستی مرۆڤا جێ- بهێڵێت) .

لە زوربەی بەرهەمی لۆرکادا ، لە شیعرا ، لە شانۆدا ، هەست بە مردنێکی خوێناوی دەکەین ، وەك - ڕوی کامبل -ی شاعیر دەڵێت :

(لۆرکا لە هەموو هونەرمەندێکی ئیسپانی سەردەم قووڵتر هەست بە مردن دەکات) .

- پیدرو سالیناس-یش لەم لایەنەوە دەڵێت :

(جیهانی شیعری لۆرکا ئەکەوێتە ژێر تەنیا دەسەڵاتێکەوە کە ئەویش مردنە)

لۆرکا لە شیعرێکیا کە باسی ماڵێك دەکات دەڵێت (مەرگ دێتە ژوورێو دەچێتەوە دەرێ ، پاشان دەچێتەوە دەرێو دێتەوە ژوورێ) ئەم جێگاگۆڕێ بەوو

فلکلۆر :

حەیرانوکەك

زۆزانا بێمو زۆزانا شینە
ڕەوشا زۆزانا سەرەکانینە

× × ×

دێ زۆزانا بێمو زۆزان چارن
ڕەوشا زۆزانا ئافێت سارن

× × ×

زۆزانا بێمو زۆزان سێنە
ڕەوشا زۆزانا پەلیتێت بەفرێنە

× × ×

حەیران چینە زۆزانا پێکفە
داکە پرۆکا چێکەن سەرێك فە
ئەکومە ساربو دێخو کێشینە بە ڕێکفە

× × ×

دێ میسل بێمو جسرێ بەستی
حەیرانێ تێتو قەلەمێ د دەستی
خوزی من زانیبا دامن خەلەکەك
چێکربا کربا دەستی

× × ×

حەیرانا بێمو حەیران جەسەنە
وەرە مالامە ڕوینەو ندکەنە
خەلك شەیتانە شکاژمە دبەنە

× × ×

کمال یاسین محمد

ستراناشەمسیخانێ

نذیر محمد

١ - شەمسیخانێ جانێ تەبزمەتێلێ
دێ تۆ بەرێ خۆە بدێ
نانکێ نەسووت لسەر سێلێ
تەئەز سووتم ئەز حەلاندم
بەسی ڕوندکا ببارینە
هەجەتا دولێلا ئەفێ سێلێ

× × ×

٢ - ئەمان ئەمان شەمسیخانێ
تەبەژن بلندێ لینا دارێ حەیزدرانێ
ئەڤ شەڤ شەڤا خەنا دانێ
تەئەز سووتم ئەز حەلاندم
شەڤا تاری بسك بادانێ

Institut Kurde de Paris

بیابانیش هەمیشە بەرەو لا بەرەو دەستەوە

جاران وا دەزانرا کە بیابان بریتیە لە زەویەکی فراوانی پڕ لە درکو داڵو بێ خێرو بێر ... بەڵام لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا سەرنجی جیهان دەربارەی بیابان گۆڕاو خەڵکی بە زۆری چاویان لە بەرهەمو خێرو بێری بیابان زیت کردەوەئەوە بوو ئاشکرا کرا کە بیابان سەرچاوەیەکی گەورەو لە بن نەهاتووە بۆ دەسکەوتنی وزەی هەتاو...



هەر وەها تاقیکردنەوە سەلماندی کە گەلێ لە رووەکەکانی بیابان سەرچاوە - یەکی گەورەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ کەلکیان لێ وەربگرێ ... بۆ نموونە لە بیابانەدا جۆرە رووەکێك دەڕوێ پێی دەڵێن (هۆهۆبا) ئەم جۆرە رووەکە تایبەتیو بە زۆری لە بیابانەکانی خوارووی رۆژ -هەڵاتی ئەمەریکاو مەکسیك دەڕوێن ... تۆوی ئەم رووەکە وەکو بەرهەمێکی کشتو کاڵی هێنراوەتە مەیدانی چاندنو گەلێ کێڵگەی تایبەتیان بۆ سازکراوە . . . شایانی باسە لەم رووەکە جۆرە رۆنێك دەردەکرێ زۆر بایەخدارەو بە تەواوی لەو رۆنە دەچێ کە لە لەشی نەهەنگی کەلەبدار دەگیرێ . . . سوودی ئەم جۆرە رۆنەش لە بواری تەندروستی مرۆڤدا زۆر زۆرە . . . دەبێ ئەوەش بزانین دۆزینەوەی ئەم جۆرە رۆنە لە رووکی - هۆهۆبا - دا نەهەنگی کەلەبدار لە قڕبوونو لە ناوچوون دەپارێزێ ... چونکە لەباتی ئەوەی ئەو رۆنە لە لەشی ئەو جۆرە نەهەنگە دەربکەن لە رووکی - هۆهۆبا - دەری دەکەن.. ئەبێ ئەوەش بزانین هەر لە کۆنەوە هیندیەیە سوورەکانی ئەمەریکا کەلەك و قازانجی ئەم جۆرە رووەکەو تۆوەکەیان زانیوە ..بۆ نموونە لە باتی دەرمان بۆ بەهێزکردنی لەش و مووی سەر بەکاریان هێناوە ... هەر وەها خواردووشیانە .. . جگە لەوە تۆوەکەیان بۆ چارە سەرکردنی دوومەڵو نەخۆشی پێست و سووتانو برین بەکار هێناوە . . . هەر وەها وەکو گەلا چایی لەگەڵ ئاودا کولاندویانەو بۆ هێدی کردنەوەی ئازاری لەشیو ژانەسك و ژانی منالبوونی ئافرەت بەکاریان هێناوە ... جگە لەوەش بەسوێرا کراوی تۆوەکەیان وەکو چەرەز خواردوە ..

سالی - ١٩٢٥ - لە - ئەریزونا - ئەم رووەکە لە کێڵگەی تایبەتی داچێنراو لە ساڵی - ١٩٣٣ - دازناکان سەلماندیان کەرۆنی ئەم رووەکە لە رۆنی نەهەنگی کەلەبدار دەچێ ... ئەم رووەی واتا رووەکی -هۆهۆبا- لە سێ پێوە تا شەش پێ درێژ ئەم جۆرە رۆنە ... واتا رونی رووەکی -هۆهۆبا - بۆ خستنەکارو ئێشی پێکردنی مەکینەو ئامێری گەورە گەورە بە کار دێ... هەر وەها لە دروستکردنی لاستیکو مەرەکەبو بنێشتو گەلێ شتی تریشدا کەلکی لێ دەبینرێ ... تەنیا شتێك کە رۆنی رووەکی هۆهۆبا لەرۆنی نەهەنگی کەلەبدار جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە رۆنی هۆهۆبا وەکو رۆنی نەهەنگی کەلەبدار بۆن - دڕنی ماسی لێ نایە. ..

شایانی باسە ئەم رۆنە دەکرێ بە مۆمو هەر وەها لە دروستکردنی پەنسلیندا سوودی لێ وەردەگیرێو تۆوەکەشی پرۆتیشێکی زۆری تیایەو گومان وایەکە جۆرە ئالیکێکی بە سوودی لێبێتە بەرهەم بۆ مەرومالاتو گاوگۆتاڵ ..

وەرگێڕانو ئامادەکردنی : لەتیف هەڵمەت

زاناکانی گەردوون لەوباوەڕەدان کە بەشی هەرەزۆری ڕەوشتو نهێنییەکانی کۆمەڵەی خۆریان دۆزیوەتەوە جا لەبەر ئەوەئێستا توانای خۆیان ئاڕاستەی دۆزینەوەی جیهانە نەزانراوەکانی تر دەکەن .

جا ئەو پیلانەی کە زاناکان پەیڕەوی دەکەن لەم بارەیەوە بریتیە لەدوو بەش :

یەکەمیان : باش کردنی ئامرازەکانی چاودێری سەر زەویەو .دووەمیشیان : پەرەپێدانی هۆکانی چاودێریودۆزینەوە لە ڕێگەی مانگە دەست کردەکانەوە .ئەمەریکایی‌یەکانی بڕیاریان داوە کە لە سەرەتای ساڵی١٩٨٥ دا تەلەسکۆپێکی گەردوونی بنێرن بۆ چاودێریو وێنەگرتنی ئاسۆی جیهانە نەزانراوەکان. ئەم تەلەسکۆپەش قەبارەکەی مام ناوەندیە (تیرەکەی٢٫٤ مەترە) و توانای دیارکردنی ڕوونترین شێوەی جیهانە گەردوونی- یەکانی دەبێت بێ ئەوەی چینەکانی ئەتموسفیری دەوری زەوی کار لە ڕوونیوێنەکانی بکەن هەروەها ئامانجیش لەم تەلەسکۆپە چاودێری کردنی ئەستێرەی برنارد کە شەش ساڵی ڕووناکی لە خۆرەوە دوورەو بە نزیکترین هاوسێی کۆمەڵەی خۆر دادەنرێت .

« کۆمپیوتەر دژی جگەرەکێشان »

کۆمپیوتەر بەشداری دەکات لە هەڵمەتە پزیشکی‌یەکان دژی جگەرەکێشان . لە فەرەنسادا ، پرۆفیسۆر (سوبر) ترانیویەتی بەهۆی مێشکی ئەلکترۆنی‌یەوە وا لە جگەرەکێشەکان بکات واز لەو ڕەوشتە زیان‌بەخشە بهێنن.

کرداری ڕازی کردنەکەش لە ڕێگەی گفتوگۆ لە نێوان جگەرەکێشەکەو ئامرازی کۆمپیوتەرەکەوە جێبەجێ دەبێت ئەویش بە شێوەیەك کە کۆمپیوتەرەکە وەڵامی جگەرەکێشەکە لەسەر شاشەیەکی بچوك دەداتەوە . وە ئامرازەکە پاش وەرگرتنی زانیاری دەربارەی تەمەنو کێشی جگەرەکێشەکەو جۆرو بڕی ئەو جگەرەیەی لە ڕۆژێکدا دەیکێشێ ، دەست دەکات بە هەژمار کردنی بڕی گشت تووتنەکەو بەراورد - کردنی لەگەڵ کێشی جگەرەکێشەکە. ئینجا خشتەیەکی ڕاستو دروست دەدات بە دەستەوە تیایدا جۆری ئەو نەخۆشی‌یانەی کە لەوانەیە تووشی جگەرەکێشەکە بێتو هەروەها ڕادەی ترسناکی‌یان ، دیاری دەکات .

خشتەیەکی تریش دەربارەی خۆپاراستنو وازهێنان لە جگەرەکێشان، دەدات بە بە دەستەوە

« ئۆتۆمبیلی گوێگر »

کۆمپانیای (کەمبەف ئاکمین)ی فەرەنسی کە تایبەتمەندە بە دروستکردنی ئۆتۆمبیل بۆ پەککەوتەکان ، جۆرە ئۆتۆمبیلێکی خستۆتە بازاڕەوە کە بەڕاستی جیاکەرەوەی بێوێنەی هەیە . ئۆتۆمبیلەکە بە مێشکی ئەلکترۆنی بچوك پۆشتە کراوە بە جۆرێك کە بەس بێت بۆ ئەوەی کاتێك شۆفێرەکە بە دەنگێکی بەرز داوای کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبیلەکە بکات، یەکسەر لە ماوەی چرکەیەکدادەرگاکە بکرێتەوە .

وە کاتێ شۆفێرەکە لەسەر کورسی‌یەکە دادەنیشێ بە قسە داخوازی‌یەکانی ئاڕاستە دەکات ، بۆ ئەوەی ئامرازە ئەلکترۆنی‌یەکە قایشی سەلامەتی لە سەر سنگی دابنێتو مەکینەکە ئیش بێ‌بکاتو جامەکانی ئۆتۆمبیلەکە بسڕێتەوەوڕادیۆ بکاتەوە ئەم مێشکە ئەلکترۆنی‌یە دەتوانێ (٢٠)داخوازی جیاواز جێبەجێ بکاتو لە هەمان کاتدا دەنگی شۆفێرەکە لە یادی خۆیدا جێگیر دەکات بۆ ئەوەی تەنها بە قسەی ئەو بکاتو کەسی تر ، کە ئەمەش ڕێچەکی گرنگە بۆ بەرگری دژی دزی کردن . وە ئەگەر شۆفێرەکە وەستی ئۆتۆمبیلەکە بداتە دەستهاوڕێ‌یەکی ، پێویستە سەرلەنوێ داخوازی‌یەکان بەدەنگی هاوڕێکەی تۆمار بکاتەوە .

وە هەروەها ئەگەر بتەوێ لە هەر ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی‌دا ئەم ئامرازانە دابنێی (٢٥) هەزار فەرەنگی فەرەنسی تێدەچێت .

ژمێرەری بە مۆسیقا

لەم دوایی‌یەدا کۆمپانیای (شارپ) ئامرازێکی خستە بازاڕەوە کە ژمێرەری ئەلکترۆنیو ڕۆژژمێرو کات ژمێرە کەشناوی ( ) یەو زۆر جوانو سوکو بچوکە ، دووری‌یەکانی (٦٫٧ × ٨٫٥ × ١/١٤) یە کێشەکەی (٩٠) گرامە . لە سەر شاشەکەی لەناو بازنەیەکدا ڕۆژ ژمێرێکی مانگانە هەیە ، کە بە جۆرێکی وا ڕێکخراوە بەرواروڕۆژەکانی هەفتەی لە ساڵی (١٩٠١)ەوە تا ساڵی (٢٠٩٩)ی تیادایە . لە هەمان کاتیشدا سەعاتو خولەکو چرکەو بەرواری ئەو ڕۆژەی تێیدابیت دەدات بە دەستەوە .

بەشی سەرەوەی شاشەکە بۆ سەعاتو هوشیار کردنەوە بەکار دەهێنرێت ، هەروەها بەهۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانیت گوێ ڕابگری لە هەر ئاوازێك کە بتەوێت ، بۆ هەر ئۆتۆمبیلەکیش ژمارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە . لە هەمان کاتدا . دەتوانیت گوێ لە ئاوازی ژمارەکان ڕابگری بان ژمارەی ئاوازەکان بزانیت یان زنجیرەی ژمارەکان بزانیت لە ڕێگەی ئاوازەکانیانەوە . بەڵام ئەمەش پێویست بە گوێیەکی مۆسیقایی دەکات کە ئەویش دەتوانیت بەهۆی ژمێرەرەکەوە بە دەستی بێنیت .

پڕژمین

سەبرە یا جەختە؟!

لەناو خۆماندا ئەگەر کەسێك جارێك پڕژمێ .. دەڵێن (سەبری هانی) کەبوو بە دوو جار (ئەمەیان جەختە) .. بەم پێیە لە حاڵەتی (سەبر)دا ئارام دەگرنو ئەو کارەی دەیانەوێ مەبەسەری بکەن بۆ ماوەیێکی تر دوای دەخەن .. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا پەلەی لێدەکەنو کارەکەیان بە ئەنجام دەگەیەنن ..

ئەمەیان بەندو باوێکی کۆمەڵایەتیەو پێوەندی بە تاقیکردنەوەو گۆزەرانەوەهەیەو لێرەدا دەمانەوێ تەنیا لایەنی زانستیانەی پڕژمین‌ڕوون بکەینەوەو بەس :

- هەندێ جار کە لە پڕچاومان بە تیشکێکی بەهێز دەگەوێ دەپڕژمین ..

- هەندێ جاریش لە ئەنجامی سەرماو هەڵامەت (پەسێو)ەوە دەپڕژمین ..

- کاتێ کە هەر مادەیەکی‌نامۆ (تەپوتۆزو گەردو ... هتد) دەچێتە کونەڵووتمانەوەدەپڕژمین . .

- جاری واش هەیە بەبێ ئەمانە دەپڕژمین .. کە

بە حاڵەتێکی دەروونی‌دەڕژمێرێ .. یا ئەوەتا خۆمان دەمانەوێ بپڕژمین‌وهەندێ مادەی وەك تووتنو برنووتیو ... هتد دەگەینە کونەڵووتمانەوە .

پێشەکی با ئەوە بڵێین کە پڕژمین لە زۆر حاڵەتدا ئارامو خۆشیەکمان دەداتێ‌لە ئەنجامی پڕژمینەکەدا ئیسراحەت دەکەین . .بۆیێ بەهۆی هەر شتێکەوە بێ دەمانەوێت خۆمان‌بخەینە حاڵەتی پڕژمینەوە .

بەڵام ئایا عەمەلیەی‌پڕژمین چۆن ڕوودەدات ؟

کاتێ هەر مادەیەکی نامۆ(ئایرەس - میکرۆب - تووتنو دووکەڵو برنووتی‌وتۆزو گەردو ... هتد) یا (بۆنی هەندی لەو مادانەوهەندێ گوڵاو) .. کە ئەمانە دەچنە ناو لووتەوە یا ئەوەتاریشماڵە ناسکەکانی ناوی دەڕووشێنن‌یاحەساسیەتێکی زۆریان تووش دەکەنو هەڵیان‌دەئاوسێنن .. چونکە پڕێتی لە دەزوولەی‌خوێنینو .. ئەمەش ڕێگە بە لینجایی ناو لووت‌دەدات کە بێتە دەرێ ..

ئەو هەڵئاوساندو ڕووشانەدەبێتە مایەی پڕژمین .. بەڵام کاتێ کە تیشکێکی کتوپڕ لە چاو دەدات دەبێتە هۆی هەژاندنی‌پریشاڵەکانی ناو لووت .. چونکە گۆڕینێکی کتوپڕیش‌لە پلەی گەرمایی پێست‌دا ڕوودەداتو .. پڕژمینێکی‌بەردەوام دروست دەبێ .

جاری واش هەیە کە ئەنجامی جەنجاڵی ژیانو شپرزەیی کاری مێشك‌دا .. کار دەکرێتە سەر دەزولە خوێنینەکانو ڕیشاڵەکانی‌ناو لووت هەڵدەئاوسێن .. جا لەبەر ئەوەی ئەم‌دەزوولانەی ناو لووت هێجگار زۆرن .. زیاد لەهەموو ئەندامێکی تری لەش کاریان تێدەکرێت .. بۆیێ‌لە کۆمەڵگا جەنجاڵەکان‌دا ئەم حاڵەتەی پڕژمین وەك‌دیاردەیێك خۆی دەنوێنن..

پزیشکەکانیش هەردەم ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن کە تا دەتوانن داودەرمان بۆ چارەسەرکردنی پڕژمینو نەخۆشیەکانی کەم بکەنەوەوبەزۆری بە حاڵەتێکی تەندروستیانە . . یا سوودمەندی‌دادەنێن چونکە داوودەرمانی زۆر بەکارهێنان دەبێتە مایەی زیادکردنی حەساسیەتی ڕیشاڵەکانی‌ناو لووت ..

● رەئووف ●

جوغرافیای مانگ ؟!

زەریاکانی‌مانگ

هەندێ ناوچەی رەشراهاتوەو ئاوی تێدا نیە ، لە سەرەتاوە ئاسماناسەکان ئەم ناوەیان بۆ دۆزیوەو ، چونکە وایان ئەزانی بە ڕاستی ئەو ناوچانە زەریان . . ! دیارترین ئەو زەریایانەش ئەمانەن :

١ - ئۆقیانووسی باهوز.
٢ - زەریای هەور .
٣ - کەنداوی ناوەند .
٤ - زەریای باران .
٥ - کەنداوی پەلکەزێرینە .
٦ - زەریای کارەسات .
٧ - زەریای زاووزێ .
٨ - زەریای ئارام .
٩ - زونگاوی خەو .
١٠ - زەریای پاکی .
١١ - زەریاچەی خەون .

چیاکانی مانگ

: ناودارترین چیاکانی مانگ ئەمانەن :

١ - زنجیرە چیاکانی رەفین .
٢ - زنجیرە چیاکانی کەرەبات .
٣ - زنجیرە چیاکانی ئەپەنین .
٤ - زنجیرە چیاکانی ئەلپ .
٥ - زنجیرە چیاکانی کەوکاس .
٦ - زنجیرە چیاکانی هیمۆس .
٧ - زنجیرە چیاکانی پرینێنر .
٨ - زنجیرە چیاکانی ئالتای .

بەرزترین زنجیرە چیای مانگیش ، چیاکانی لیبنترە .. جوانترین زنجیرەیشیان ئەپەنینە . . چیای بەرزی لیبنتزیش لە ئێمەوە دیارنیەو کەوتۆتە نزیك قوتبی باشووری مانگەوەو باڵاترین لوتکەیشی نزیکەی (٣٠) هەزار پێیە .. واتە: لە لوتکەی شاخی ئەفریستی هیندستان بەرزترە ..

زارەکانی مانگ

: مەبەست لە زارەکان ، ئەو لەککەو شوێنە پنك‌پنکانەیە، کە بەروخساری مانگەوەیە ، بە تایبەتی ئەو روخسارەی کە ڕووی لە ئێمەیە .. هەندێ زاری وای تیایە زۆر زۆر گەورەیەو هەندێکی وایشی تێدایە لە چەند سانتیمەترێك پتر نیە :

١ - زاری ریکیزلی .
٢ - زاری گریمالدی .
٣ - زاری ئەرستارکۆس.
٤ - زاری کەپلەر .
٥ - زاری کۆپەرنیکۆس.
٦ - زاری ئەفلاتوون .
٧ - زاری ئەرخەمیدس .
٨ - زاری پەتلیمۆس .
٩ - زاری تایکۆ .
١٠ - زاری کلافیۆس .
١١ - زاری سۆفی .
١٢ - زاری ئەبولفیدا .
١٣ - زاری پەتاگنیۆس.
١٤ - زاری ئەرستۆ .

ئەمەیان نەخشەیەکی زۆر بچووکی جوغرافیای سەر رووی جوانکیلەی مانگ بوو ، کە تا ئەمڕۆ زانستو تەکنەلۆژیای پێ گەیشتوە ، رۆژ دوای رۆژیش ، یا ساڵ دوای ساڵ ، شتی تازەی لێ ئەدۆزرێتەوە .. بە جۆرێکیوا لە پاشەرۆژێکی زۆر نزیکا ئەم مانگە وای لێدێ ، خەڵك بە ئاسانیو بێ « پەساپۆرت » بتوانن سەری لێبدەنو لە کەناری زەریایەکا ، لەبناری شاخێکا ، یا لە سێبەری زاریکا ، چەند شەوێ ، لەگەڵ یارەکەیان سەرخەوێکی شاعیرانە بشکێنن ... !

با بزانین ئەم جەستە جوانو خەوالوو ڕەنگزەردەی کە دەربەدەری ئاسمانان بووە چی‌یە لە چی‌دایەو تەندرو - ئاسمان چی بۆ سازداوەو ئەسازێنێ .. !

ئەوەی هەر لە کۆنی‌کۆنەوە ، سەرنجی دڵداران‌و شاعیران‌و زانایانی راکێشابێ‌و بەردەوامیش سەرنجراکێشێ « روخساری مانگە » کەبرێتی‌یە لە دەیان زارو چیاو چۆڵو زەریاو دۆڵو بیابان،بۆ ئەمەیش سەیرێکی خێرای روخساری مانگی خوا ئەکەین ، تا بەوردی نەخشەکەیمان بۆ روون ببێتەوە ..

Institut Kurde de Paris

بەرهەمێکی بەنرخ دەربارەی

کتێب و دەسخەتی کۆنی کوردی

لە دنیای کتێب و کتێبخانەو ڕێکخستن و پاراستنیاندا گەلێ شێوەو ڕێو شوێنی تازەبابەت هاتۆتە کایەوە کە بە هۆیانەوەدەتوانرێ ئەو سامانە بەهادارانە وەك خۆیان بپارێزرێن و یا لە فەوتان ڕزگار کرێن ، بەتایبەتی کتێب و دەسخەتە کۆندکان کە بوونەتە سامانێکی نەتەوەیی بە نرخی وا کە زۆر لایەنی مێژویی و کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ... هتد ، ئەو نەتەوەیە روناك دەکەنەوەو تۆزی چەنەها ساڵی ڕابوردویان لەسەر لادەبەن و ڕاستی یەکان وەك خۆیان دەخەنە ڕوو ،

جا لەم سەردەمەدا (زانستی کتێبخانەکان) بەشێکی سەربەخۆیە و جێگای تایبەتی خۆی هەیە کە ئەو کادرانەی ئیشکردنیان پێدەسپێردرێ لە کتێبخانەکاندا تیایدا فێر دەبن و ئەو زانستە دەخوێنن .

بە کارهێنانی تیشکی لایزەرو مایکرۆفلیم و دۆلابی تایبەتی بە پلەیەکی گەرمایی- یەوەو چەنەها داوودەرمان بۆ پاراستنی دەسنوسە کۆنەکان لە پوواندن و رزین و فەوتان ، هەروا پەنا بردنە بەر ڕێکخستنی ئیندێکسی گەورە کە هەرچی زانیاری هەیە دەربارەی دەسنوسە کۆنەکان تیایدا تۆمار دەکرێ و نەك هەر ئەو کتێبخانەیە بەلکو چاپ دەکرێ و بە سەر دەیان کتێبخانەی تری ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا دابەش دەکرێ .

ئەمەی دوایی یان ، لەم ساڵانەی دوایی داو لە لە کتێبخانەی ئەوقاف بە شێوەیەکی ڕێك و پێك کراوەو ئێستا بەشی یەکەمی ژێر چاپدایە .

● بۆ شارەزایی یەکی زیاتر چووینە لای مامۆستا (محمود احمد محمد) بەڕێوەبەری کتێبخانەکەو دەربارەی پرۆژەکەی گفتوگۆیەکمان کرد :

- پرۆژەی توێژینەوەی دەسنوس بە گشتی گەلێ ماندوبوونی دەوێ ، مەگەر هەر ئەوانە بیزانن کە خۆیان بەم کارەوە خەریك دەکەن . منیش کە کرامە بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئەوقاف و زانیم کە کتێبخانەی بابان هەوێنی دروست بوونی یەتی ، وە وەك دەزانین ئەم کتێبخانەیەش دەیان دەسخەت و نوسراوی مێژویی و ڕۆشنبیری و ئاینی و هەتا پزیشکیشی تیدایە ، بە باشم زانی کە هەوڵدەم بۆ بەدی هێنانی دیسان تەفسیرێکی قورئان کە وێنەی زۆرزۆر کەمە بە ناوی (تفسیر البیضاوی) و هەمو ئەو ئایەتە قورئانیانەی تیایدا نوسراوە بە زێر نوسراوەتەوەو لێکدانەوە - کانیشیان بە مەرەکەب ، دیارە لە ئامادە کردنی ئەم تەفسیرەدا هیلاکی یەکی زۆر کێشراوە .

● بەلام دەربارەی چۆنێتی ئامادە کردنی پرۆژەکەی و ئەو ڕێگایەی کە گرتوویەوتی :

- بۆ هەریەکێ لەم کتێب و دەسنوسانە بەشێکی تایبەتیم تەرخان کردووە ، چی هەیە لە بارەیانەوە لە دانەرو نوسەرەوەکەی ژیان و لە دایك بوون و مردنی - بەپێی توانا - ، ئەوەی ئەو دەسنوسەی لەلا بووە یا خاوەنەکەی ، شوێنی نوسینەوەکەی وەچۆنێتی .

دیسان سەرەتاو کۆتایی دەسنوسەکەم ئاشکرا کردووە لەگەل ژمارەی لاپەڕەو دێرو چۆنێتی کاغەزەکەی و بەرگ و هەتا ڕەنگ و چۆنێتی مەرەکەبەکە .

ئاشکراشە لەڕێی ئەمانەوە گەلێ بابەت و مەسەلەی تر ئاشکرا دەبن ، بۆ نمونە ئێمە دەزانین ئەو دەسنوسانەی کە لە کوردستاندا نوسراونەتەوە دەتوانین لە هەندێ لاپەڕەو سەربەرگەکانیاندا گەلێ شتی مێژوویی ببینین وەك ناوی زۆر مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی و شوێنەوار کە لە شێوەی یادگاردا وەك پەراوێز نوسراون ، مێژووی لە دایك بوون و مردنی زۆر لە مامۆستا ئاینی یەکان و پیاوە ناسراوەکان ... بۆ ئەمانە بەپێی توانا دەستم درێژ کردووەو خستومنەتە ڕو .

● ئەی ئێستا لە کوێدای ؟

بەشی یەکەمی کارەکەم کە ناوم ناوە (فهرست مخطوطات مکتبه اوقاف المرکزیه فی السلیمانیه) ئێستا والە چاپخانەیە لە بەغداو لەسەر ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف چاپ دەکرێ ، ئەم پرۆژەیەم چوار بەرگەو بەردەوام کار دەکەم لە بەشەکانی تریدا.

نیازیشم وایە کە لە بەرگی چوارەمداو وەك پاشکۆیە ئیندێکسێ بکەم بۆ ئەو ناوانەی کە لەو چوار بەرگەدا هاتوون ، هەروا ناوی ئەو قوتابخانە ئاینی و مزگەوت و مەلبەندە ڕۆشنبیری یانەی کە تیایدا باسکراوە .

شایەنی باسە بەرهەمەکە بە چاپکراوی و ئامادە کراوی وەزارەتی ئەوقاف وەك دیاری و پەیوەندی خۆی لەگەل کتێبخانەو دامەزراوە مێژوویی و ئاینی و ڕۆشنبیری - یەکانی جیهاندا ، وەك دیاری پێشکەشیان دەکاو بە سەریاندا دابەشی دەکات، یانی ناخرێتە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن .



لەنزاری کەژەکەی گارادا کەسەرەکەی بەفر داپۆشیوە ، ریزە خانووە کانی هاوینە هەواری سەرسەنگ ، کە لە وەرزی هاویندا جمەی دێت و هەموو بستە خاکێك و دۆڵ و سێبەری دارەکانی پڕە لەخەڵك و گەڕیدە ئەوەرزی زستاندا ، ئەوەندە کپ و بێدەنگە حەزناکەیت تەنیا سەعاتێك - ئەگەر ناچار نەبیت - لەوێدا بمێنیتەوە، ئەم دیمەنە سەرنجی ڕاکێشام و ناچاری کردم خۆم بکەم بە ژووری بەڕێوەبەری نووسینگەی گەشت و گوزاری دهۆك و ئەم چەند پرسیارەی خوارەوە ئاراستەی بکەم .

هاوینە هەواری سەرسەنگ و گفتوگۆیەك لەگەل کاربەدەستەکانی

پرسیاری یەکەم :

مامۆستا یوخنا تومە بەڕێزتان جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی گەشت و گوزاری دهۆکە ، ئەم هاوینەهەوارە چۆن چۆنی پێك هاتووەو پەیوەندی بەکوێوە هەیە ؟

- بەڕێوەبەرێتی نووسینگەی گەشت و گوزاری دهۆك ڕاستەوخۆ لە هەموورووبەکەوە بەستراوە بە دامەزراوی گشتی بەڕێوە - بردنی شوێنە گەشت و گوزارەکان و ئەویش پەیوەندی بە دەزگای گشتی گەشت و گوزارەوە هەیە ، ئەم نووسینگەیە بەشی هەرەزۆری ئوتێلە تازەکانی پێوە بەستراون لەهەموو لایەکەوە بەڕێوەیان دەبات و خزمەتیان دەکات ، لەمانە ئوتێلە گەورەکەی سەرسەنگ و چێشتخانەی گەشت و گوزارو سینەماو گوندی فەرەنسی ، ئەمانە هەمووی مەلبەندی سەرسەنگ . بێجگە لەمانەیش لەکەرتی ئەنیشکێدا (٧٦) شوقەی گەشت و گوزارو فرۆشتگایەکی گەورەکە هەموو شتێکی خواردەمەنی قووتووتیدا دەفرۆشرێت هەیە کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ، دیسان لەهاوینەهەواری سولافیش چەندان شوقەمان هەیە سەرەڕای ئوتێلی پلەی یەکەم دانراوە . هەروەهایش لە سواره نووکەیشدا گوندێکی گەشت و گوزارمان هەیە بەلام تائێستا نەخراوەتە کار لەبەر ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا پشتگوێ خراوەو خانووبەرەکانی و بێداویستی یەکانیان تێکچوە.

کاك یوخنا گەڕیدەکانی سەرسەنگ گازندەیەکی زۆر دەکەن لەبەر کەمی ئاوو دەستنەکەوتنی نان تۆچی دەتێ ؟ !

- ڕاستە ئاوو نان لە وەرزی هاویندا جاروبار کەمەو هەندێك جاریش دەست ناکەوێت ، بەلام ئەم گیروگرفتە زیاتر لەبەر ئەوەیە چونکە لە وەرزی هاویندا خەڵکێکی زۆر ڕوولەم هاوینە هەوارە دەکات کەبێگومان لەتوانایدا نابێت لەهەمو ڕوویەکەوە رازیان بکات . ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە کەمی ئاو دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی پرۆژەی ئاوی سەرسەنگ چونکە تائێستایش بشت بەستراوە بەئاوی کانی یەکانی دەوروبشتی سەرسەنگ کەئەمەیش بەهیچ جۆرێك نەك هەر بەشی گەڕیدەکان ناکات بەلکو بەشی خەڵکی هاوینە هەوارەکە خۆی ناکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەیش نیازوایە پرۆژە - یەکی گەورەی ئاو لەرووباری ئامێدی یەوە بهێنن بەلام تائێستا لەبەرچەند هۆیەکی هونەری دەست پێنەکراوە . . مەسەلەی نانیش پەیوەندی بەگەلێك لاوە هەیەو دەبێت هەریەکێك لەم لایەنانە قۆلی مەردانەی لێ هەڵبکاتو هەوڵی چارەسەرکردنی بدات . . بۆنمونە شارەوانی لەسەریەتی کەزەوی دابەش بکات بۆ دروست کردنی چەندان نانەواخانەو هەروەهایش دەبێت شارەوانی داوا لەهەموو - خاوەن دوکانەکان بکات کەهەموجۆرە پێویستی یەك بفرۆشن بۆ جێ بەجێ کردنی داخوازیەکانی گەڕیندەکان . هەروەهایش هەندێك جار کارەبا دەبڕدرێتو بۆماوەیەکی درێژنایەت ، ئێمەلەلای خۆمان چارەسەری ئەمەمان کردووەو چەندان (محولە)مان داناوە بەلام ئەمە گیروگرفتەکە چارەسەر - ناکەت چونکە هەندێك شوێنی گەشتو گوزار سەر بە ئەمینداریتی گشتی شارەوانی و هاوینە هەوارەکانەو دەبێت ئەوانیش ئەم کارە ئەنجامبدەن .

کاك یوخنا مەسەلەی خزمەت کردنی خەڵك ئەویش لەڕۆخۆی بۆتە گیروگرفتێکی تر ئەی ئەمەیان چۆن ؟!

- لەڕاستیدا ئەم گیروگرفتە نەك هەرلەلای ئێمەیەو بەس بەلکو دەتوانین بڵێین شتێکی گشتی یاخود دیاردەیەکی گشتی یە لەهەموو هاوینەهەوارەکانمان لەبەرکەمی کادیری شارەزا . بەلام دەزگای گشتی گەشت و گوزار هەوڵێکی زۆرداوە بۆ بەیداکردنی کادیری شارەزا بەتایبەتی دەرچوانی ئامۆژگای ئوتێل و گەشت و گوزار هەوڵێکی زۆری داوە بۆ کەئەم دەزگایە نوێیە دەرچوانی کەم شارەزایان هەیەو پێویستیان بەماوەیەکی دوورودرێژ هەیە تاوەکو ئەرکی سەرشانیان بەتەواوی ڕابەڕێنن و ئوتێلی گەشت و گوزار جێی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت .

زادوق آدم
نووسینگەی دهۆك

Institut Kurde de Paris

لە وتەیەکی ئاراستەیی کرنگدا سەرەکی فەرماندە صدام حسین ڕێز لە دڵسوزی جەماوەری ناوچەی کوردستان دەنێت و دووپاتی دەکاتەوە:

گەلی کورد بۆی دەرکەوت و زیاتریش بۆی دەردەکەوێت ئەوانەی بە دروشم باس لە مەسەلەی کورد دەکەن کە سانیکن بێگانە دەیانجوڵێنێ

هاوڕێیان پارێزگاری نەجەف و ئەمینداری نهێنیی سەرکردایەتی لقی نەجەف .. بۆ بەرزکردنەوەی گیانی تێکۆشان و خۆڕاگرتنی گیانی دلێرایەتی دەوریان لای ڕۆڵەکانی نەجەفی پیرۆز بووە .. دەورەکەشیان لە دەرخستن و زیندوکردنەوەی ئەوگیانەیە کە لە ناو ئەو گەلە مەزنەدا هەیەو یارمەتیدانی سەرکردایەتیە ..

کاتێ باسی نەجەف و شەپۆلی ئادەمیزاد بۆ چوونە ڕیزی سوپاوە بەو گیانەوە کە ئەیەوێ بچێتە ڕیزی ڕێکخراوە تایبەتیەکانەوە بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان و خۆ لە ڕێیدا بەخت کردن ئەکەین ئەبێ ئەو گرەوە دۆراوانەمان بیربکەوێتەوە کە لە سەر شارەکان و گەلی عیراق ئەکرێن .. وای بۆ چوون کە خاکی عیراق ئاسانەو .. ڕەنگە واشی بۆ چووبن کە دارخورمای عیراق لەوە کورت ترە کە هەیەو دار خورمای عیراق واسەختو پتەونیەوەك هەبە ڕەنگە واشی بۆ چووبن کە شارەکانی عیراق ئەتوانرێ ملیان بێ کەچ بکرێ تا کاربەدەستانی ئێران تەوقی مل کەچی بکەنە ملی ڕۆڵەکانیانەوەو گەلەکەمان بۆ تاران ڕابکێشن .. بەهەڵەدا چوون لەوەدا کە نەجەف ئەبێ ببێتە بەشێك لە ئێران .. تێناگەم بۆچی وای بۆچوون ؟ . نەجەف هی عیراقەو .. نەجەف لە گەردی خۆڵەکەیدا هی عەرەبەو .. لە نیشانە گەورەکەیدا کە ئەویش نیشانەیەکی دیارەو نەجەفی ئەشرەف ئەوە باپیرمانە باپیری خومەینی نیە گومانی تێدا نیە کە باپیری خومەینی نیەو باپیری خەڵکی کەش نیە ، باوەڕناکەم لە سەرچاوەی ڕووباری کارونی خواردبێتەوە .. بگرە کوڕی دوورگەی عەرەبەو .. گیان بەختکاری ئاڵای مرسوڵمانان و جەنگاوەرێکی بەرەی پێشەوە بووە بۆ بەرگری کردن لەو ئاڵایەو عەرەب بووە .. لەرێی خۆیشی ڕۆڵەجەنگاوەرەکانیەوە کە لە مەیدانەکانی جەنگدا بۆ بەرگری کردن لەو بیروباوەڕانەی کە کاربەدەستانی ئێران ئەیانەوێ دەستدرێژیان لێ بکەن شەر ئەکەن و نەجەف ئەم جۆرە قسەیەی کرد ..

گومان لەوەدا نیە کە ئەوانە ڕوو بەڕووی بێهیوایەکی گەورەدا بوون چونکە خەوبان ئەبینی و خەو ئەبینن بەڵام ئێمە بەڕپرسیاری ئەم واهیمانەیان نین .. خۆیان خۆیان تووشی کردووە وای بۆ ئەچوون کە ئەتوانن بەغدا بگرن و واشی بۆ ئەچوون نەجەف و کەربەلاو بەصرە بەشێکن لە خاکی ئێران .. یاخود ئەتوانرێ وایان لێ بکرێ .. گومانی تێدا نیە کە هەر ئەوان تەنیا نین تووشی ئەم واهمانە بووبن .

پێش ئەوان زایۆنیەکان تووشی ئەو واهیمەیە هاتن و ئەم واهیمەیەش لە ڕێگەی ماسۆنیەتەوە یاخود لە ڕێگەی شتوومەکی ترەوە کەم و زۆر یاری بە مێشکیان کرد .. هێزەکانی ئیمپریالیزمی نوێ تووشی ئەو واهیمەیە بوون .. وای بۆ چوون کە ئەتوانن عیراق ڕسوا بکەن و ئەتوانن جارێکی تر بیکەنە مانگایەکی شیردەرو لەقە لە ڕۆڵەکانی بداو شیرەکەی بەبێگانە بداو وای بۆ چوون .. زۆر بۆ ئەو بۆ چوونە دەردەدارانە چوون و خەوی نەخۆشیان گەلێك بینی .. بەڵام هەمیشە گەلەکەمان بۆ کامە ڕاستە بۆ ئەوە ئەچێ و بەڕێگەیەکی ڕاستدا بۆی ئەچێت و خەو بە خەوی ڕەواوە ئەبینێ و .. هەروەك بە پایە بەرزی لەدایك بوو هەرواشی ئەیەوێ بە پایە بەرزی بژی و هەر وەك چۆن سەربەست لە دایك بووە سەربەستی و چاکەی هەر وەك بۆ خۆی ئەوێ بۆ خەڵکی کەشی هەروا ویستووە بەڵام دلێرانە دژی هەموو مل کەچی یاخود لاواز کردنی عیراق یاخود بەچاوی کەم تەماشاکردنیەوە وەستا ..

شارو دیهاتەکانی عیراق بەم جۆرە بوون .. هەر وەك چۆن ڕۆڵەکانی بەصرەو قادسیەو ئەینەواو بەغداو تامیم بەم جۆرە بوون ڕۆڵەکانی نەجەفیش بەم جۆرە بوون .. وای بۆ چوون کە تایبەتکاری یەکانی ناو خۆی نەتەوایەتی ئەتوانرین دژی چوونەوە سەر داوێك .. چوونەوە سەر عیراق و چوونەوە سەر خاکی عیراق و چوونەوە سەر مێژووی عێراق بخرێنە دۆخی بەرهەڵستکاری و ناکۆکیەوە وای بۆ چوون کە ڕۆڵەکانی سلێمانی لەوان نزیکترن وەك لە عیراق و لە بەغداو لە مێژووی صلاح الدین .. وای بۆ چوون کە تایبەتکاریە ناوخۆیە نەتەوایەتیەکان لە هەوڵێر ئەتوانرێت دژی عیراق بخرێنە دۆخی بەرهەڵستکاریەوە بەڵام هیچ بوو ؟ ئەوەی کە بوو ئەوەبە ئەوەی کە شەڕیان لەگەڵ ئەکات صدام حسین نیە .. ئەوانەشی کە جەنگیان لەگەڵ ئەکەن هەموویان ڕۆڵەی کەربەلاو ڕۆڵەی نەجەف و قادسیەو ڕۆڵەی ئەینەواو ڕۆڵەی بەغداو ڕۆڵەی هەولێرو ڕۆڵەی سلێمانی و ڕۆڵەی پارێزگاکانی ترن و دەوری ئێمەش سەربەرشتکاری و ڕێنیشاندانیانە ..

گەلی سلێمانی خاکی سلێمانی ئەپارێزی چونکە عیراقیین .. چونکە بۆیان دەرکەوت و زیاتر بۆیان دەرئە کەوێت کە ئەوانەی قسە بەناوی دروشمەکانی مەسەلەی کوردەوە ئەکەن ئەوانە بێگانە لە دەرەوەی وڵات ئەیانجوولێنن .. بێگانە ئەیانجوولێنن بۆ ئەوەی ئازاری عیراق و ئازاری سلێمانی و ئازاری گەلی سلێمانی و ئازاری گەلی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی بدەن هەر وەك ئازاری گەلی عیراق لە شوێنەکانی تریدەن .

یەك پرسیار لەو دەستانە ئەکەین کە لە ڕێی

ئەوانەی بێگانە دەیانجوڵێنێ دەیانەوێت ئەزیەتی گەلی کوردستان بدەن هەروەك دەیانەوێت ئەزیەتی گەلی عیراق بدەن ..

ئەوانەشی ئەوانەن کە ساڵو نیوێکە شەڕیان لەگەڵدا ئەکەن و ئەوانەن کە هەمیشە پشت بە خوا لوتی ئەوانە دائەنەوێنن کە ڕسواییان بۆ عیراق ئەوێ .. با نموونەیەکی کە بە ژمارە وەربگرن .. سلێمانی و گومانی تێدا نیە کەبێگانە زیاتر گرەو لەسەر سلێمانی و هەولێرو دهۆك ئەکەن .

سلێمانی با بۆ نموونە بهێنینەوە .. سلێمانی دووبارە لە شارە خۆ ڕاگرتووەکانی عیراقەو بەڵام بێ گومان ئەوەی بڕیار ئەدات ڕۆڵەکانی بەشێك بن لە کاروانەکە ئەم بڕیارە هەر ئەو گیانە خۆ ڕاگرتووەی عیراق بریاری لەسەر ئەدات و بڕیاری ئەوبەڕی دڵسۆزی ئەدات .. سلێمانی نموونەیەکی تری هەلگرتووە .. ئەویش ئەوەیە ئەوانەی لە سلێمانی چوونە ڕیزی ڕێکخراوەکانی خۆبەختکردنەوە .. دوا ژمارە کە تەماشام کرد .. ئەوانەی هەر لە سلێمانی بۆ خۆ بەختکردن چوونەتە ڕیزی سوپاوە (٥٠) هەزار جەنگاوەرە .. شتێکی نهێنی نیە ، کە بارستەی ئەو سوپایەی کە لە ناوچەی کوردستان ئیستا هەیە کەمترە لە بارستەی ئەو سوپایەی کە پێش جەنگ لەوێ بوو وردەوردە تەنیا ئەو هێزانە ئەبێ کە بەپێی ئەخشەی نیشتەجێی هەمیشەی ئەبێ وەك ناوچەکانی تر لەو ناوچەیە بێ کەم ئەبێتەوەو نامێنی .. ئەم هێزانەش کە هەر وەك پارێزگاری نەجەف و ئەینەواو ئەنبارو دیالەو کوت و ذی قار پارێزگاری سلێمانی و هەولێرو دهۆك ئەکەن لە لایەن ڕۆڵەکانی خۆیانەوەیە ..

ڕاست لایانداوەو کە ئەمەش یەکسەر ڕەفتارێکی بێگانەیەو لەوانەی کە بە خۆیان ئەڵێن بەرهەڵستکارو لەدەرەوەی وڵات بە نانە ڕەقەی بێگانە ژیاون .. ئەگەر لە پێناوی کوردا کار ئەکەن لێیان ئەپرسین بۆچی هەر وەك ئەڵێن بۆ ئازاردانی حکومەتی بەغدا یەك ناگرن .. بۆچی بە پارچەپارچەی کەمو لەیەك جیا ئەمێننەوە ئەگەر مەبەستی بێگانەو خواستی تاکەیی تێدا نەبێ .. بۆچی هەر وەك ئەیڵێن و دائەنەی پێوە لێ ئەدەن بۆ ڕوخاندنی حکومەتی بەغدا یەك ناگرن .. نە یەك گرتندا هێز هەیە .. بۆچی بەدەستەی پچڕپچڕ ئەمێننەوە .. وەڵامی ئەمەشی ئەوەیە ئەوانەی ئەیانجوولێنن هەر لایەنێك نیەو بگرە چەند دەوڵەتێکی بێگانەن .. هەموو دەوڵەتێك لە دەوڵەتە بێگانەکان لەم دەستانە دەستەی خۆی هەیەو بە ناوی ئەوەوە کار ئەکاتو پارەو کەلوپەلی تری لێ وەرئەگرێتو ئەم دەوڵەتە بێگانانەش لە هەموو ڕویەکەوە قازانجیان بە یەکەوە ناگونجێ .. بە پێی فۆناغ ڕێك ئەکەون و ناکۆکیان پەیدا ئەبێ لەبەر ئەوە ئەبینین جارێك بۆ کاری یەك گرتن لەسەر مێزێك کۆئەبنەوەو جارێکی تر لە نێوان خۆیاندا بە چەك شەر ئەکەن .. بە پێی ناکۆکی یاخود بە پێی سەرگرتنی قازانجی بێگانە لەم شوێنە یاخود لە شوێنێکی تردا و لەم خاڵە یاخود لە خاڵێکی تردا ، لەم دۆخە یان دۆخێکی تردا و ئەو لایەنەشی کە تیایاندا بێگانە نەبێ خۆپەرستی و چاو برسیەتی لەسەر سەرکردایەتی و بۆ پارە دەستکەوتن لەسەر لاشەو بگرە لەسەر بەرزێتی گەلی سلێمانی دەیانجوڵێنێ .

.. تا ناخی خوارەوە هەڵخلیسکان کە دەستیانکرد بە کوشتنی ئافرەتانێ کە پشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەگرن و بەڵکو پشتی عیراقییەتی خۆیان ئەگرن .. ئائومێدن ئەوانەی ئەو ئافرەت و منالانە ئەکوژن کە بانگ بە ناوی شۆڕشو عیراقەوە ئەدەن .. نامەوێ زۆر باسی ئەو ئائومێدیی و داخە بکەم کە ئیستا لە دڵی بێگانەدایە چونکە عیراقی نەبەز ئیستا یەك عیراقە ، یەك پارێزگایە .. یەك شارو یەك دێیە لە سەرووی وڵاتەوە تاخوار و ئەوەیش لەمە بەدەربێ بارێکی ئاساییە لەسەر زەوی عیراقداو بارێکی بچووکەو بە بارێکی جەماوەری ئائومێرڕێ و بە باری ڕەوتی شۆڕشو هەڕەتی و سەربەرزیی دانانرێ . ئەم بنیاتە ئەو سەرکەوتنە ڕاستیە مەزنەیەو ئەو سەرکەوتنەیە کە لە بەرەکانی جەنگدا دەستگیربوە . ئەم بنیاتە ڕۆڵەی سەرکەوتنەکەیە نەك باوکی .. با هەموو ئائومێدەکان بزانن ئەوەی شانازی پێوە ئەکەین شتێکی زۆرەو هۆی شانازیی و فەخرە بەڵام ئەوەی ئەمانەوێ شانازی پێوە بکەین ئەو ئیشە نیە کە ئیستا ئەیکەین یا هەستی پێ ئەکەین بەڵکو ئەوەی وامان لێ ئەکا شانازی بکەین ئەو هەستەمانە کە ئەو شتەی ئیستا دروستی ئەکەین مێژوویەکی پرشنگدارو پیرۆزی ئەبێ لە دواڕۆژداو ئەوە داهاتووەکان دوای (٥٠٠) ساڵ یا زیاتر یادی ئەکەنەوە .. ژیانی ئەمڕۆمان گەورەترین شتێ نیە کە شانازی پێوە بکەین هەرچەندە پڕە لە هۆی شانازیی و پیرۆزی بەڵکو ئەو دواڕۆژە جێی شانازیمانە کە بەڕابووردوو ئەمێنێتەوە یا ئەبێ بە ڕابووردوو بەپێی ڕەوتی مێژوو کە تا سەدەها ساڵ یا ڕەنگە تا هەزارەها ساڵی تر درێژە بکێشێ . بەم گیانەوە ئێمە شەڕیان لەگەڵا ئەکەین هەموو بەم گیانەوە بە یارمەتی خوا لە هەموو بەرەکانا سەرئەکەوین بەسەریانا و بەم گیانەوە عیراقی مەزن بنیات ئەنێین تاکو بەری پیروزیەکەو بەری بنیاتنانەکە هەر بۆ خۆی نەبێ و بەس بەڵکو ببێ بە بنکەیەکی پتەو لە پێناوی نەتەوەی عەرەب و پیاوان و منالانیا لە هەموو شوێنێکاو لەپێناوی مرۆڤایەتیشا .

بەم جۆرە ڕۆڵەکانی عیراق وەك هەمیشە ڕۆڵەی بەوەفا بوون و ئێمەپڕبەدەم ئەڵێین ئەم ڕۆڵانە بەتەواوی قایلی نازناوی ڕۆڵەی بەوەفای باوکانی بەوەفای پێشەوەن و کوڕەزای بەوەفای ئەو باپیرە بەوەفایانەن کە لە ڕەوتا پێشمان کەوتوون و ئەوسایش و تا ئیستایش هەر نموونەی ئەو تیشکەن کە لەبەردەممانان و بۆیان و پێیان ڕێ بەدی ئەکەین بەرەو ئەو ئامانجە مەزنانەی بۆیان هەوڵئەدەین و لە پێناویانا خزمەتی گەلەکەمان ئەکەین و خزمەتی گەلەکەمانی پێ ئەکەین .

سلاوی خواتان لێبێ چونکە بە خزمەت کردنی نەجەف خزمەتی عیراقتان کردوەو چونکە لە ڕاستیا ئێوە ڕۆڵەی بەعسی مەزن و ڕۆڵەیی عیراقی مەزنن .

Institut Kurde de Paris

بەریز موهیب روکن صدام حسین - پاشماوە

کردەوە کە جەنگاوەرەکانمان بێجگە لەوەی لە ئازایەتیدا بەسەر دوژمندا زاڵن هەروەها لە گیانی مرۆڤایەتیدا بەسەریاندا زاڵن و ئەمەش وامان لێدەکات کە بە شەرەفمەندی و بڕوای پتەو بجەنگین .

جەنگاوەرەکان چەند باسێکی پاڵەوانیەتی و ئازایەتی جەنگاوەرەکانیان بۆ سەرەکی فەرماندە گێڕایەوە.

هەروەها سەرەکی بەریز موهیب روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان نیشانی رافدینی یەکەم جۆری عەسکەری بەخشی بە هەردوو شەهیدی پاڵەوان نەقیب سامح عبدالهادی غالی و ملازم قیس لطیف سلیمان و سەرەکی فەرماندە مەدالیاکانی پێشکەش بە کوڕی شەهیدی پاڵەوان نەقیب سامح عبدالهادی و دایکی شەهیدی پاڵەوان ملازم قیس لطیف کرد .

بەریز سەرەکی فەرماندە لە وتەیەکدا کە ئاراستەی خێزانی هەردوو شەهیدی کرد دووپاتی کردەوە کە هەردوو شەهید سامح و قیس لەو پاڵەوانە مەردو چابوکانەن کە بە خوێنی پاکیان چیرۆك و داستانی پاڵەوانی و خۆبەخت کردنیان لە مێژووی نەتەوەی عەرەبدا نووسی .

بەریز سەرەکی فەرماندە روونی کردەوە کە بە پێی دەستورو یاسا وسامی رافدین دەدرێ بە کوڕی گەورەی شەهید یان باوك و دایکی شەهید ئەگەر منداڵی نەبوو یان ژنی نەهێنا بوو ئەمەش شێوازێکە شۆڕشی داینناوە لە پێناوی کۆمەڵێکی نوێداو بۆ ڕێزی شەهیدان.

لە هەردوو بۆنەکەدا بەریزان طارق حمد العبدالله ئەمین سری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرەکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بە وەکالەت و فریق روکنی یەکەم سەرەکی ئەرکانی سوپا و فریق روکن یاریدەدەری سەرەکی ئەرکانی سوپا ئامادەبوون .

مەلیك حسین - پاشماوە

ناوچەکەدا ڕووی نەدابێ .

لەبارەی ڕێکەوتنەکانی کامپ دەیفیدیشەوە مەلیك حسین دووپاتی کردەوە کە ئەم ڕێکەوتنانە شڵەژان بۆ ناوچەکە دێنن .

هەروەها ذووپاتی کردەوە کە دەوڵەتی فەلەستینی ئەبێ لەسەر خاکی فەلەستیندا دابمەزرێنرێ و وەی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی تاقە نوێنەرێکی رەوای گەلی فەلەستینە .

ئێران - پاشماوە

کە هەشت سوپایی کوژراون.

کاربەدەستانی ڕژێمی فارسیش بڵاویان کردەوە کە هێزە ئێرانیی بەرهەڵستکەرە چەکدارەکان هێرشیان بردەوەتە سەر سێ بنکەی سوپایی هێزەکانی رژێم لە شاری مەهاباد لە هەرێمی کوردستان .

هەروەها ڕۆژنامەی (اطلاعات) کە لە ئێران دەردەچێ دوێنێ بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی بەرهەڵستی بێجگە لەمە هێرشیان بردەسەر بنکەیەکی تری سوپای رژێم لە شاری میاندواو کە ئەکەوێتە هەمان هەرێم ، بەڵام ڕۆژنامەکە هیچ باسێکی تری ئەو زەرەرو زیانەیی نەکرد کە بەهۆی ئەم هێرشانەوە لەناو هێزەکانی رژێمدا بوە .

وتەی هاوکاری - پاشماوە

هەلی دووەمیان لەبەردەما مایەوە بۆ ئەوەی ماوەیەکی تر بارزگانی پێوە بکەن ، ئەو هەلەش ئیستغلال کردنی هەستی ساکاری هەندێ هاوولاتی کورد بو کە لەژێر باری چەوساندنەوەو زۆرداری رژێمەکانی پێشودا ماوەی هوشیاری و خۆپێگەیاندنی لەبەردەم گیرابوو ، ئەوەندەی مەسەلەی هوشیار کردنەوەو بەرەو پێشەوە چوونی مرۆڤی کورد پەیوەندی بەسەرکردایەتی گومان لێکراوی بزوتنەوەکەوە بووە ، هەر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە ، چونکە ئەو سەرکردانە هەر لە بنچینەدا مەبەستیان خۆپەرستی و ورگو گرفان پڕ کردنی خۆیان بوە تەك هوشیار کردنەوەو پێشکەوتنی مرۆڤی کورد ، لەبەر ئەوە ، کە سەرکردایەتی شۆڕش هەنگاوی بەرەو بەدیهێنانی خواستە رەواکانی نەتەوەی کوردی نا ، ئەوانکەوتنە کۆسپ خستنە ڕێگای ئەم هەنگاوە ، ئەمەشیان بە دوو مەبەست دەکرد ، یەکەم بەجێهێنانی فەرمانی بێگانە کە دەمێك بوو ئەلقە لەگوێی بوون ، دووەم دەیان زانی لەباری هوشیاری و بەدیهێنانی مافە رەواکانی نەتەوەی کوردا ئەوان ناتوانن لەورگو گیرفان پڕکردنی خۆیان بەردەوام بن ، ئەوەبوو ، لە ئاداری ١٩٧٤دا ، دیسان ، دایانەوە شاخ و خەڵکی بەسەزمان و ساکاری کوردیان جارێکی تر بەرەو هەڵدیرو نەهامەتی برد ، ئەمجارەیان لەبەردەم هەڵویستی رەواو حەقویستی سەرکردایەتی شۆڕشدا بە هەرپەردەیەك خۆیان شاردبوەوە سوودی نەبوو ، دەر کەوت بە کرێگیراون و تا بینە قاقایان لە بەکرێگیراوی بێگانەدا نوقم بون ، تا رادەی ئەوەی سنووری عیراقیان لەبەردەم بەکرێگیراو جاسوسەکانی شای ئێران و ئیمپریالیدا کردەوە ، کەچی هەر شەرمیان نەدەکرد دەیان وبست خۆیان بە بەردەی بەرگری کردن لە مافی نەتەوەی کوردا بشارنەوە ، هوشیاری سەرکردایەتی شۆڕش هەموو هەڵێکی لەکیس دان ، ڕێگای زامن کردنی گەلو سوود بوون لەسەر روخاندنی هیزی شەرو بەکرێگیراوی و بێگانە پەرستی گرتەبەر لەبەردەم ئەم هەڵویستە راستەی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش گەل زیاتر هوشیار بوەوە ، پشتی کاروانی گرت ، کاروان بەردەوام هەنگاوی نا تا سەرکەوتنی تەواوی بەدیهێنا و نوکەرو بەکرێگیراوان و بازرگانەکان شکان و هەڵاتن ، سەرکردایەتی شۆڕش لەم گرەوەدا گەلی بردەوە ، ئەوان لەم گرەوەدا هەموو شتیان دۆران تا ئابرو چوون، ئەمجارە ، شۆڕش ، بەرابەری سەرکردەی لێهاتووی دڵسۆز بە گەل صدام حسین ، هەنگاوەکانی بۆ بەختەوەری مرۆڤی کوردو رزگارکردنی لەقورسایی ساڵانی چەوساندنەوەی بەدەستی بەکرێگیراوانەوە زیاتر گورج و گوڵ کرد ، کوردستان بوبە بنکەی ئاوەدانی و بێکاران کەوتنە کارو دەرگای قوتابخانەکان کرانەوەو دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستان چالاکانە کەوتنە کار .کورد لەگەل هەموو عیراقیەکی بەشەرەف و دڵسۆز لەپشت سەرکردایەتیە لێهاتووەکەیەوە بەشداری بیناکاری عیراقی سەربڵندو سەربەست و سەربەرز دەکات گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیە براکانەوە ، سەلماندیان ، بەشی کەس نین بەشی عیراق و سەربەرزی و سەربەستی خۆیانن ، ئەو ڕۆژانە بەسەرچون بێگانەو دوژمنەکان بەو سەربەستیەی جاران لەکێوە دەیانەوێ خۆیان بکەن بەغیراقداو گەلەکەی بچەوسێننەو خیراتی ببەن بۆ خۆیان .

سەرکردەی گەل صدام حسین ، چونکە رولەی دڵسۆزو بەوەفای ئەم گەلەیە ، وەك سەرکردەیەکی هوشیارو دڵسۆز بەگەل ، هەمیشە باوەڕی پتەوی بەو راستیە بوە ، کە گەلی عیراق ، کوردو عەرەب گەلی نەبەزی و سەربەرزیەو سەردانانەوێنێ ، ئەو نەهامەتیانەش بەسەری دەهات لە رابووردودا ، هوی ئەو گەمارو دانە درندایەنیە بوە لەلایەن دوژمنەکانیەوە تووشی دەبوو ، کە هەلی بۆ هەلکەوت و بەرابەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە ١٧-٣٠ تەموزدا بەشۆڕشێکی ئازایانە لەژیر باری چەوساندنەوەدا رزگاری بوو ، هەنگاوی بەرەو پێشەوەی بۆیە ناوە جارێکی کە ناگەڕێتەوە ئەو بارە نەهامەیتەو کوێو کەلەبەر نامێنێ جارێکی تر ئەم گەلە مل کەچ بکەن .

ئەگەر دوژمنانی عیراق دەیانویست لەڕێگای دیسان بەکارهێنانی مەسەلەی کوردەوە خۆیان بکەنەوە ، بەعیراقدا ، هەروەك سەرەکی فەرمانده باسی کرد **[زۆر لەبێگانەکان گرەو لەسەر سلیمانی و هەولێرو دهوك دەکەن]** بەڵام ، گیانی شۆڕش و باوەڕی شۆڕش لەناو گەلی کوردا تا دێ رەگ و ریشەی بەهێز دەبێت و لەبەر ئەوە بڕوا پتەوە بەوەی ئەو گرەوە وەك هەموو گرەوەکانی پێشو دۆراو دەبێت . شۆڕش وەك لە زمانی سەرکردە صدام حسینەوە دووپاتی دەکاتەوە ، دڵنیایە لەگەل ، گەل بەکوردو عەرەب و کەماتیەکانەوە کە خۆی بەرگری لەخۆی دەکات ، بەرگری لە سەربەرزی عیراق و ئەو دەستکەوتە مەزنانەی کاروانی شۆڕش بۆی بەدیهێناوە . جەنگاوەری کورد بە هاندانی هەستی عیراقیەتی کە شانبەشانی هەستی شانازی کوردایەتیە ، خوێنی خۆی لە پێناوی بەرگری لەسەربەستی عیراقدا لا هەرزان بوو کە فارسە رگەزپەرستەکان ویستیان دەستی چاوبرسیەتی و دوژمنایەتی لەعیراق بوەشێنن ئیستاش ، نەتەوەی کورد هەموو لەناوچەی کوردستان وەك سەرەکی فەرمانده دووپاتی کردەوە **[بۆی دەرکەوت و زیاتریش بۆی دەردەکەوێت ئەوانەی بەدروشم باس لە مەسەلەی کورد دەکەن، کەسانێکن بێگانە لە دەرەوە دەیانجوڵێنێ، بێگانە دەیانجوڵێنێ بۆ ئەوەی ئەزیەتی عیراق و ئەزیەتی سلیمانی و ئەزیەتی گەلی سلیمانی و ئەزیەتی گەلی کوردستانی ئۆتۆنومی بدەن هەروەك دەیانەوێ لە شوێنەکانی تری عیراق ئەزیەتی گەلی عیراق بدەن]** .

گەلی کورد ئیستا لەبەردەم ئەم راستیەدایە :

عیراق سەربەرزەو ئاوەدان و پێشکەوتووە ، سەرکردایەتیەك رابەری دەکات لەگەلی عیراقەوە هاتوەو دڵسۆزی هەرە راستەقینەی ئەوە ، لەم بارەدا ، کوردستان ئاوەدان و پێشکەوتووەو گەلی کورد بەمافی رەوای ئەتەوەیی خۆی شادمانە ، ئەوەی لە دەرەوەی کاروانداو بارزگانی دەکات ممکن نیە دڵسۆزی لەو کاروانە بێت ، بە تایبەتی بەستراوەکان بە بێگانەوە ممکن نیە دڵسۆزی کوردو عیراق بن لەبەر ئەوە ، دەیانەوێ ئەزیەتی عیراق و کاروانی پێشکەوتوی بدەن . لەبەر ئەوەش گەلی کورد ئیستا زیاتر لە هەموو ڕۆژانێکی تر لە دەوری سەرکردەی کاروان کۆبۆتەوەو شارەکانی کوردستان و بەدەنگەوە هاتنی ئەرکی نیشتمانی بۆ پاراستنی سەربەستی عیراق باشترین بەڵگەی ئەم راستیەیە .

● هاوکاری ●

هیزە سەرکەوتوەکانمان - پاشماوە

روانگە .

● ١٩٨٢-٢-٢٦ :

٥٨ کوژراوو سەربازبەرێکی مودەرەعەو یەك تۆپو بنکەیەکی ساروخ و دوو لۆری و سێ روانگە .

● ١٩٨٢-٢-٢٧ :

٥٩ کوژراوو یەك دەبابەو یەك شەڵو یەك بنکەی تەقەمەنی و سێ روانگەو لەم رۆژەدا بەیاننامەی سەرکردایەتی گشتی هیزە چەکدارەکانمان رایگەیانە کە رۆژی پیشوتر سێ فرۆکەی دوژمن هاتن و نیازیان بوو شوێنە ئاوەدانەکانی کەرکوك بۆ ردومان بکەن بەڵام جەنگاوەرە ئاسمانیەکانمان بە توندی چون بەگژیاندا سەرەرای ئەوەی تۆپە تەیارە شکێنەکان بەتوندی بەربەستی کردن و لە ئەنجامدا دوو فرۆکەیان خرابە خوارەوەو ئەوی تریان رای کرد .

● ١٩٨٢-٢-٢٨ :

١٨ کوژراو ویەك سەرباز بەروو هەشت لۆری و بنکەیەکی تەقەمەنی و فرۆکە ئازاکانمان لەم رۆژەدا مەردانە بنکەو مۆڵگاکانی دوژمینان ڈایە بەر گوللەو زیانێکی زۆری پێگەیاندن و هەمووش بەسەلامەتی گەرانەوە .

● ١٩٨٢-٣-١ :

٥٤ کوژراوو دوو دەبابەو دوو سەرباز بەروو دوو لۆری و یەك تۆپو حەوت بنکەی تەقەمەنی و حەوت روانگە .

● ١٩٨٢-٣-٣ :

٤٠ کوژراو و یەك لۆری و یەك روانگە .

هەواڵی زانستی - پاشماوە

پرۆفیسۆر (سور) لەو باوەڕەدایە کە ئەم کۆمپیوتەرە ، لەڕازکردنی جگەرەکێشەکان بۆ ئەوەی واز لەم ڕەوشتە بێنن ، لە ئامۆژگاری پزیشکەکان ڕاپۆرتە زانستییەکان چالاکتر دەبێت .

کاربەدەستانی زایۆنی دوژمن مالی خێزانێکی فەلەستینی لە خەلیل وێران دەکەن

ئەو هەواڵانەی لە فەلەستینی داگیرکراوەوە هاتوون وا ئەگەیەنن کاربەدەستانی زایونیزمی دوژمن بە مایەیەکی تەقەمەنی خانووی خێزانێکی فەلەستینی نیشتەجێی خەلیلیان وێران کردوە کە ئەکەوێتە ڕۆخی ڕۆژئاوای داگیرکراوەوە بەو بیانوەی خاوەنەکەی گوێ نەداوەتە یاسای زایونیزمی خانوو کردنەوە .

ئەم هەواڵانە وێنای سەربازەکانی یاسای داگیرکەر هەڕەشەیان لە خاوەنی تەو خانوەکردوە کە ئەکەوێتە سەر ڕێی نێوان دووشاری خەلیل و قودس و مۆڵەتی تەنها پانزە دەقیقەیان داوەتێ بۆ بەجێهێشتنی خانوەکە پێش وێران کردنی بە تەقەمەنی . بەمجۆرە دانیشتوانی خانوەکە نەیانتوانی پیویستیی خۆیان لەگەل خۆیان بەرن .

ئەم کردەوەیە لە چوارچێوەی ئەو ڕەفتارە بێوێژدانی و هێرشە چاوترسێنەرانەدایە کە کاردبەدەستانی زایونیزمی داگیرکەر دژی هاونیشتمانە عەرەبەکان ئەیکەن لە خاکی داگیرکراودا چونکە خاوەن - خانووەکە وتی خانووەکەمان بەپێی یاسای ئاسایی خانوو دروستکردن کردوە .

لەلایەکی ترەوە فیلیپ حەبیبی نوێنەری تایبەتی سەرەك ڕیگان بۆ ناوچەکە پێخۆشحالی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو کۆبوونەوەیەی کە لەگەل مەناحیم بێگنی سەرەك وەزیرانی دوژمندا کردی . فیلیپ حەبیب هەر کە لەمالی مەناحیم بێگن دەرچوو وتی لە هەموو بارێکەوە . گفتوگۆیەکی تەواویان کردوەو ئیترهیچی تری نەدرکاند .

فیلیپ حەبیب لە بەیروتەوە گەیشتبوە فەلەستینی داگیرکراو لە چوارچێوەی ئەو کارەیدا کە لە چەند پایتەختی عەرەبدا هەیەتی .

ڕووداوەکانی جیهان بە وێنە

تەقینەوەی دوو بۆمبا لەبەیروت

کوشتنی ١٢ کەس و بریندار بوونی چل کەسی تر لەتەقینەوەیەکی تری شاری بەیروتدا .

باری ئالۆزاوی پایتەختی سان سلفا دۆر

باری شاری حماه لە سوریا

دیمەشق : ئا.د.ع هێزە دەسەڵاتدارەکانی ڕژێمی سوریا دانیان ناوە بە توندوتیژیی ئەو شەڕانەی کە لەشاری (حەماه)دا لەنێوان هێزەکانی دژ بەڕژێم و هێزەکانی ڕژێمدا لەسەرەتای ئەم مانگەدا ڕوویان داوەو هێشتا بەردەوامن .

هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمیش ڕایانگەیاندووە کە ئەم شەڕو پێکدا هەڵپژانە بۆتە هۆی زیان لێکەوتنێکی گەورەی ڕژێمی سوریاو لەناوچوونی ژمارەیەك لەئەندامانی حیزبی دەسەڵاتدارو هێزە چەکدارەکانی .

هەروەها ڕادیۆی دیمەشقیش بڵاوی کردۆتەوە کە شەڕو پێکدا هەڵپژان تاکو ئێستاش لەشەقامەکانی شاری (حماه)دا بەردەوامەو ئاگرێکی زۆریش لەنێو دوکان و بازاڕەکاندا کەوتۆتەوە .

کورتە هەواڵ

● وەزیری گواستنەوەی هیندی لەبەرامبەر پەرلەمان ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لەوەتی ساڵی (١٩٧٧)دا (١٣٠) ملیۆن دۆلاری لەیابان قەرزکردووە .

● فەریقی روکن الشریف زید بن شاکر فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری ئوردن بۆ سەردانێکی چەند ڕۆژی گەیشتە قەطەر .

● ڕۆژی دووشەمە وەزیری دەرەوەی یۆنان لەکۆتایی سەردانە ڕەسمییەکەی بۆسعودیە کە چوار ڕۆژی خایاند .

Institut kurde de Paris

پێشانگەیەکی تایبەتی گرافیك لە قەڵادزێ

لەم رۆژانەی پێشـوداهاوری دکتۆر نجم عبدالله العراقی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لقی سلێمانی پێشانگەیەکی تایبەتی هونەری گرافیکی هونەرمەند عثمان حسین سلیمان کردەوەو ماوەی ٣رۆژی خایاند .

کۆریکی چیرۆك خوێندنەوە لە هەڵەبجە

رۆژی سێ شەممەی رابووردو بە سەرپەرشتی قائمقامی هەڵەبجە ، لقی بەرێوەبەریتی رۆشنبیری جەماوەر کۆرێکی چیرۆك خوێندنەوەی ساز کرد کە برایان : کریم حسن و عبدالله عبدالکریم و حکیم صالح بەشداریان تیاکرد و جەماوەرێکی زۆری ئەدەب دۆست ئامادەی کۆرەکەبوون .

بانگەوازێك بۆ شەدیب و رۆشنبیرانی کورد

بەرێوەبەریتی رۆشنبیری جەماوەر لە شاری سلیمانی بە تەمایە لە ناوەراستی مانگی نیساندا کۆرێکی فراوان بۆ شاعیری مەزنی کورد «نالی» ساز بکات ، سا بەو نیازەی ئەو کۆرە لەگەڵ پایەی شاعیری و گەورەیی «نالی» دا بگونجی داوا لە هەموو رۆشنبیرو پسپۆرو ئەدیبەکانمان دەکەین کە واتاکۆتایی مانگی ئادار وتارو لێکۆڵینەوەکانمان بۆ بنێرن ، هەروەها بەریوەبەریتی ناوبراو خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی دوو کۆپی فراوانی تر بۆ شاعیران « مەولەوی » و « مەحوی » سازبکات یەکەمیان لە مانگی حوزەیران و دووەم لە مانگی ئەیلولدا بۆ هەمان مەبەست داوا لە برا نووسەر و رەخنەگرەکان دەکەین کە بەشداری ئەو دوو کۆڕەش بکەن تا بتوانین بە تەقەللای هەموو لایەك ئەم کۆڕانە بە سەرکەوتویی بەرهەم بهێنرێ بەو جۆرەی شایستەی دەوری ئەم شاعیرانە بێت لە شیعری کوردیدا .

محمد امین بینجوینی
بەرێوەبەری رۆشنبیری
جەماوەر لە سلیمانی

تکایە هەر شتێك لەم بارەیەوە دەنێرن بەم ناونیشانەی :

(سلیمانی بەرێوەبەریتی رۆشنبیری جەماوەر)

لە دەرەوەی سنوور
داهاتی نوێ

تەلەفزیۆنی پێشەکەو تووبۆپشکنین گۆشت

ئامرازی (گلافسکان) لە تەکنۆلۆژیای پشکنینی گۆشت هەنگاوێکی پێشکەوتووی گەورەیە . پێش ئەوەی ئەم ئامرازە بکەوێتە بازاڕەوە گەلێك تاقیکردنەوەی لەسەر کراو لە کۆتاییدا سەلێندرا کە زۆر هەستیارەو

ئامرازێ بۆقسەیی یەکسەر

ئەم ئامرازە ئەتوانێ بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی لاسایی هەموو زمان و شێوەیەك بکاتەوە .

هەروەها ئەیشتوانرێ بەسترێتەوە بە جۆرەها ئامرازی ترەوە وەك ئامرازی کاشتی بیشەسازی یا چاودێری پیشەسازی بەوشێوەیەی کە بەکارهێنەرەکەی بیەوێ .

ئەتوانرێ ئەم ئامرازە بەجۆرێکی وا بەکاربهێنرێ کە سوودی زۆری لێوەربگیرێ لەوکارانەدا کە چاودێری کردن و سرنجدانی قوول زۆر گرنگ بێ وەك کارگا تازەکان و قوللەی بیری نەوت هەڵکەندن لەناو دەریادا . بەهۆی ئەم ئامرازەوە ئەتوانرێ پەیامی بێداری و ئاگادارکردنەوەی پەلە بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی بەرێگای تەلەفۆنەوە بنێررێ بۆ بەرێوەبەری کار بۆ ماڵەوە .

ئەم ئامرازە پرۆگرامەکەی تەواوی ئەو ڕستەو وشانەی تیایە کە بەکارهێنەرەکە پێویستی ئەبێ .

فریا عبدالله حسین نوسینگەی سلێمانی

هونەرمەند لە پێشانگەکەیدا (٧٦) تابلۆی پیشان دابوو کە بریتی بوون لە هونەری هێڵکاری و سکیتچات و رەنگە ئاوی یەکان و حبری صینی و قەلەم کە تێکڕا لە نێوانیاندا هونەرمەند ویستویەتی بچێتە ناو هەست خواستی کۆمەڵەکەیەوە و ناخیان لە بەرهەمەکانیدا پیشان بداتەوە .... ئەمەش زیاتر لە تابلوی « نەگبەتی و بەیەکداچوون و مندالێکی بۆیاخچی و بیرکردنەوە »دا خۆی دەسلەماند .

هەروەها لە تابلۆی « لەژێر پەردەی ئایین »دا توانیویەتی دڵڕەقی و بێبەزەیی هەشت ساڵێك دەخایەنێ و کۆمەڵێك پرسیاری بێوەڵام دەخرۆشێنێ .

چیرۆکی ئەم فلیمە چیرۆکێکی واقیعییە و جان کلود بەهاوبەشیکردنی دەرهێنەر سیناریۆی فلیمەکەی نووسیوە .

دەرهێنەریش سەرکەوتووانە بەپێی شێوازی سەدەکانی ناوەند گوندەکەی هێناوەتە پێش چاو . لەم بارەیە شەوەدەرهێنەر دەڵێ :

«لەساڵی ١٤٥٣دا ناوچەی ئەریج پەیوەندییەکی تەواوی هەبووە بەسەدەکانی ناوەندەوە ، بۆیە پێویستە کەپەیوەندیی مرۆیی و غەریزی و هەڵس و کەوت و شێوەی ـ قسەکردن وەك چۆن بووە ئاوەها بدۆزینەوەو لەچوارچێوەی فلیمەکەدا پێشکەشی بکەین .

جیهانی سینەما

دوو عاشقی سەدەکانی ناوەراست

« گەڕانەوەی مارتن گر » ناوونیشانی ئەو فلیمە نوێیەیە کە دەرهێنەری فەرەنسی (دانیال فینزیە) دەری دەهێنێ و وێنەی دەگرێ . دەوری پاڵەوانەکانی (جیرار دیباردیو) و (ناتالی بای) دەبینن و لە فلیمەکەدا لە شێوەی دوو هەرزەکاردا دەردەکەون . ناتالی دەبێتە ژنی جیراردو بەپێی خوێندنەوەیەکی هەڵس و کەوتی باوی سەدەتای چەرخی ڕێسانس (النهضه) کاروباری ژنهێنان و گواستنەوە بەجێ دەهێنرێت . دەرهێنەرە وێنەی بەسەرهاتەکان لەناوچەی (ئەریج) ی جووتیار نشین دەگرێ و سەدەتای فلیمەکەشی بەئاهەنگی ژن هێنانەکە دەست پێدەکا . پاش کۆتایی ئاهەنگەکە زاوا خۆی دەشارێتەوەو بزردەبێ ، ئەم خۆشاردنەوەیەشی لەنێو کۆمەڵێ بارودۆخی تەمومژاویدا هەشت ساڵێك دەخایەنێ و کۆمەڵێك پرسیاری بێوەڵام دەخرۆشێنێ .

چیرۆکی ئەم فلیمە چیرۆکێکی واقیعییە و جان کلود بەهاوبەشیکردنی دەرهێنەر سیناریۆی فلیمەکەی نووسیوە .

دەرهێنەریش سەرکەوتووانە بەپێی شێوازی سەدەکانی ناوەند گوندەکەی هێناوەتە پێش چاو . لەم بارەیە شەوەدەرهێنەر دەڵێ :

«لەساڵی ١٤٥٣دا ناوچەی ئەریج پەیوەندییەکی تەواوی هەبووە بەسەدەکانی ناوەندەوە ، بۆیە پێویستە کەپەیوەندیی مرۆیی و غەریزی و هەڵس و کەوت و شێوەی ـ قسەکردن وەك چۆن بووە ئاوەها بدۆزینەوەو لەچوارچێوەی فلیمەکەدا پێشکەشی بکەین .

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

خوانی پشیلە

پشیلە بە ڕۆژنامەی دارستانی ڕاگەیاند ، کە ئیتر تۆبەی کردووەو ئیتر بە دووی پاساریەکان ناکەوێت ، بڕیاریشی داوە ئیتر گۆشتیان نەخوات ئەوە نەبێت تەنیا گوێ لە گۆرانی ـ یەکانیان بگرێت ، بەم بۆنەیەوەش بانگی هەموو پاساریەکانی کرد بێنە ئەو ئاهەنگەوە کە سازی دەدات ..

پاساریەکان کۆبوونەوەیەکیان بەستو تێیدا گفتوگۆ سەبارەت بەم ڕاگەیاندنەی پشیلە کرا.

یەکەمیان هاتە زمان کە پاساریەکی چاو برسی بوو ، نەیدەزانی واتای تێربوون چییە .. هاواری کردو وتی :

ـ من برسیمە ، دەچمە ئاهەنگی پشیلەوە ..

ئەوانی تر هەموو هاواری ناڕەزایی و ئاگادارکردنەوەیان ڕادەگەیاند، ئامۆژگاریانیش دەکردو پێیان دەووت ..

ـ قسەی پشیلە فێڵەو پێویستە بڕوای پێ نەکەین .

بەڵام پاساریی بەدبەخت بە قسەی هاوڕێکانی نەکردو ڕۆیشت ئامادەی ئاهەنگی پشیلە بوو .

پشیلە پێشوازیی لێکرد، جگەرەیەکی پێشکەش کرد ، بەڵام پاساری جگەرەی نە دەکێشا چونکە ئازاری قورگی دەداو دەبێتە هۆی کۆکین بۆیە جگەرەکەی ڕەت کردەوە ..

پشیلە بە خۆشی و بە زمانی لووسەوە دەستی بە قسەکردن لەگەڵدا کرد.. کە بۆی دەرکەوت تەنیا پاساریەکە ئامادەی ئاهەنگەکە بووە ، خۆی تاو دایە گیانی و گرتی ..

پاساری دەستی بە گریان کرد ، پشیلە بە گاڵتەوە پێی ووت : ـ ئەوە لە من دەترسیت بۆیە دەگریت ؟

پاساری ووتی : من بۆ پەشیمانی خۆم دەگریم ، بەڵام جارێکی تر لە قسەو ئامۆژگاریی هاوڕێ ووردیلە کانم دەرناچم .

پشیلە دابە قاقای پێکەنین و ڕووی کردە چۆلەکەو پێی ووت :

ـ بەڵام بوارت پێ نادرێت جارێکی تر پەشیمان ببیتەوە.

ئەنجا پشیلە گوێی بە هاوارو دادی پاساری نەدا و کردی بە تیکەیەکدا و خواردی .

مکرم رشید ئاڵەبانی
گردوویەتی بە کوردی

شعر بۆ منداڵان

پەیمان علی ابراهیم دەروێش سلێمانی

خوێندەواری

من قوتابیەکی کوردم
هەوڵی من بۆ خوێندنە
کوردینە گشت بخوێنن
عالەم لەم سەر زەمینە

خوێندن مایەی ژیانە
هەر کەسێ خوێندەوارە
تێ کۆشن گشت بە جاری
دواکەوتن و هەژاری

شانازیی یە ئەمڕۆ
کوڕو کچ گشت بە یەك
بۆ خوێندن تەکان بدەن
وولات بۆ پێشەوە بەرن

زیرەك ئازاو نەبەردم
چونکە دژی دوژمنە
با ئیتر جێنەمێنن
بە خوێندنەوە بە تینە

چاوساغی میللەتانە
دیارە دژی زۆرداره
با زانیاری بباری
هێنای نەخوێندەواری

بۆ قوتابخانە بڕۆ
هەر وەك بارانی بەهار
ڕێگای دەست پێشان بدەن
چونکە ئێوە گەوهەرن

تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەلانی

هاوکاری

ژمارەی تایبەت
لەگەڵ یادکردنەوەی (۸) ساڵەی شۆڕشی

ڕۆژگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ڕامەزراوە

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

بریاری میزوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکوئاوەکەمان و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێن بەربەستی ئەم بریارە میزوویە ڕەوانەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

● پێنج شەممە ١٩٨٢/٣/١١ ژمارە ٦٢٨ ●
● الخميس ١٩٨٢/٣/١١ العدد ٦٢٨ ●

بەڕێز سەرۆك صدام حسین لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی فەرەنسا دووپاتی دەکاتەوە

لە هەست کردن بە بەرپرسیاری نیشتمانی و مرۆڤایەتیەوە بەرامبەر گەلەکەمان و جیهان ئاشتیمان دەوێت

بەڕێز سەرۆکی فەرماندەصدام حسین دووپاتی‌کردەوە کە ئیمە گاتێ زۆر لە ئێرانیەکان دەکەین ، بۆ ئاشتی‌و سوورین لەسەری‌ئەمە لە ڕووی هەست کردنمانەوەیە بەلێپرسینەوەی نیشتمانی‌و مرۆڤایەتی‌بەرامبەر گەلەکەمان‌و بەرامبەر جیهان .

موهیب ڕوکن صدام حسین مەشقێکی تایبەتی هێزێکی خۆبەختکاری تایبەت دەبینێت

بەڕێز موهیب ڕوکن‌صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ، بتری ، مەشقێکی تایبەتی بەشێك لە هێزەخۆبەختکارە تایبەتەکانی لە یەکی لەپارێزگاکانی وڵاتدابینی .

بەڕێز سەرەکی فەرمانده ئامۆژگاری‌یە بەنرخەکانی ئاراستەی لێپرسراوانی مەشق‌کردن کرد دەربارەی زۆر لایەنی ڕاهێنان لەسەر جەنگین‌و ئەوەی دووپات کردەوە کە دەبێت جەنگاوەر لەکاتی مەشق کردندا . لەگەڵ باری جەنگدا بژین .

هەروەها بەڕێزی دووپاتی کردەو کە جەنگاوەران دەبێ بەهەموو بارەکانی جەنگ ڕابێن لەشەوو ڕۆژداو فێری بەهێزکردنی بنکەکانی بەرگری کردن بێن دوای داگیرکردنی بنکەکانی دوژمن‌و حساب بۆ بەربەستی کردن بکەن .

بەڕێز سەرەکی فەرمانده لایەنە بنەڕەتیەکانی هێرش‌بردنی ڕوونکردەوە بەهاوکاری هەموو چەکێك مودەرەعەو تۆپ‌و شەڕ بە چەکی سووك‌و پەیماك کردنەوەی بنکەکانی بەرگری دوژمن دوای داگیر کردنیان و باسی بایەخی بەکارهێنان‌و سوود وەرگرتن لە تەبیعەتی ئەرزو ئەو بەرزونزمیانەی کرد لە بەرگری کردن‌و خۆ پەنادان لە بۆردومانی دوژمن .

بەڕێز سەرەکی فەرمانده بنەڕەتیەکانی هێرش‌بردنی ڕوونکردەوە بەهاوکاری هەموو چەکێك

بەڕێز سەرەك صدام حسین لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (لۆردەبرۆی) لەتەلەفزیۆنی فەرەنسی وتی : ئەوە لەبیرو باوەڕو سیاسەتماندا نیە لەسەر حسابی مافەکانی خەڵکی‌تر شتمان دەستبکەوێ‌و ئەو زەوی‌و زارەی ئێران کە سوپاکەمان دەستی بەسەراگرتوون ئیستا لەبەردەم حوکم ڕاکانی تارانەدایە بە سیاسەت‌و ئاشتی‌و ئەوان ئەمە ڕەفزدەکەن‌و بەردەوام دەبن لەشەر چونکە لەوانەیە بیانەوێ بەخوێن ئەو گوناهو گرێ تایبەتیانەیان بشۆن کە لەدەروونیاندایە .

بەڕێز سەرەك صدام حسین لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی هاوکاری عیراق‌و فەرەنسا لەڕووی ئەتۆمەوە بۆ مەبەستی ئاسایشانە پەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە مەرجی هاوکاری ئەتۆمی بۆمەبەستی ئاسایشانە لەنێوان عیراق‌و فەرەنسە ئاشکراو ڕوونە کە بۆ مەبەستی ئاسایشانەیە لەبەر ئەوەو وەك لێپرسراوانی فەرەنسا بەڵێنیان داوە ئەم هاوکاریەیە بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام دەبێت .

دەربارەی کونگرەی بەرزی حەوتەمی وڵاتە بێ لایەنەکان کە لە ئەیلولی داهاتوودا لەبەغدا دەبەسترێ بەڕێز سەرەك صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو شتە گرنگەی لەسەر وڵاتە بێ لایەنەکانە لە کونگرەی بەغدا سووربن لەسەری قبول کردنەوەی ڕێبازی بێلایەنە لەناو بزوتنەوەکەدا .

د. قاسملو : خۆئامادە دەکەین بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

لەڵاتنی فڕۆکەیەکی ئێرانی بۆ سعودیە شەڕ لە شەقامەکانی تاران

عبدالرحمن قاسملو ئەمیندارى گشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی‌ڕای‌گەیاندکە لەبەهاری داهاتوودا لە هەرێمی‌کوردستانی ئێراندا یەکەم هەنگاو بۆری خۆشکردن لەبەردەم دروست‌کردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی‌کوردستانی ئێراندا هەڵبژاردن بۆ ناونانی(ئەنجومەنەکانی دیهاتەکان) دەست پێ ئەکات .

هەروەها قاسملو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە لەپاریس بەستویەتی‌وتویە حکومەتی فەرەنسا لەسەر ئەوە ڕازی‌بووە نووسینگەی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە پاریس بکرێتەوەو ئەم نووسینگەیەش بەم‌زوانە ئەکرێتەوە .

قاسملو کە ئیستا لەپاریسە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ سەرەکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرگری ئێرانی مەسعود ڕەجەوی‌و بەنی صەدرو ناودارانی ئێران لە فەرەنسا بکات پەنجەی بۆ ئەو پێکهەڵپژانە خوێناویانە ڕاکێشاوە کە ئیستا لە هەرێمی کوردستانی ئێران لە نێوان جەنگاوەرانی کوردو هێزەکانی ڕژێمی فارسدا ڕوئەدەن‌و دووپاتی کردۆتەوە کە ڕژێمی ئێران (٨٥) هەزار سەربازی بۆ لەناوبرنی چەکدارەکانی کورد لەئێران خستۆتە کار .

دووپاتی ئەوەشی کردۆتەوە کە جەنگاوەرانی کورد لە ئێراندا دەستیان بەسەر بەشی زۆری ناوچەکەدا لە کوردستانی

بڕوانە ل : ٧

لەنگەیەك پیلانەکانی ڕژێمی خومەینی ڕێژی تاران دێری ڕۆڵەکانی گەردنی ئێران ئاشکرادەکات

ڕژێمی خومەینی جادووگەر لە مژینی خوێنی ڕۆڵەکانی ئێرانی ناوولاتێری نەخواردوەو کەوتوەتە شوێن‌کەوتنی ئەو ڕۆڵەئێرانی‌یانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین‌و لەقەسابخانەکانی خومەینی ڕایان‌کردوە .



ئەم جارەیە تازەیە ئەوە ئاشکرادەکا کە خومەینی جەورو ستەم‌کەر یەك ملیار ڕیالی تەرخان‌کردوە بۆ کونسولگەری‌یەکانی ئێران دەرەوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو پاسەوانانەی خومەینیدا دابەش‌بکرێن کە بە ناوی قوتابی‌یەوە ئەنێررێن بۆ دەرەوە بۆ کوشتنی بەرهەڵستەکەرە ئێرانی‌یەکان .

لە خوارەوە دەقی ئەو بەڵگەیە بە فارسی‌و وەرگێڕانەکەی بۆ کوردی

بڕوانە ل : ٧

زایونی دووژمن خۆی بۆ پەلاماردانی خواروی لوبنان ئامادە دەکا

● لێپرسراوی دام‌و دەزگای ئاسایشی مەرکەزی لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیدا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە زایۆنی دوژمن خۆی ئامادە ئەکات بۆ هێرش بردنێکی فراوان بۆ سەر خواروی لوبنان ، ئامانجیشی لەم هێرشە ، لێدان‌و سەرکوتکردنی بەرگری فەلەستینی‌و بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانە .

لە گفتوگۆیەکدا کە ڕۆژنامەی (سیاسە)ی کوێتی بڵاوی کردۆتەوە ،

بڕوانە ل : ٧

هێزە دلێرەکانمان سەرکەوتنی نوێ بەدی دەهێنن و زیانی زیاتر لە دوژمن دەدەن

هێزە سەرکەوتوەکانمان ، لەهەموو بەرەکانی جەنگی ڕەوامان، دژی چاوبرسیەتی دوژمنی ڕەگەزپەرست ، مەردانە بەرگری لەو سەر- کەوتنە مەزنانە دەکەن بەدرێژایی ساڵو نیویکی جەنگ بەدیان هێناوە .

بەردەوام ، هێزە جەنگاوەرەکانمان زیانی سەرو ماڵی بە دوژمن دەگەیەنن‌و بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ، سەرجەمی زیانی دوژمن لەماوەی هەفتەی ڕابووردودا بەم جۆرە بوو :

● ١٩٨٢-٣-٤ :
٥٦ کوژراوو یەك دەبابەو چوار سەرباز بەری مودەرەعەو یەك لۆری‌و یەك تۆپ‌و دوو شەڤڵ‌و دوو بنکەی تەقەمەنی .

● ١٩٨٢-٣-٥ :
٦٥ کوژراوو یەك تۆپ‌و یەك ڕوانگەو لەم ڕۆژەدا بەیاننامەی بەرەی جەنگ ڕای گەیاند کە فڕۆکە ئازاکانمان هێرشیان بردە سەر مولگاکانی دوژمن‌و زیانی سەرو ماڵی زۆری پێگەیاندن‌و هەمووش بە سەلامەتی گەڕانەوە .

● ١٩٨٢-٣-٦ :
٣٨ کوژراوو یەك لۆری‌و سێ تۆپ‌و یەك شەڤڵ‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و سێ ڕوانگە .

● ١٩٨٢-٣-٧ :
٦٦ کوژراوو دوو لۆری‌و چوار بنکەی تەقەمەنی‌و یەك تۆپ‌و شەش ڕوانگە .

● ١٩٨٢-٣-٨ :
٢٨ کوژراوو سێ لۆری‌و یەك تۆپ‌و یەك شەڤڵ‌و لەم ڕۆژەدا دیسان فڕۆکەکانمان پەلاماری مەردانەیان بردە سەر بنکەکانی دوژمن لەکەرتی ناوەڕاست‌و زیانی ڕاستەو خۆی پێگەیاندن‌و بە سەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانیان .

● ١٩٨٢-٣-٩ :
٣٢ کوژراوو دوو لۆری‌و یەك تۆپ‌و بنکەیەکی ساروخ‌و سێ ڕوانگە .

بڕوانە ل : ٧

ئەمەریکا چەکی نووێ دەدات بە زایۆنی‌یەکان

حکومەتی ئەمەریکا بە کۆنگرەسی ئەمەریکی ڕاگەیاندووە کە ڕازی‌بووە (٢٠٠) ساروخی (زەوی - ئاسمان) ی زیادەکی لەجۆری (هۆك) بە قەوارەی زایۆنی بفرۆشێت نرخەکەشی بە (٤٧) ملیۆن دۆلارە .

هەروەها وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا وا پروپاگەندە دەکات کە گوایە ئەو ساروخانە لەسەر سەکۆی بزواو دادەنرێت‌و بێویستیش ناکات کار لە هاوسەنگی هێزەکانی ناوچەکە بکات .

پەیوەندی نێوان تورکیاو یۆنان

یۆنان تورکیای بەوە تاوانبار کرد کە سنوری ئاسمانی لەسەر دورگەی (ساموساکی) کە دەکەوێتە سەرووی دەریای ئیجە ، شکاندوە .

قسەکەرێکی ڕەسمی ووتی : کارولوس بابولیاس یاریدەری وەزیری دەرەوە یاددداشتێکی ناڕەزایی پێشکەش بە باڵوێزی تورکیا لە یۆنان کردووە . هەروەها وتی ئیستا تورکیا

بڕوانە ل : ٧

لێژنەی بەرگری لە ئازادی لە سوریا ناڕەزایی بەرامبەر ڕەفتاری خوێناوی ڕژێمی حافظ اسد دەردەبڕێت

لێژنەی بەرگری‌کردن لەئازادی گیراوە سیاسی‌یەکانی سوریا لقی بەریتانیا دووپاتی‌کردوە کە قەسابخانەی ئەم دوایی‌یەی شاری حەماسروشتی خوێنریژی‌و دیکتاتۆری ڕژێمی حافظ‌اسد لە یاسا چەوسێنەرەکان‌و دروشمە پوچەڵەکانی‌دیاردەخات کە دەیەوێ بەهۆیانەوە تایفە گەری‌ڕژێمەکەی بشارێتەوە .

ئەمەش لە بەیاننامەیەکدا هاتووە کە لێژنەی ناوبراو بەبۆنەی بیرەوەری نۆزدەمین . ساڵەی بزووتنەوەی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ دەری‌کردووە . بزووتنەوەکەش کۆمەڵێك لە ئەفسەرە نیشتمان‌پەروەرەکان‌و ئازادیخوازە نەتەوەیی‌کان سەرکردایەتی‌یان کردبوو بە ئامانجی‌گێڕانەوەی سوریا بۆ سەرڕێبازی یەکێتی

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

سەرەکی فەرماندە موهیب روکن صدام حسین



مەدالیای ئازایەتی بەدەستەیەك لە جەنگاوەرە پاڵەوانەکانمان دەبەخشێ

بەرێز سەرەکی فەرماندەو سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان موهیب روکن صدام حسین رۆژی نۆی ئەم مانگە مەدالیای ئازایەتی پێشکەش بەدەستەیەکی نوێی ئەفسەرو سەربازی پاڵەوان کرد پاداشتی ئەوەی کە تەقەللای پاڵەوانەیان داوە بۆپاراستنی شەرەفو کەرامەتی نەتەوە دژی فارسی رەگەزپەرستی دوژمن .

لەوتەیەکی کورتدا بەرێز سەرەکی فەرمانده پەنجەی بۆخێزانی جەنگاوەرەکان راکێشا لەهاندانیاندا بۆ قوربانی دان و بەمەش دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەگەر ئەمخێزانانە سەبارەت ئازایەتی و مەسلەی نیشتمانی نموویەیی نەبن ئەوە بوونە یارمەتی دەری جەنگاوەرەکان لەو ئازاتیەی ئەنوێنن و لەو قوربانی دانانەی کە ئەیدەق ئەمە بێجگە لەوەی کە هەڵکەوتنی هەموو جەنگاوەرێك لە ریزی سەربازیدا وا درووست ئەبێ کە بۆ شەهیدبوون ئامادەبێ .

بەرێز سەرەکی فەرمانده ئەوەی روونا‌ك کردەوە کاتێ کەس و کار یارمەتی پەروەردەکردن و یارمەت دەری پشت گرتن ئەبن بێ گومان دووبارە . لە ئازایەتی نواندن و چوونە پێشەوەو خۆ راگرتن و دلێریدا دەوری خۆیان ئەبێ .

ئەمەش دەقی مەرسومی کۆماریەیە کە سەبارەت بە پێشکەش کردنی مەدالیای ئازایەتی بە ئەفسەرو سەربازە پاڵەوانەکان دەرچووە .

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان .

مەرسومی کۆماری

بەرامبەر بەو هەلوێستە پاڵەوانیانە ئازایانەی ئەم ئەفسەرو جەنگاوەرانەی خوارەوە نویانەویانە بۆ بەرگری کردن لە شەرەفو کەرامەتو عیزەتی نەتەوە دژی فارسی رەگەز پەرست. پشت بە ئەحکامەکانی برگەی دووسێی قانوونی مەدالیای ئازایەتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٨١ بەمجۆرە بریارماندا :

پێشکەش کردنی مەدالیای ئازایەتی بەم ئەفسەرو سەربازانەی ناویان لە خوارەوە نووسراوە .

١ ـ عبدالله عبدالقادر نجم رائد
٢ ـ سعد عبدالغنی عبدالرحمن رائد
٣ ـ محمود محمد محمود رائد
٤ ـ نوری عبدالله نایف رائد
٥ ـ یوسف محمود شطب نقیب
٦ ـ نداء اسماعیل ابراهیم نقیب
٧ ـ یحی جمعه حضر ملازم اول
٨ ـ مولود سلمان شریف ملازم اول
٩ ـ محمد عبید عبد ن.ض
١٠ـ مایح عبدالحسین عزیز ن.ض
١١ ـ مالك رفعت باقر ن.ض
١٢ ـ جاسم محمد هدای ن.ض
١٣ ـ شنان فهد طاهر ن.ض
١٤ ـ عبدالکریم صولاخ ن.ض
١٥ ـ صباح سعد فرج ن.ض
١٦ ـ عطاالله جاسم منوح ن.ض
١٧ ـ مجمد علی مطلك عریف

وەزیری بەرگری ئەبێ ئەم مەرسومە جێبەجێ بکات .

صدام حسین
سەرەك کۆمار

لە کاتی پێشکەشکردنی مەدالیای ئازایەتی یەکاندا بەرێز طارق حمد العبدالله ئەمینداری نهێنی گشتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەرەکی دیوانی سەرەك کۆماری بە وەکالەتو فەریق اول روکن سەرەکی ئەرکانی سووپاو فەریق روکن یارمەتیدەری سەرەك ئەرکانی سووپا ئامادە بوون .

بەردەوامی چالاکی جەماوەری گەلەکەمان بۆ پشتیوانی جەنگی رەوامان و پاراستنی گیانی سەرکەوتن

لە ناوچەی کوردستانی ناحیەو گوندەکان ، کوردمان بەردەوامە بۆ رەوامانو ئامادەیی دەربرین پاراستنی گیانی سەرکەوتن ئۆتۆنومی ، لە شارو قەزاو چالاکیەکانی جەماوەری گەلی پشتیوانی کردنی جەنگی بۆ خۆبەخت کردنو هەولێر :

● لەو کۆڕەدا کە رۆژی حەوتی ئەم مانگە لقی بانگی رافدەین لە پارێزگەی هەولێر بەستی هەموو ئەوانەی کە سەر بە بانگی ناوبراون ئامادەیی تەوای خۆیان بۆ چەك هەڵگرتنو بەزووترین کات رووکردنە بەرەکانی جەنگ و لێدانی فارسی رەگەز پەرستی دوژمن تا مل کەچی هەموو مافێکمان لە خاك و ئاوماندا ئەبێ دەربری .

● هەروەها ئەوانەی کە سەربە بەرێوەبەرایەتیەکانی دەوڵەتن لە ناحیەی صلاح الدینی پارێزگەی هەولێر لەو کۆڕەدا کە رێکخراوی حزب لە ناحیەی ناوبراودا پێکی هێنا داوایان کرد کە وەربگیرێن بۆ چوونە ریزی سووپاوەو لەناو رێکخراوە خۆبەختکاریەکاندا بن بۆ ئەوەی شەرەفی بەشداربوونی جەنگی قادسیەی صدامیان بەربکەوێ .

بەڵام پیاوە ئایینیەکانی ناحیەی صلاح الدین لە کۆڕێکی فراواندا ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ چەك هەڵگرتنو بەشداری کردن لە جەنگی قادسیەی صدامو لێدانی دوژمنانی موسوڵمانانو مرۆڤایەتی .

● ئەندامانی ئەنجوومەنی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ئافرەتو پیاو لە مەلبەندی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریو قوتابخانە میللیەکانی قەزای چۆمانی سەر بە پارێزگەی هەولێر ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ چوونە ریزی سووپاوە لەناو رێکخراوە خۆبەختکاریەکاندا بۆ لێدانی فارسی رەگەزپەرستی دوژمن .

لە بروسکەیەکدا کە بۆ بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین یان ناردووە لە کۆتایی ئەو کۆڕە فراوانەدا کە رۆژی حەوتی ئەم مانگە بەسترا دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە بە تەواوی ئامادەن بۆ چەك هەڵگرتنو یەکسەر رووکردنە بەرەکانی جەنگ بۆ ئەوەی شەرەفی بەشداربوونی جەنگی قادسیەی صدامیان بەربکەوێ ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی کەوە مانگانەو پارەی تایبەتی کاری زیادەی مانگی شوباتی خۆیان بۆ پشت گرتنی رەفتاری جەنگ پێشکەش کردووە .

● **قوتابیو لاوو کرێکارانی دهۆك**

● یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی پارێزگای دهۆك رۆژی یەکشەممەی ڕابردوو سێ کۆڕی بۆ بەرێوەبەرو قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی کاوەو خانەی مامۆستایانی سەرەتایی و ئامادەیی دهۆکی کچان سازکرد ، بۆ رووکردنەوەی مەوداکانی جەنگی قادسیەی صدام تەرخان کرا .

● هەروەها یەکێتی گشتی لاوانی عیراق لقی پارێزگای دهۆك چوار کۆڕی بۆ رێکخراوەکانی پێشرەوو نەوجەوان و لاوانی پارێزگای زاخۆو هەردوو ناحیەی باتوخەو درکارو دێی بیرسفی هاوچەرخی رێکخست ئەویش بۆ رونکردنەوەی مەوداکانی جەنگی قادسیەی صدام .

بەشدار بوانی ئەم کۆڕانە داوایان کردووە بچنە ریزی سوپای خۆبەخت کردن و رێگەیان بدرێت بەشداری بکەن لەجەنگەکانی شەرفمەندی و سەربەرزی دژی فارسی دوژمنی رەگەز پەرست .

● هەروەها کرێکارانی کەرتی تایبەتی لە پارێزگای دهۆك رێزیان ناوە لە سەرکەوتنە گەورەکانی سوپای دلێرمان کەوا بەسەر فارسە رەگەزپەرستەکان وەدەستی دەهێنێت .

لە بروسکەیەکدا کە بۆ بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین ناراستەکراوە لەکۆتایی کۆڕێکی فراوان کەیەکێتی نیقابەکانی کرێکارانی دهۆك رێکی خستبوو بەرێزان هاوری یان ئەمینی سری مەکتەبی کرێکاران لەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی / شوعبەی دهۆك ئامادەیی تەواوی خۆیان دووپات کردەوە بۆ هەڵگرتنی چەك و چوونە ریزی سوپای خۆبەخت کردن بۆ ئەوەی شەرەفی بەشداری کردن لەجەنگی قادسیەی صدام وەربگرن .

● **دیسان دهۆك**

● حەفتا مووچەخۆری ئافرەتو پیاو لە گەلێ بەرێوەبەرایەتی پارێزگەی دهۆك رۆژی حەوتی ئەم مانگە لە دەورەیەکدا کە بەرێوەبەرایەتی پەروەردە لەپارێزگای ناوبراودا پێکی هێنابوو ئامادەبوون بۆ ئەوەی لە ماوەی شەش مانگدا ئامادە بکرێن وەك مامۆستا بۆ قوتابخانەکان .

ئەوانەی بەشداری ئەم دەورەیەیان کردووە چەند کۆڕێکیان دەربارەی وانە وتنەوەو زانیاری دەروونیو وشیارکردنەوەی نیشتمانیو نەتەوایەتی بۆ دەبەسترێ .

ئاهەنگەکانی نەورۆز وئادار لە سلێمانی

بریار درا لە پارێزگای سلێمانی لە رۆژانی (١١ ـ ٢١)ی ئادار دەست بە ئاهەنگی جژنە پیرۆزەکانی ئادار بکرێت .. وەبە بۆنەی بیرەوەری هەشتەمینی دەرچوونی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستانو جژنی نەورۆزەوە .

هەروەها لە پارێزگای ناوبراودا لێژنەیەکی ناوەندی بە سەرکردایەتی بەرێز پارێزگار بۆ رێکخستنی ئەو ئاهەنگانە پێکهاتووە .

لێژنەکەش یەکسەر بەگوێرەی ئەو ئەخشە مەوزوعیەی کە دایرەو دامەزراوە دیاریکراوەکان بەشداری جێبەجێ کردنی دەکەن ، بریاری رێکخستنی ناو شاری دا .

لە هەمان کاتدا دووپات کرایەوە کە ئاهەنگەکانی ئەمسال بە بۆنەی ئەم دوو جەژنە پیرۆزەوە بە شێوەیەکی تایبەتی جیاوازە لە ساڵانی ترو هاوسەنگە لەگەل سەرکەوتنەکانی قادسیەی صدامی پرۆزدا .

چالاکی رایەراندنی پرۆژەکانی ئاوەدانی و خزمەت گوزاری

نووسینگەی سلێمانی

لە پارێزگای سلێمانیدا ئێستا نیاز وایە بایی ٢٦ ملیۆنو ٢٨٦ هەزار دینار پرۆژەی جۆرەجۆر لە رێگای ئیدارەی ناوخۆی پارێزگاوە جێبەجێ بکرێ کە بریتین لە (٨٦) پرۆژەی پەروەردەیی ونیشتەجێ کردنو تەندروستیو وەرزشیو خزمەتگوزاری گشتی تر ... ئەمانەش وەك دروست کردنی ٢٣ قوتابخانەی سانەوی پانزە پۆلی کە چواریان نمونەینو (١١) قوتابخانەی ناوەندیو (١٨)ی سەرەتایی لەگەل (٢٠) باخچەی منالانو (٧) بەشی ناوخۆی قوتابیانو چوارتاقیگەو (٣) هۆلی گەورە کە بۆ زۆر بابەت دەست دەدەن لەگەل یەکێکی تردا بۆ خواردەمەنی قوتابخانەکان . .. ئەمانەش سەرباری چەندەها هەوڵی تر بۆ فراوان کردنی ژمارەیەك لە قوتابخانەکانی ترو دروست کردنی چوار مەلبەندی لاوانو (٣) مەلبەندی تەندروستیو دروست کردنی کارگەی بلۆکی کونکریت لەگەل (٩) مەلبەندی ئاگر کوژاندنەوەو بینایەکی سەرەخۆ بۆ بەرێوەبەرێتی سەرژمێرکردنو خەستەخانە ـ یەك کە بیستگای (٥٠) کەسی تیا دەپێتەوە . ، هەروەها دروست کردنی چەندەها مەلبەندی خزمەت گوزاری تر لە گوندە هاوچەرخەکانداو لە پالیشیا دروست کردنی (٢٦٣) خانوو بۆ فەرمانبەرانو مامۆستایان لەگەل (٣) خانووی تر بۆ قایمقامەکانی چەمچەماڵو شارباژێرو کەلارو هەشتی تر لە مەلبەندی پارێزگادا جگە لە (١٧) مەلبەندی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو پیشەیی و دووانی رێنمایی و هەشتی فەرش چنینو پێنج بارەگا بۆ یەکێتی ئافرەتان .. سەرباری ئەمانەش دروست کردنی چەند بارەگایەکی تر بۆ ژمارەیەك لە رێکخراوە میللیو پیشەیی یەکان لە چەند ناوچەیەکی پارێزگادا .

ئێستاش لە پارێزگاکەماندا خەریکی خۆئامادە کردن بۆ دەستپێ کردنی چەند بینایەکی کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری هەر لە گوندە هاوچەرخەکاندا لەگەل دروست کردنی چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی و ناوەندیو مەلبەندی تەندروستیو مزگەوتو تەندروستیو فرگەوتو پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو ١١٣ خانووی تر بۆ فەرمانبەرانی ناو گوندە هاوچەرخەکان .

شایانی باسە ئیدارەی ناوخۆی سلێمانی لە ساڵی رابوردودا (٢٤٥) پرۆژەی هەمە جۆری لە ناوچەکانی پارێزگادا جێبەجێ کردوە کە بایی ٢٢ ملیونو ١٤٤ هەزارو ٨٤٨ دینار بوە لەوانەش دروست کردنی (٢١) قوتابخانەی سەرەتاییو (١٥)ی ناوەندیو سانەویو دوو هۆلی گەورەو پێنجی تر بۆ خواردەمەنی قوتابخانەکان هەروەها دروست کردنی چەند ژورێکی رێکوپێك بۆ لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق .. .. هەر لەم بابەتانەشی دروست کردنی (٥) قوتابخانەی ناوەندی وسانەوی لەگەل (١٨) باخچەی منالانو مەلبەندێکی ئاگر کوژاندنەوەو چەندەها خانووبەرەی تر و فراوان کردنی ریایگەی سلێمانیو پەرەپێدانی کارگەی چەوولمو کاشیو گەراجی بەرژەوەندی گواستنەوەو مەلبەندی فەرش چنین .. ئەمانەو پانزە مەلبەندی رێنمای رۆشنبیری جونیارانو (٤) بازاڕی هاوچەرخو (٣) مەلبەندی تەندروستیو سیانی کۆمەڵایەتیو پیشەیی لەگەل دروست کردنی (٢٧) مزگەوتو (١٦) مەلبەندی پۆلیس خانە ... هەروەها دروست کردنی (٢١) هێڵی پرۆژەی ئاوخواردنەوەو (١٥) ئەمارو چەندەها پرۆژەی خزمەت گوزاری تر لەگەڵیانا دروست کردنی ٢٣٦ خانووی فەرمانبەرانو مامۆستایانو (١٠٠٠) هەزار خانووی تر بۆ جوتیاران لە کەلارو پێباز .

Institut kurde de Paris

وتەی «ئەدەبو رۆشنبیری»:

لە سایەی بەدی هێنانی مافی نەتەوایەتیماندا کاروانی رۆشنبیریمان گەشەی سەند

بێگومان ، کەسەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا ، لەسەر ڕێبازی مرۆڤایەتیو پێشکەوتنخوازی راستەقینەی ، بە دەرکردنی ئەو بەیاننامە میژوویەی ، تیایدا دان نرا بە مافی ڕەوای نەتەوایەتی گەلی کورداو دوای ئەوەشو لەسەر بەڵێنی بە باوەڕی لە ئاداری ١٩٧٤دا دامو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان چەسپاو کەوتنە کار ئەم هەنگاوە ، دەورێکی گەورەی لە بەرەو پێشەوەبردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی گەلی کوردماندا گێراو یەکێك لەو لایەنانەی هەنگاوی مەزنی پێشکەوتنی تیا نراوە لەم ماوەیەداو لە سایەی زامنکردنی مافی نەتەوایەتیمان بە ئۆتۆنۆمیەوە بۆ ناوچەی کوردستانی عیراق ، لایەنی ئەدەبیو رۆشنبیری گەلی کورددا مایەی دڵخۆشیو شانازیمانە کە لە سایەی بەدیهێنانی مافی نەتەوەیماندا ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی گەلەکەمان زۆر بوژاوەتەوەو هەنگاوی چاکو دڵسۆزانە لەم بارەیەوە نراوە کە مژدەی پاشەڕۆژی باشتریشە .

لەم بۆنەیەدا ، دەبێت پەنجە بۆ ئەو راستیە بکێشین ، لە کاتێکدا لە عیراقداو لەسەر ڕێبازی مرۆڤایەتی حزبو شۆڕش نەتەوەی کورد ، بە زمانی خۆی دەخوێنێو دەنووسێو گۆڤارو ڕۆژنامەو ئیستگەو تەلەفزیونی کوردی هەبەو دامو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستاندا کاری بیناکاریو ئاوەدانی لە سوودی جەماوەری کورد دەکەن ، نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە ژێرباری چەوساندنەوەی یەکی رەگەزپەرستانەی رژێمە چەپەلەکەی خومەینیدا دەچەوسێتەوەو لە هەموو مافێکی رەوای بێ بەشەو هەر بۆیەش نەتەوەی کورد لەوێ ڕێگای خەباتی پێوچانی گرتوەتا مافە رەواکانی خۆی دەست بخات .

لە بیرەوەری هەشتەم ساڵەی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراقدا سلاوی وشەی پیرۆزی کوردی لە کاروانی سەرفرازو سەرکەوتوی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتیە براکانیەوە بە رابەری سەرکردەی دڵسۆز صدام حسین .

● ئەدەبو رۆشنبیری ●

بەخێربێتەوە

بەخێربێتەوە ...
ئەی سەربازی سەرکەوتوو ..
ئەی نەوەی قادسیەی نوێ ..
لەمەیدانی پاڵەوانیەوە ..
چەپکە گوڵی خۆشەویستی ..
منداڵو ئافرەتو پیرانی عیراق
دەکەینە دیاری ...
تۆ .. نیشانەی سەربەرزی ئێمەی ..
گیانی خۆت کردۆتە قوربانی
خوێنت بۆ سەربەرزی ئێمە هەرزان کردوە
بۆیە ...
خۆت لەدڵی ئێمە جێگر کردوە ...
مایەی شانازی ..
نەوەی ئەمرۆو ...
پاشە ڕۆژی ...
بەخێربێتەوە ..

عزیز یاسین

چۆن وێنەی پاساری یەك دەکێشێت

شیعری : ژاك بریڤێر
مکرم رشید تاڵەبانی کردوویەتی بەکوردی

لە پێش‌دا جوان وێنەی قەفەسێك بکێشە
دەرگاکەی وازبێت ..
شتێکی جوان ..
شتێکی ساکار ..
شتێکی نایاب ..
شتێکی سوودبەخش ..
بۆپاساری‌یەکە بکێشە .
ئەنجا تابلۆکە بە قەد درەختێکی
باخچەیەك‌دا
یاخود دارستانێك‌دا
هەڵبواسە
خۆیشت لە پال درەختەکەدا
حەشار بدە !
وورتەت لە زار نەیەتەدەر
مەش‌جووڵێوە
ئەگەر هاتوو گەیشتەجێ
زۆرزۆر بێدەنگ بە
چاوەڕوان بە
تا دەچێتە قەفەسەکەوە
کە دەچێتە قەفەسەکەوە ..
هێدی .. هێدی
بە پەڕەمووچ .. دەرگاکە داخە
ئەنجا یەك یەك
هەموو تەلە ئاسنینەکان بسڕەوە
ووریاش بە
دەست لە پەڕی پاساری‌یەکە نەدەیت
ئەنجا جوان وێنەی درەختەکە بکێشەو
جوانترین گەڵای بۆ پاساری‌یەکە
هەڵبژێرە ..
پاشان وێنەی گەلا سەوزو شینەکان‌و
سروەی باو
گەردی ڕۆژو
دەنگی گیانلەبەرە گیاخۆرەکان
لە قرچەی گەرمای هاوین‌دا
جوان بکێشە ..
دوایی بە تەما بە پاساری‌یەکە ..
بڕیاری ئاواز خوێندن بدات ..
گەر هاتوو گۆرانی‌ی نەچڕی
ئەوا نوقڵانەی شتێکی خراپەو
بەڵگەی خراپی‌ی تابلۆکەشە
بەڵام ئەگەر گۆرانیی چڕی
ئەوا نوقڵانەیەکی باشەو
بەڵگەشە کە دەتوانیت ..
مۆری خۆتی پێوە بنێیت . .
ئا ئەو کاتە ..
پەڕێك لە باڵی پاساری‌یەکە
بکەرەوەو ..
بە هێواشی
لە سووچێکی تابلۆکەوە ..
ناوی خۆیشت تۆمار بکە !

فۆلکلور

قەفتەکا حەیرانۆکا

● جلال بەرواری ●

فولکلورێ مە دارەکا گەلەك چەق‌و تا بەلاڤەو چنینا بەرێ ئێ دارێ کارەکێ پیروزەو دکەفیتە سەر ملێ هەمی تورەڤان‌و روشەنبیرێت کورد . تایەك ژ ئێ دارێ مەبرانۆکن .. کو دبێتك هاتینە ژ پەیڤێت جوان‌و سڤك‌و بکێش‌و ئاوازەکێ خوش دلڤەکەر وگەك ب سەر رەنگێ سترانێت داوەتا ئەدچن .

یا ژ هەژی کوتنێ ئەوە ئەف حەیرانوکە بەرهەمێ کچو ژنا کوردەو چێدبیت رێ کورد ژی پشکداری دڤەهاندنا ڤان حەیرانوکا دا کریت دەمێ دوو ئەڤیندار دگەهشتنە ئێك‌و دهاڤێتە بەرێك وەکی یاخویا دڤان حەیرانوکێت ژێری دا .

(١)

– کچکێ ... بێ ڤێلێ
ل خو بزڤرە .. نانێ تە سۆت ل سەر سێلێ
بەس روندکا .. ببارینە ب هێجەتا دوکێلێ

× کورکۆ دینۆ ..
کوڕکێت گوندێ مە عەبا رەشن .. عەبا تەبرێزن
دێ تو وەرە دا رامۆسانەکێ بدەمە تە
ئەف شەڤە ئەز یا مایم .. دێ من فەگزهێزن

– کچکێ دینێ ..
مالاّ بابێ تە ل سەرێ گری
ژ کەلەکێ من خولی پێوەرکری
من حەفت یارێت گرتین ..
من گرتی ئەڤە بەری حەفت ساڵایە تو یامری

(٢)

– ئەز ل قەنتەرێ .. تو ل قەنتەرێ
کەزی شۆڕێ .. ل سەر کەمەرێ
عەشق‌و ئەڤینی‌یا من‌و تە بون
(لەبل‌و مەجنونێت) دەورێ بەرێ

+ هەرێ شڤانۆ ... شڤانێ شەکا
تە رەختێ شۆرە .. ل سەر کێلەکا
تە چاڤ یێ ل من .. دلێ ل گەلەکا

– کورکۆ دینۆ ... دلکێ منێ بەیی
باهیڤا سپی‌کر ل رەزێت « کروپەیی »
خوزی نەهە ئەز ل بەر کە پە نێ لاوکێ خو بام
ل کورو ملێت « سپنەیی » .

+ کچکێ خوش ناڤێ
باهیڤا سپی‌کر ل رەزێت گەرمافێ
هەکە سینگك‌و بەرێت تە ببنە کەڤیێت بەفرێ
ئەز ژێ نا ڤەخوم ئافا لویلافێ .

سروودی جوان

شیعری بۆدلێر
جەزا عەلی ئەمین کردوویەتی بەکوردی

ئەی جوانی ! لە قوولایی ئاسمانەوە هاتی
یا لە دۆزەخەوە سەرکەوتی ؟
بە نهێنی خێرو بەدی تێکەڵ دەکەن
لە گلێنەکانتا خۆرنشین‌و خۆرهەڵات دیارن
تۆ وەك ئێوارەیەکی باراناوی عەتر دەڕێژی
لێوەکانت شەرابی ئەفسووناوین
دەمیشت شووشەیەکە
ئازا ترسنۆك‌و ، منداڵ جوامێر دەکەن !
لە چاڵی تاریکیەوە هاتی یا لە ئەستێرەکانەوە کەوتی ؟
بە ئارەزووی خۆت تۆوی شادی‌و بەدی دەوەشێنی

× × ×

پەپوولەی شەیدا بۆ لات دەفڕێ
وەك چۆن بۆ لای خۆم باڵ دەگرێ
دەسووتێ‌و دەڵێ ، پیرۆزبێ گڕ !
مەبەستیش نیە ، لە بەهەشتەوە هاتووی یان لە دۆزەخەوە
چی تێدایە ؟ مادامەکی چاوانت ، قاچو پێکەنینت
دەروویەکی ئەبەدیم بۆ دەکەنەوە
خۆشم دەوێ‌و لەبیرخۆمی دەبەمەوە
چونکە ئەی پەری بەو دوو چاوە نەرمە مەخمەرییەتەوە
جیهان بێ‌وەی‌و رۆژەکان خەم سووکتر دەکەی
ئەی ئاوازم .. رووناکیم .. شازادە تەنیاکەم

بۆگیانی کاوێساغا

خاڵۆی ڕێبوار . . .
بەچەمی چەتەلێدا رابوورد ،
مامەی جووتیار ، گەنمی
خۆی دەچاندو ...سروودی
بۆ مەمی ئالان دەبێژاو
دەچڕی‌ی ... !!
لاوکی خاڵۆش خەو
ڕەوێنی قەتارێ بوو ،
لەگەرمێنێ هۆی دەدایەوە .
لەپێ‌دەشتدا ، دیمانە
بەخێرو بنەو بارگە ترازان
وەرزێ ڕۆیشتو وەرزێ
هات . . . کاروانیش
دەجماو نەسرەوت .. ،،
تا ـ چاو بڕبکا ، دەشت
مێرگە شینە .. مێرگە
شین ... هەوران ، گەواڵ
ـ گەواڵ‌و مەڵۆ مەڵۆ ـ
گوڵبەندانە .... !!
حیلەی ئەسپی ئاغرو
سەر کێش ... ڕەوتی ،
بەهەوای هۆرەو خاوکەر
سروودی ئاوەدانی بوو . . .
ئاوەدانی . . . .
دەهات‌و دەچوو ، وەك
پەیکەر ئاگرینێك
دەترووسکایەوە .. ،،
دەوروبەر نەڵێن‌و زەڵینی
کپ‌و مات .. ! !
قەڵودالی زەڵێن ، خۆ
حەشاردوو تۆقیو ، بەتاوی
شەماڵەی یاڵو کلافەی
ئەسپی ڕەوان ....
ناگەهان ـ تاقانەی
سەوزە بەند ، بەنووچدا
هات‌و جوانی‌و شکۆی
ئاوابوو . .. میرمێرگ
کەنەفت‌و داماو . !!
تەڵە تەقێن‌و مەگەز بەوخەزو
بەزەی بووژانەوەو
مەستانە ، خۆیان راوەشاند
... ئیدی ئەو بۆکەندو
ئەمانیش بەرزەفر ..؟! .

(رەئووفی ئەحمەد ئالانی)

Institut Kurde de Paris

دەوری ئافرەت لە هەوڵدان و تاقیکردنەوەی صدام

دەوری ئافرەتی عیراقی لە کۆمەڵ زۆر دیارو ئاشکرایەو لە هەموو بوارەکاندا دەرکەوتووەو کارێکی گەورەی هەبووە بۆ پێشخستنی شارستانیەت لە وڵاتدا بە تایبەتی لەم جەنگە پیرۆزە جەنگی قادسیەی صدام کەوا وڵاتە ئازیزەکەمان دژ بە دوژمنی فارسی رەگەزپەرستو لە خۆبایی‌بوو دەیکات بۆ بەرگری کردن لە ئاوو زەوی‌و ئاسمان ئافرەت شانازی دەکات بینێرنە بەرەکانی جەنگ بۆ بەشداری‌کردن لە جەنگی پیرۆز ، ئەو سەرکەوتنانەی کەوا سوپای مەزنمان ودەستی دەهێنێت دژ بە تاقمی جادووگەر تامو بەرامەیەکی نوێی بە جەژنی ئافرەتانی بەخشیوە، ئەم جەژنە پیرۆزە کەوا هەموو ئافرەتانی عیراق لە هەموو ساڵێکدا یای دەکەنەوە ، بەم بۆنەیە یەکێتی ئافرەتانی عیراق فیستیڤاڵی هونەری لە پارێزگاکانی وڵات سازکردو لەمانە ناوچەی کوردستان نۆمی‌و ئامادەیی نیشتیمانی‌و نەتەوایەتی خۆیان بۆ جەنگی دەربڕیوە .

پیرۆزبایی لە هەموو ئافرەتانی عیراق دەکەین بەم بۆنە پیرۆزەوە .

پیرۆزبایی لە هەموو دایکێك دەکەین رۆڵەکەی لە بەرەی جەنگ بێتو هەمیشە سەرکەوتن بۆ سوپای مەزنمان .

لەیەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق - لقی هەولێر

دەنگی دایکی شەهیدێ وچەك هەڵدەگرن بۆ پاراستنی وڵات

ناظم دلبەند

بلقیس عبداللە بشری حسین وێنەکانیان گرتووە

بەشداری کردنی کۆمەڵانی خەڵك لەریزی فیداکاران ، ئەوە دەسەلێنێ کە ئێمە خاوەنی مافین دژی رژێمی بەکرێگیراوی فارسی ، بۆیە ئەوەندە حەز لە خۆبەخت کردن دەکەین‌لە پێناوی پارێزگاری کردن لە خاکی پیرۆزمان ...

یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر کۆبوونەویەکی فراوانی ڕێکخست ، بۆ هەموو کادیری ئافرەتەکانی هەولێر، لە ئەنجامی قسەو باسی لێپرسراوان دەربارەی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان ، ئامادەبوان بە یەك دەنگ داوای خۆ ناونووسینیان کرد لە هێزەکانی فیداکاراندا بۆ بەشداری کردن شان بە شانی براکانیان لە جەنگی ڕەواماندا ...

● **هەڤاڵ مینان پولس ئەندامی ناوچەی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لە هەولێر کە ئامادەی کۆبوونەوەکە ببوو لەم ڕووەوە ووتی :-**

جەنگی ڕەوامان لە قادسیەی صدامدا جەنگی هەموو عیراقیەکە لە کوردستانەوە تا دەگاتە زەلکاوەکانی خۆرئاوا، بۆیە پێویستە لەسەر هەموومان کە خۆیتی ئالی خۆمان ببەخشین بۆ پاراستنی عیراقی خۆشەویستمان . . . ئێمە هەمیشە لەسەر ڕێبازو راسپاردە مەزنەکانی سەرۆکی فەرماندە هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین دەڕۆین . . . سەربازانمان توانیویانە بە باوەڕەوە سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن وەدەست بهێنن . . . ئافرەتانیش مادام دایکی شەهیدی ئەم جەنگەن‌و ڕۆڵە قارەمانەکانیان ئەوەتا لەبەرەکان چەکیان لەشانە ، دەبێ ئەوانیش بەشداری کاریەرانە بکەن ، چونکە نێکۆشەرن ...

بڕوانە ل : ٧

یەکێتی ئافرەتانی عیراق لقی سلێمانی

لەبارەگای یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق لەسلێمانی چالاکی‌و جم‌و جۆڵی‌یەکی تەواو بەدی دەکرێ بەمەبەستی بەشداربوونی کەرتی ئافرەتان‌و دوانەکەوتنیان لەو جۆڵانەوە مەزنەی لەعێراقدا هەیە ، جۆڵانەوەیەکی دوولایی :

بەردەوامی یەکی تەواو لە گەڵ تێکۆشاندا بۆ سەرخستنی جەنگی ڕەوامان و پاراستنی گیانی سەرکەوتن و ورەی بەرزمان

بتیاننان‌و بەرەپێدانی باری ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و دوانەکەوتن لە کاروانی پێشکەوتن ، پاراستنی گیانی سەرکەوتن ورەی بەرزی خەڵکی‌و سەرخستنی هەق بەسەر ناهەقی‌دا .

بەڕێز خوشکە «صبیحە صالح کریم » سەرۆکی لقی سلێمانی بەردەوام بوو لە وتەکانیدا بۆ هاوکاری‌و ئەوەی ڕون‌کردەوە کە یەکێتی ئافرەتانیشی وەك هەموو یەکێتی‌و ڕێکخراوە - کانی‌تری پارێزگا بەردەوامە لە بینین دەوری خۆیدا لەناو جەماوەرانی ئافرەتاندا ، بەمەبەستی ئەوەی ببێتە چراوگێ لەناو ئەو کەرتە فراوانەی کۆمەڵەکەماندا ، بەتایبەتی لەم بارە ناسکەی کە ئێستا وڵاتەخۆشەویستە - کەمانی پیا دەڕوات ، لەلایەکەوە جۆلانەوەی بنیاتنان‌و پەرەپێدان‌و پێشکەوتن لە هەموو بوارەکاندا بەگوژمێکی هەست پێکراو بەردەوامەو لەلایەکی‌ترەوە عێراق بەهۆی ئەم شەڕە ڕەوایەی کە لە پێناوی خاك‌و ئاومانداە نزیکەی ساڵ‌و نیوێکە دەیکەین بەردەوامە لە سەر- کەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی ترو پاراستنی ئەو سەرکەوتنانەشی کە لەوەبەر بەدەستهێنراوە .

دوایەدوای ئەوە خوشکە صبیحە هاتە سەر ئەو جم‌و جۆڵانەی کە یەکێتی دەیکات‌و ووتی :-

ئەوەی جێگای باس‌بێ ئەوەیە یەکێتی بەهەموو لقەکانیەوە لە قەزاو ناحیەکاندا یەکە ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە هەوڵێکی لەبن نەهاتو بدات بۆ تێگەیاندن‌و هوشیارکردنە - وەی ئافرەتان لەم شەڕەدا لەگەڵ ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فارسی‌داو شی‌کردنەوەی هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕەو ڕونکردنەوەی دەوری عێراق لە گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتی‌یانەو وەدەستهێنانی مافەرە - واکانمان. دیسان لا کردنەوە بەلای خێزانی شەهیدان‌و سەرلێدانیان لە هەمو بۆنەو دەرفەتێکدا و دابەشکردنی دیاری بەسەریانداو ڕون‌کرد -نەوەی جێگاو پایەی ئەوان لەلای خەڵکی‌و دەوڵەت‌و حیزب‌و شۆڕشی .

جگەلەمە سەردانی نەخۆشەکان‌و برینارەکان لە خەستەخانەکانداو پێشکەش کردنی دیاری بەسەریانداو هەواڵپرسینی سەربازو ئەفسەرە برینارەکان کە لە گۆڕەپانی شەرەفدا نیشانەی سەربەرزیان دراوەتێ‌و بۆ نیشتمان برینارکراون ئاگا بوون لێیان .

نمونەش بۆ ئەم جم‌و جۆڵانە ئەو کۆڕو چاوپێکەوتن‌و سەردانانەی لقەکانی رانیەو کەلارو دوکان‌و دەربەندیخان‌و زەڕاین‌و هەلەبجەو ناو شار خۆی گێڕاونی‌و پێی هەستاون ، هەروەها ، هاندانی ئافرەتان بۆ بەردەوام بوونیان لە خوێندن‌و مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری جگە لەمە کردنەوەی دەورەی فێرکردن بۆ ژمارەیەکی زۆریان لە مەلبەندی فێرکردنی سەربە لقی سلێمانی ، ئەمەش بەمەبەستی تێگەیاندن‌و فێرکردنی ئافرەتان لەبابەت شێوەتازەکانی بردنی بەڕێوەی ئیش‌و کاری ناومال‌و منال بەخێوکردن‌و ڕاگرتنی ناومال لەسەر شێوەیەکی نوێ‌و هاوچەرخانە .

بەڵام سەبارەت بەهەندێ چالاکی لقی مەلبەندی سلێمانی ، بەڕێز سەرۆکی یەکێتی وتی :-

لەم چەندانەدا پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی سەر بە مەلبەند دەکەینەوە ، جگەلە کردنەوەی بازاڕێکی خەیری لە هۆڵی گۆیژەی کچان کە تیایدا بەرهەمە دەستکردە - کانی ئەندامانی سەربە مەلبەند پیشاندراو فرۆشران ، پارەکەشی تەرخانکرا بۆ خێزانی شەهیدانی قادسیەی صدام لە سلێمانی دا .

وە تایبێ ئەوەش لەیادکەین کە هەر لەم ماوەیەدا چەنەها دیاریمان پێشکەش کردووە بەو ئافرەتانەی کە (زیرەك‌و لێهاتون) لە مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌دا ، ئەمەش بۆ زیاتر هاندانیان تا بەهەمولایە ئەو هەلمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریە سەرخەین‌و بیگەیەنینە ئامانج .

دوای ئەمانە هاتە سەر باسی لیژنەی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لە یەکێتی‌یەکەداو وتی :-

ئەم لیژنەیە کاری ڕاگەیاندن‌و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیەکانی یەکێتی پێ‌سپێردراوەو هەروا گرتنی کۆری فراوان بۆ ئافرەتان ، وە واش چاوەڕوان دەکرێ کە لە هەفتەی داهاتودا بڵاوکراوەی یەکێتی (لقی سلێمانی) بەتاوی (کاروانی ئافرەت)ەوە دەربچێ ، کە بەزمانی کوردی‌و عەرەبی دەبێ‌و زۆر لە باس‌و بابەتی ئافرەت‌و خێزانی تیادایە ، جگەلە چالاکی‌و کارەکانی یەکێتی‌ی دەنگ‌و باسی لقەکان .

لە کۆتایی‌دا خوشکە صبیحە ئەوەی دوپات‌کردەوە کە هەمیشە یەکێتی لەخزمەتی ئافرەتاندایەو بەردەوامە لە پێشکەش کردنی هەمو جۆرە یارمەتی‌یەك بۆیان ... ئەمەش بۆ گەیشتن بە پاشەڕۆژێکی روناکترو سەرگەوتو .

ا . ب - نوسینگەی سلێمانی

دیماهیك خانم چیرۆك نقیس

ژ بنە ما لکا دیندارو خانەدان و ئەدەب دوست ژ نەقی چرکێت شێخ مەلا طهایێ شاعیرێ پر سوزو بناڤو دەنگ بشگوژگێت هونەری‌و شیعری هەر ژوێ بنە مالێ خەرت نابن وەکو کورد دبێژن ماست ژ هێڤنی یە کچەکا زیرەك‌و چەلەنك ژ وێ بنەمالێ ئەڤرو خزێما دەرگەهێ چیروکا کوردی دڤوتیت دا جهێ خۆ بکەت ل ڕێزا جیروك نڤیسێت کوردبکەت ئەو ژی «دیماهیك عبد الرحمانە» .

ل سالا «١٩٦٣»ێ یا هاتیە دنیایێ ل گۆندێ مائێ خاندنا سە رە تایی یا ل وێرێ خاندی نهۆ یا لرێزا شەشێ زانیاری ل ئامادیا برایەتی ..

مە پسیار ژێ کر چەوا و کەنکی تە دەستدا نڤیساندنا جیروکێ :

گۆت ل سالا (١٩٧٧) ی بشت کۆ دیمەنێ کوردستانێ کار لێ کری ئینا ئارونك بەر بوو هنا ڤیت من ،هندێ کۆ ئەڤ کارێ لێ هاتیە کرن ئەز برێژم سەر بەر پەرا بهەر ڕەنگێ هەیبت بنە قشینم لێ ئەز گرفتار بۆم کۆ بکە مە هوزان‌و بڤە هینم ژ بەر هندێ مێ دیت کۆ چیرۆك دێ من ژڤێ گر فتار بێ ئینیت دەرڤە نینا من چیرۆك نڤیسینی ، هەر چەند ئەزا دبینم بۆ هوزانێ لێ من هوزان نە نڤیسینە ژ بلی هندێ کۆ من هەر دڤیت ئەز هوزانێ بخینم‌و گۆهێ خۆ بدەمێ .

هیڤی و خوزیا من ئەوە کۆ ئەز بشێم جهێ خۆ بگرم دناڤ زاکێ چیرۆك نڤیسینی‌دا ئو خۆ برەمە دگەل کاراونی چیرۆك نڤیسێت کوردا لسەر ڕێکا نوەرین کوردی ..

● **دیماهیك خان چەوا نۆ نماو بۆنە دوستێ هەڤال تۆ چەند نما تۆ بێت - تهتیلی - تۆ بێت ئێز گەهێ بەشدار بوی ..**

من حەز ژ شانوین کر ل سالا «١٩٧٩»ێ لوی ڕۆژی ئەزو شانو بوینە هەڤال شانو گەریەك هاتە پێش کێش کرن ل هوکێ بناڤێ « گەنجێت مەهابادێ ژ نڤیسینا «زبیر مائی » کۆ بۆ جارا ئیکێ شانوگەرین دنڤیسێت ئەز دڤێ شانوگەرین بشك داربوم من بشك داری یا کری دا یا « مەم و زینێ کرتێ دا یا « مەم و زینێ ژ نڤیسینا سەیدا ئەحمەد جەزراوی یا دووێ بناڤێ» «پارە دلا ناکبرن » ژ نڤیسینا هۆزانڤان « محفوظ مائی » .

انور محمد طاهر
نڤیسیگەها دهوکێ

Institut kurde de Paris

چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و یاسادانان دەربارەی یادی «١١» ئادار دەدوێن

لە چوارچێوەی بادکردنەوەی بیرەوەری بەیاننامە مێژووی یەکی (١١)ی ئازار رۆژنامەی هاوکاری چاوی بە چەند ئەندامێکی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی و یاسادانانی ناوچەی کوردستان کەوت دەربارەی بیرەوەری ناوبراو بۆی دووان .

سەرەتا کاک ئاسۆ محمود جاف ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی لەم روەوە وتی ئەم بەیاننامە بەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی گەلی کوردمان کە لە ئەنجامی چەسپاندنی بەندەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە چەسپێنراو هەر لەو بوارەوە هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی و یاسادانانی ناوچەکەمان هاتە کایەوە کە ئەمەشیان بە دەستکەوتێکی گرنگ تر دەژمێرردێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سەرکردایەتی حزب و شۆرش لە وڵاتەکەماندا بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخێکی گرنگی بە ناوچەکەمان داوە بەڵام ئیمپریالیستە و کۆنە پەرستان کەوتنە پیلان کۆنە پەرستان نیازەی کە وڵاتەکەمان لە بەرەو پێشەوە بردن رابوەستێنن ... تەنانەت شەڕی ئێستای وڵاتەکەمان دژی فارسە رەگەز پەرستەکان بۆ خۆی یەکێکە لە دەستکردەکانی لایەنە ناوبراوەکان چونکە ئەوان خواستە و فەرمانەکانی ئیمپریالیزم و زایونیزم دەکەن و بە هیچ شێوەیەک بیر لە دوا رۆژی کوردستانی ئێران ناکەنەوە ، تەنانەت دەشیانەوێ ئەو دەستکەوتانەی کە میللەتی کورد لە عێراقدا پێی شادبووە لێی بسێنرێتەوە و بۆ ئەمەش چەندەها نمونەو بەڵگەمان هەیە ... بۆ نمونە ئەو دەستکەوتانەی کە ئێستا میللەتی کوردمان خاوەنی یەتی و بە دڵ و بە گیان دەیانپارێزێ بە هۆی کۆنە پەرستانەوە ویسترا سەروین بکرێن .. ، بەڵام حکومەتی نیشتمانی سەرەوە بە و لەسەر پاراستن و چەسپاندی و ئەمەشی زیاتر خستە سەر شانی خۆمان ئەوە بوو هەر لەم روانگەیەوە وەکو لە سەرەتاوە وتمان ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی ناوبراو هەڵبژێران و ئێستاش ماوەتەوە سەر چالاکی ئەندامەکانی و ئەگەر کەم و کورتی یەکی بەرامبەر پیشان بدەن مانای ئەوەیە کە بەرامبەر بە میللەتی کورد کەم تەرخەمن چونکە مەبەستی راستە و خۆی سەرکردایەتی حزب و شۆرشمان ئەوەیە کە لەم رێگایەوە بتوانێ زیاتر خزمەتی میللەتی کورد بکات.

● **پاشان کاک حسن شیخ قادر عەولانی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان لەم بیرەوەری یەدا وتی** بەیاننامەی (١١) ئاداری مێژوویی دەستکەوتێکی مەزنە بۆ گەلی کوردمان لە کوردستانی عێراقدا .. چونکە زۆر لە مێژەوە گەلی کوردمان بێبەش بوو لە مافی چارەنووسی خۆی و سەرباری ئەوەش ئەچەوسێنرایەوە و لە ژێر باری ئازارو ئەشکەنجەی حوکمی پاشایی گۆڕ کراوو عبدالکریم قاسم و سلام عارفەوە وەکو هەموو تێکڕای گەلی عێراق لە ناهەمواریدا ژیانی ئەبردە سەر، بەڵام لەگەل بەرپابوونی شۆرشی پیرۆزی ١٧-٣٠ تەموزی پێشکەوتوخواز بە توانیان لە رێگای ئێرانەوە ئاگری ئەم جەنگە جۆشدەن و ئێران سەر لە نوێ بکەنەوە بە دار دەستی خۆیان .. ئەوە بو ئێمەش ناچار بووین بەو پەڕی شەرەف مەندایەتی یەوە بکەوینە شەڕی بەرگری خاکی نیشتمانمانەوە هەر بەم بۆنەشەوە ئەگەر چاوێک بە دۆخی میللەتی کوردی ئێراندا بگێڕین دەبینین لە ساناترین هەقی مرۆڤایەتی و نەتەوەی برا کوردەکانی عێراقیان بێبەشن .. بۆیە لە هەر رێگایەکەوە بێ پێویستە دەنگی خۆمان بگەیەنینە برا کوردەکانمان کە خومەینی و تاقم و دارو دەستەکەی کوێرانە پەیرەوی سەرتاپای جەنگی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست و سەرۆکایەتی رۆژی ئازاو سەرۆک صدام حسین .

عبدالکریم بەرزنجی ئەندامێکی تری ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان سەبارەت بەم بیرەوەریە وتی دەرچوونی بەیاننامە مێژوویەکەی (١١) ئادار جگە لەوەی دەستکەوتێکی گشتی میللەتی عێراقە بەو شێوەیەش دەستکەوتێکی تایبەتی میللەتی کوردە . . ئەوەش ئەچەوسێنرایەوەو لە ژێر باری ئازارو ئەشکەنجەی حوکمی پاشایی گۆڕ کراوو عبدالکریم قاسم و سلام عارفەوە وەکو هەموو تێکڕای گەلی عێراق لە ناهەمواریدا ژیانی ئەبردە سەر، بەڵام لەگەل بەرپابوونی شۆرشی پیرۆزی ١٧-٣٠ تەموزی پێشکەوتوخواز بە سەرۆکایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ئەم هەموو تەوق و تەلیسمەی شکاندو گەل بە تەواوی لە ژێر ئالای دا کۆبوەوەو بە هەموو مافێکی رەوای خۆی گەیشت ... گەلی کوردیش بە هۆی ئەم بەیاننامە مێژوویەوە توانی بگاتە مافی خۆیی و بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکەین کە بیرەوەریەکە لە ژێر ئالای پارتی سەرکردە پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست و سەرۆک صدام حسین بۆ گەلی کورد هاتە کایەوە .

● **هەروەها کاک رؤوف** ئەمەش راستەو خۆ بە هۆی جێگر بوونی ئاشتی و ئاسایشی لە وڵاتەکەماندا هاتە کایەوە دوای ئەوەی کە فەرمانڕەواکانی پێشوتر وەرس بو بوون لە چۆنی یەتی زاڵبوون بەسەر ئەو دیاردەی ئاژاوەیەدا کە لە وڵاتەکەماندا هەبوو ، بەڵام بەهۆی وردبینی و تێگەیشتنی سەرکردایەتی حزب و شۆرشمان لە مەسەلەی کوردو بەپێی بۆچونێکی زانستی لەو روانگەیەوە کە گەلی کوردیش لە عێراقدا هەقی مافی رەوای خۆیان هەیەو پێویستە بە ئەم دەستکەوتە مەزنە بکات .. دوا جار بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو لایەکی دلسۆز دەکەین و هیوادارین کە هەموو سالێک بە خۆشی و شادی یەوە یادی ئەم بیرەوەریە بکەینەوە..

ئێستاش کە وڵاتەکەمان بە دۆخێکی تایبەتی دا دەروات ئەویش جەنگی رەوامانە دژی فارسە رەگەزپەرستەکان بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە خۆمان لە پێناوی نیشتمانی خۆشەویست و سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بەخت بکەین لە پێناوی زیاتر بەدەست هێنانی سەرکەوتنی نوێداو لە پێناوی جێبەجێ کردنی بەندەکانی نەخشەی نەتەوایەتی گەشەکردن لە وڵاتەکەماندا .

● **دوا جار کاک علی ابراهیم دەرویش ئەندامێکی تری ئەنجومەنی ناوبراو هەر لە یادی ئەم بیرەوەریەدا وتی** دوای تێکۆشانێکی زۆری گەلی کوردمان لە دژی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان دیوە ، تاکو شۆرشی ١٧-٣٠ تموز وبە سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست کە بە سنگێکی فراوانەوە دانی نا بەمافی گەلی کورداو بەیاننامەی (١١)ی ئاداری مێژوویی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکردەوەو لەم راوانگەیەوە هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و راپەراندن لە رۆڵە دلسۆزەکانی گەلی کوردمان پێک هێنا .. لەوساوە ساڵ بە ساڵ دەستکەوتەکانی گەلی کوردمان بەرەو زیاد بوونەو بۆ ئەمەش هەردوو ئەنجومەنی ناوبراو بە دەوری خۆیان هەڵساون و هەمیشە پارێزگاری شۆرشی ١٧-٣٠ تەمموز بە گرنگ ترین پێویستی سەرشانی خۆیان دەزانن و هەر لەم روانگەشەوە گەلی کوردمان لە پاراستنی چوارچێوەی عێراق بە سنوری یەوە دوانە کەوتوەو بەردەوامە لە قوربانی دان شان بەشانی گەلی عێراق بۆ بەدەست هێنانی مافی وڵاتمان لە زەوی و ئاوی دا کە ئەوە نزیک دوو ساڵە فارسەرەگەز پەرستەکان شەڕیان پێ فرۆشتوین دانانیان ئەناوە بە هەقی گەلی عێراقداو هەر لەم کاتەشەدا هەردوو ئەنجومەنو گەلێ کورد لە ناوچەکەدا ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ خۆبەخت کردن چەک هەڵگرتن بۆ جەنگی رەوامان جەنگی قادسیەی صدام .. دیاریشە سەر کەوتن بۆ خاوەن هەقە کە میللەتی عێراقە بەرابەری پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست و بەسەرۆکایەتی رۆڵەی ئازاو بە جەرگ صدام حسین .

فریا عبدالله حسین
نوسینگەی سلێمانی

Institut Kurde de Paris

لە بیرەوەری (١١)ی ئادارداباەریز جێگری پارێزگای سلێمانی بۆ هاوکاری دەدوێ :

ئاوەدانی پارێزگای سلێمانی

لە سایەی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا

هەموو ساڵێک لەم مانگەدا لە ناوچەی کوردستاندا بە شێوەیەکی تایبەتی یادی بیرەوەری دەرچوون و چەسپاندنی بەندەکانی بەیاننامە مێژوویی یەکەی (١١)ی ئادار دەگێڕنەوە ...

وەک بە شێک لە چالاکی یەکانی نوسینگەی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی چاومان بە چەند لێپرسراوێک کەوت لەوانە بەریز مامۆستا محمد امین عبو جێگری پارێزگاری سلێمانی کە لەم روەوە وتی ئەم بەیاننامە مێژوویی یە سەبارەت بە میللەتی کوردمان جێگای شانازی کردنێکی گەورەیە چونکە بۆ خۆی دباری یەکی پیرۆزە لە لایەن سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە بۆ میللەتی کورد ... لەم روانگەیە شەوە سەلێنراوە کە سەرکردایەتی حزب و شۆرش وەفاداری خۆی بەرامبەر بە چەسپاندنی بەندەکانی پیشان داوە لەوانەش دەرچوونی هەردوو یاسای ئەنجومەنی یاسادانان و ناوچەکەمان دەستکەوتێکی راپەراندنی ناوچەی کوردستان کە ئەمەش بۆ گەورەترە . . . چونکە لە ناوچەی ناوبراومان دا گۆڕان کاری یەکی گەورە رووی داو هەزارەها پرۆژە بە خەرج کردنی ملیۆنەها دینار جێبەجێ کرا تا وەکو بتوانرێ هەقی ئەو چەند ساڵانە بکاتەوە کە بە هۆی بە کرێگیراوانەوە ناوچە - کەمان تووشی زیان هاتبوو .. .. بۆیە لەسەر هەموومان پێویستە پێ بە دڵ یادی بکەینەوە چونکە لەو روانگەیەوە خواستەکانی میللەتی کورد لە عێراقدا بەدی کراو هاتە دی لە کاتێکا دەبینین میللەتی کوردمان لە ئێراندا بە دەست رژێمی خومەینی جادوگەرەوە دەناڵێنێ و لە ئاساترین هەقی رەوای خۆی بێ بەشە وەک سەربەستی قسەکردن و فێربوون و خوێندن بە زمانی کوردی... بەم بۆنە شەوە داواکارین لە یەزدان کە بەسەر دوژمنەکانماندا سەربخات بۆ ئەوەی هەمیشە خزمەتی نیشتمانی خۆشەویستمان بکەین و هەر بەم بۆنەشەوە پیرۆزبایی لە هەموو میللەت و سوپای دێرمان دەکەین بە بۆنەی سەرکەوتنە مەزنە - کانمانەوە کە بە سەرکردایەتی شۆرە سواری نەتەوە صدام حسین وە دەستیان هێناوە . شایانی باسە هەر لەم دیدەنی یەدا بەریز جێگری پارێزگار سەبارەت بە هەندێ لەو پرۆژە ئاوەدانیانەی کە لە ئەنجامی بەیاننامەی (١١)ی ئادارەوە بە شاری سلێمانی پێشکەش کراوە وتی سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی ئەوەندە پرۆژەی گرنگی تیا جێبەجێ کراوە کە لە بۆچوونی لێپرسراوان دا بەدەر بوو ... بۆ نمونە جاران دەمانبینی زوربەی دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان لە گوندو لادێی دورە پەرێزی وەهادا دەژیان کە نەدەلوا ئاسانترین وەک قیرتاوکردنی رێگاکانی قەلادزە - سنگسر - چۆمان و رانیەچوارقورنە - گەلی علی بگ و رانیە - شەقلاوە - قەلادزە - هێرۆ و هەلەبجە - بیارە - تەوێلە و سید صادق - پێنجوێن و قەلادزە - گەلی شەهیدان .. هەروەها لە بواری لە ناوبردنی نەخوێندە - واریدا بەهۆی کردنەوەی ژمارەیەکی زۆری مەلبەندو قوتابخانە گەلی یەکان زیاتر (٨٠) هەزار فێرخوازی ژن و پیاو فێرکراون .. ئەمەو لە بواری تەندروستیشدا کردنەوەی چەند خەستەخانە - یەک لە قەلادزەو هەلەبجەو چەمچەماڵ و دەربەندیخان .. جگە لە خەستەخانەیەکی تەعلیمی بە نرخی (١٨) ملیۆن دینار لە سلێمانی .

هەروەها لە بواری جوان کردنی شاری سلێمانی دا بەریزی وتی بریار وایە بەم زوانە دەست بکرێ بەجێ بەجێ کردنی نەخشەی بنەرەتی شارەکەمان کە بە مەلایین دیناری بۆ تەرخان کراوەو ئەمەش بریتی یە لە مەلبەندێکی شارستانی بۆ نیشتەجێ کردنی هەموو دائرەکانی سلێمانی جگە لە مەلبەندی بازرگانی و ناوچەی شینایی و چەندەها شەقامی پان و فراوان .

هەروەها لە بواری دروست کردنی خانوو بەرەدا وتی ئێستا لە پارێزگاکەماندا جگە لەوانەی پێشو بایی ٣٦ ملیۆن دینارو ٢٨٦ هەزار دینار پرۆژەی جۆربەجۆر جێبەجێ دەکرێت کە بریتی یە لە (٨٦) خزمەت گوزاریان پێ بگات بۆیە سەرکردایەتی حزب گەیشتە ئەو بریارەی کە بێویستە چەند گوندێکی هاوچەرخ دروست بکرێ و دانیشتوانی گونده ناوبراوەکانی تیا نیشتەجێ بکرێ... بۆ ئەمەش چەندەها قوتابخانەو مەلبەندی تەندروستی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و باخچەی منالانی تیا دروست کراو هێلی ناوو کارەبایشی بۆ راکێشراو شەقامەکانیشی قیرتاو کرا ... جگە لە قوتابخانەکانیشی چەندەها مەلبەندی لە ناوبردنی نەخوێندەواری تیا کرایەوە . . . . هەروەها سەبارەت بە تێکڕای پارێزگاکەمان چەندەها پرۆژەی تر جێبەجێ کراوە پرۆژەی پەروەردەیی و نیشتەجێی و تەندروستی و وەرزشی و خزمەت گوزاری گشتی .

هەروەها لە بواری چاودێری کردنی باری کۆمەڵایەتیماندا تا ئێستا زیاتر لە (٥) هەزار پێناس دراوە بە جەماوەران ... لەلایەکی تریشەوە پارێزگاکەمان سەبارەت بە جەنگی رەوای وڵاتمان دژی فارسەرەگەزپەرستەکان کە ناچاری ئەم شەڕەیان کردین چەندەها چالاکی و گورج و گۆڵی بە خۆوە بینیوە بەتایبەتی لە بواری مسۆگەر کردنی ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرانی خۆبەخت کەر ئەمەش لە رێگای سازکردنی ژمارەیەکی زۆر کۆڕی فراوانەوە بە هاریکاری لقی سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی سلێمانی یەوە کراوەو ئاکامێکی وەهاشی خستوەتەوە کە بەسەر کەوتنی یەکجاریمان بەم زوانە شاد دەبین .

نوسینگەی سلێمانی

تۆلستۆی و گەشتێکی لە تەمەنی لاویدا

● لە بەهاری ساڵی ١٨٦١دا ، کابرایەکی ئەریستۆکراتیی ڕووسی گەشتێکی کرد بۆ لەندەن‌و شانزە ڕۆژی لەوێ بەسەر برد ، ئەو کاتە تەمەنی سی‌و دوو ساڵ بوو .. زمانی ئینگلیزی لەشێوەی خوێندنەوەو نووسیندا دەزانی ، بایەخی دەدایە خوێندنی سەرەتایی .

شایانی باسە ئەو کاتە ، ناوو شۆرەتی بەوولاتانی دەرەوەی ڕووسیادا بلاونەبوبۆوەو کارە ئەدەبییەکانیشی هێشتاکە وەرنەگێڕدرابوونە سەر زمانی ئینگلیزی .

دووساڵ ، پاش ئەو گەشتەی دەستی کردە نووسینی ڕۆمانە مێژوویی‌یەکەی « شەڕو ئاشتی » . لەسەر داوای خوێشی شاعیری ئینگلیزی (ماسیو ئارنۆلد) نامەیەکی پێناساندنی بۆ لێپرسراوانی چەند قوتابخانەیەکی ڕەسمی منداڵان دایە ، شاعیر لەو نامەیەدا ئەوە دەردەبڕێ کە پێویستە هەرچی زانیاری‌یەك پەیوەندیی بەپرۆگرامەکانی خوێندنی ئەوماوەیەی لەندەنەوە هەیە بدرێتە ئەم کابرایە ، هەروەك نارنولد ئەم کابرایەی بەم شێوەیە ناو بردووەو دەڵێ: «پیاوێکی بەڕێزی ڕووسی‌یە ، ناوی کونت لیون تۆلستۆیە » .

ئێمە کاتێ دەمانەوێ تۆلستۆی بێنینەوە بەرچاوی خۆمان ، وای خەیاڵ دەکەین کە ، کابرایەکی پیرەو ، ڕیشێکی سپی بەرداوەتەوەو، دووچاوی کراوەی پێوەیە ، لەڕاستیشدا ئەمە وێنەی تۆلستۆیە لەڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیداو لەمێشکماندا گیرساوەتەوە ، بێ‌ئەوەی ئەوە بەبیر خۆمان بهێنینەوە کەئەم تەرزە وێنانە دەمامکێکن سروشت دەیانبەخشێتە ڕووخساری گشت ئەوانەی کە دەچنە تەمەنەوە .

تۆلستۆی ، بەتەنیا نووسەر نەبوو ، بەڵکو لەپاڵ نووسیندا ئاوێزانی چەندەها چەڵەمەو گرفتی ژیان دەبووو ئازاری پێیانەوە دەچەشت. ئەوەبوو تۆلستۆی یەکێك بوو لەو سەربازانەی کە لە (قەرەم)و ئەو کێوانەی کە بەسەر بەندەری (سیباستبول)دا دەڕوانن، دەجەنگی . لەو ماوەیەشدا (دەستنووسەکانی سیباستبول)ی نووسی‌و ئەم نووسینەشی تەرخان کرد بۆ بەردە هەڵماڵین لەڕووی ئەو خراپەکاری‌و بێهوودەیی‌یەی کە لەئاکامی جەنگەوە پەیدا دەبێن . لەمارتی (١٨٦١)دا کاتێك تۆلستۆی گەیشتە لەندەن ، هێشتاکە گەنجێکی شەنگ‌و بەخۆ بووو ڕێشێکی ڕەشی بەردا-



تۆلستۆی لە تەمەنی لاویدا

بۆوەو جووتێ چاوی تیژی پێوەبوون . لەڕۆژانی یەکەم‌و بەرایی سەفەرەکەیداو پاش وەرگرتنی نامەیەك لەماسیو ئارنۆلدەوە بۆ لێپرسراوان ، ژمارەیەك قوتابخانەی بەسەرکردەوە . بەتایبەتیی قوتابخانەی (سان‌مارك) لە (تشیلسی) .. قوتابی‌یانی ئەم قوتابخانەیە زۆربەیان دانیشتووی ناوچە هەژارەکانی لەندەن بوون . تۆلستۆی چووە یەکێك لەپۆلەکانەوە ، داوای لەقوتابی‌یەکان کرد کە ئەو بەیانی‌یەچییان کردووەو چی سەرنجی ڕاکێشاون ، دەربارەیان بنووسن . ئەوەی نووسیبیان بڕێك ڕستەی کورت کورت بوون‌و سیمای وەسفو دووبارە - کردنەوەیان پێوە دیار بوو . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆلستۆی ئەو نووسین‌و لاپەڕانەی لەلای خۆی گل‌دایە -وەو لەخوێندنەوەیاندا چێژی لێ‌وەردەگرتن ، چونکە زۆربەیان بە شێوازێکی نامە ئامێزو لەخۆوە نووسین‌و دوور لەهۆشیاری‌یەوە نووسرابوون . . ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ، زۆربەی زۆری ئەو نووسینانەی کە لە - ژیان‌و بەرهەمەکانی تۆلستۆی دەدوێن ، هیچ کام لەوانە ئیشارەتی نەداوەتە ئەو چەند لاپەڕەیەی کەباسمان کردن . تۆلستۆی بڕوای بەوە هەبوو کەپێویستە منداڵان هان بدرێن بۆپرسیارکردن‌و دەمەتەقێ دەربارەی هەر لایەنێ لەلایەنەکانی ژیان، تۆلستۆی لەلەندەن چاوی بەگەلێك نووسەرو سیاسی دەکەوێ ، پەکێك لەوانە (ئەلکساندەر دەبیستێ کەنووسەری بەناوو دەنگی ئینگلیز چارلز دیکنز موحازەرەیەك دەربارەی شێوازەکانی (فێرکردن) لە هۆڵی (سان‌جیمس) لەلەندەن دەڵێتەوە ، ئەوکاتە دیکنز لەتەمەنی چل‌و هەشت ساڵی‌و لەترۆپکی ناوو شۆرەتدا بوو . زۆربەی نووسینە - هرزن) بوو لە نامەیەکیدا بۆ « تورجنیف » نووسیویەتی: من ڕۆژانە چاوم بەتۆلستۆی دەکەوێ ، تاکوێستا گەلێك پیلەبازی لەنێوانماندا ڕوویداوەو پێکدا هەڵپژاوین . . ئەو کەلە ڕەقەو گەلێك جار دەیکاتە زەنا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی ساکارو باشە » .

جارێکی دی ، تۆلستۆی کانیشی بۆ ماوەی بیست ساڵ دەبێ وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ڕوسی ، (تۆلستۆی)یش یەکێك لەو خوێنەرانەی کەئالوودەی بەرهەمەکانی بوون .

لێرەداپرسیاری ئەوە ئامادەی ئەو موحازەرەیەی دەکرێ ، کە ئایا تۆلستۆی خەریك کردووە ، وای بۆ دەچن کەئامادەبوونی تۆلستۆی لەو موحازەرەیەدا شتێکی واقیعی‌و ڕاستەقینی‌یە ، بۆئەمەش پشت دەبەستن بەو نامەیەی کە تۆلستۆی بۆهاوڕێ‌یەکی ناردووەو تیایدا باسی ئامادەبوونی خۆی کردووە لەموحازەرەیەکی دیکنزدا .

خاڵێکی دیکەی شاراوە هەیە لەبواری ژیان‌و پەیوەندی تۆلستۆی بە (دۆستویفسکی)یەوە ، ئەویش ئەوەیە ، کەناوچەیەك هەیە لەلەندەن ناوی (های‌مارکت)ە ، (تۆلستۆی) گەلێك جار چۆتە ئەوێ‌و پەرەوازەی ئەو ناوچەیە بووە بەشوێن گەلێك شتدا ، بەڵام شتێکی زۆرو ئەوتۆشی دەربارە نەنووسیوە ، لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە بارو دۆخی ئەم ناوچەیە لەیەکێك لەڕۆمانەکانی (دویستویفسکی)دا باسی لێوە کراوە ، ئەمەش بەشێکی نامۆ دادەنرێ‌و ڕوون نەبۆتەوە ئایا تۆلستۆی وەسفی ئەم ناوچەیەی بۆ ئەو کردووە یاخود (دویستویفسکی) خۆی لەقاڵبێکی خەیاڵ ئاسادا ناوچەکەی وا هاتۆتە بەرچاو ؟ ئەمە لەکاتێکدا کە دویستویفسکی هیچ کاتێك نەسەری لەم ناوچەیە داوەو نە چوویشە بۆلەندەن .

دوو برا - تۆم‌و فرێد - سەگێکیان هەبوو بە ناوی (نیپەر). نیپەریان فێرە زۆر شت کردبوو ، سەگی چاك بوو .. کە پێیان دەگووت دانیشە دادەنیشت .. شەو کە داوایان لێ دەکرد بخەوێ .. زوو لە چاو وون دەبوو .. دەخەوت .. لە هەر قوژبنێکی شارەکەدا بەڕەڵلایان بکردایە ڕێی بزر نەدەکرد . . « بکەڕێوە ماڵ » یەکسەر دەگەڕایەوە .. بەیانیان ڕۆژنامەکانی بەدەم هەڵدەگرتن‌و دەیهێنانەوە .

ڕۆژێکیان تۆم لە کار گەڕایەوەو ووتی :

« فرێد هەفتەی داهاتوو شانۆگەرییەکی - برناردشۆ- پێش‌کەش دەکرێ .. حەز دەکەم بینبینم »

« منیش لەگەڵتا دێم »

فرێد ووتی « منیش وەك تۆ حەزی لێ دەکەم »

« زۆر چاکە دەتوانی بەیانی تکیتەکان بکڕی ؟ »

« زۆر بە ئاسانی »

« پارەی تکیتەکانت هەیە ؟ »

« تەنها دوو سێ پاوەندم هەن . . . ئەوەندەش بەسە »

بەڵام بۆ بەیانی کە فرێد هاتەوە .. بێ‌تکیت گەڕایەوەو ووتی :

« زۆربەی تکیتەکان فرۆشرابوون . . چەند دانەیەك مابۆوە .. دانەی بە دوو پاوەندیشە .. چوار پاوەندیش شك نابەم »

تۆم سەرسام بوو کە گوێی لە نرخی تکیتەکە بوو .. پێی ووت :

« گوناهە ئێمە چوار پاوەند لەیەك ڕۆژدا بەتکیت بدەین »

بەرەو لای پەنجەرەکە خڕی‌و نیپەری لەناو باخچەکەدا بینی .. پاشان بیری لە پیلانێکی زیرەك کردەوە :

« فرێد .. بڕۆ یەك دانە تکیت بکڕە »

« تەنها بۆ خۆت ..وابزانم .. بەڵام منیش حەز دەکەم بێم »

« هەردووکمان دەتوانین بچین .. تۆ بڕۆ تکیتەکە بکڕە .. دوایی پیلانەکەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە »

زۆر بەپەلە تکیتێکی هێنایەوە

« ها فەرموو .. دوا تکیت بوو .. ئەوانی تر هەموویان فرۆشرابوون »

« گرنگ نییە » تۆم ووتی « گوێ بگرە .. ئەوەیە پیلانەکەم .. یەکەم جار من تکیتەکە دەبەم .. نیپەریش دەبەم‌و ڕۆژنامەیەك دەکڕم.. .. کە گەیشتمە ناو هۆڵەکە تکیتەکە دەخەمە ناو ڕۆژنامەکەو دەیخەمە دەمی نیپەر .. تێی دەگەیەنم

فرێد ملی ناو ڕێی ... **بەرەو ماڵ بێتەوە .. کە گەیشت تۆ تکیتەکە بێنەو**

« لەبەر دوو هۆ .. یەکەم من دەمەوێ هەر لەسەرەتاوە لەوێ بم .. ئەوان پێش دەست پێ‌کردن دەرگا دادەخەن . . بۆیە نیپەرم زوو بۆ بنێرەوە »

« باشە »

« هۆیەکی تر .. ئەگەر درەنگ بگەی ئەلکێکی زۆر بەر دەرگاکە دەگرن . خەلکی ڕاهاتوون لە دوا ساتدا بگەن .. ئەو کات نیپەر بۆی ناکرێ لەهۆڵەکەدا بێتە دەرەوە .. بەڵام گەر زوو بگەیت .. ئاسانترە »

« ڕاست دەکەی . . .

ڕووباوەند

چیرۆکی گێ‌ی.سی. ئورنلی
شێرزاد حەسەن
کردویەتی بەکوردی

وەرە .. لە ماڵ بیبەستەوە . . . وەرەو بە هەمان تکیت شانۆگەرییەکە ببینە »

فرێد پێکەنی ووتی « پیلانی چاکە .. بەڵام کە دەچیتە ژوورەوە ئەو کچەی بەر دەرگاکە سوچێکی تکیتەکە دەدڕێنێ » تکیتەکەی نیشانی تۆمدا « سەیرکە .. ئا ئەوەتە ئەم لایەیان دەدڕێنێ »

« تۆ بۆ هەمووی نیشان دەدەی ؟ »

« بیرم لەوە نەکردبۆوە

« کەواتە نیپەر نیوەی تکیتەکەم بۆ دێنێ »

« کە دەگەیتە ئەوێ ... لەگەڵ خەڵکو حەشاماتەکەدا وەرە ژوورەوە لەبەر قەلەبالغی کچەکە سەری لێ‌دەشێوێ.. کە پارچەیەکی تکیتەکەی بینی .. وا دەزانێ پارچەکەی تر لای خۆیەتی »

ئاخۆ ژمارەی ئەو خەلکە چەند دەبێ ؟ »

« تکیت تەواو ببوو . . . هۆڵەکەش جێگەی هەشت کەسی تیا دەبێتەوە »

« لە کوێ دادەنیشی » تۆم ووتی « هەردووکمان ناتوانین لەسەر یەك کورسی دانیشین . .. ژمارەی تکیتەکە چەندە ؟ کوا بزانم .. ئا ژمارە (چ٨) باشە .. کە دێی من لەوێم .. ئەگەر بێتە لای من کچەکە داوای تکیتەکەم دەکا . . . ئەو کات چی بکەم ؟ »

« بۆ دێم بۆ لای تۆ . . شوێنێکی تر هەر دەبێ . . هەردەم خەڵکی واهەن تکیت دەکڕن بەڵام نایەن..ماندوون .. نەخۆشن یان سەرقاڵن»

ڕۆژی دواتر .. کە فرێد بۆ سەر کاری خۆی ڕۆی.. دەم دەم لەسەرخۆ پێدەکەنی . برادەرێکی - هاری - ناوێك هەوێ پێکەنینەکەی لێ‌پرسی . . فرێدیش پیلانەکەی خۆیانی بۆ گێڕایەوە .. هاری‌ریش پێکەنی ...

فرێد پێی ووت «بە کەسی تر مەڵێ‌و ..خۆیشت هەمان پیلان پەیڕەو نەکەی.. با لەوێ نەبن بە دوو سەگ، کچەکە دەشێ گومان لەدوو سەگ بکا .. سەگ، لە شانۆگەری ناگەن‌و کچەکەش ئەوە چاك دەزانێ »

هاری بە درێژایی ئەو ڕۆژە بیری لەپیلانەکەی فرێد دەکردەوە .. ئەویش بیری کەوتەوە کە برادەرێکی خۆی سەگێکی هەیە .. لە دڵی خۆیدا ووتی :

«ئەم پیلانەی بۆ دەدرکێنم .. هەمان شتمان بۆ دەکرێ .. مەرجیش نییە کچەکە لە ناو هەشت کەس دوو سەگ بناسێتەوە »

هاری‌و برادەرەکەی زۆر بەئاسانی سەگەکەی خۆیان فێری ئەوە کرد چۆن بگەڕێتەوە ماڵ .. پاشان فێریان کرد چۆن ڕۆژنامەیەك بە دەم هەڵگرێ .

پیاوێك ئەم بەزمەی بینی .. لێیانی پرسی « ئەوە خەریکی چین ؟ »

پیلانەکەیان بۆ ئەمیش گێڕایەوە « بەڵام کە ڕۆیشت خولیای ئەم پیلانەی کەوتە سەر .

شەوی سێشەم - تۆم - خۆی‌و نیپەر بەرەو شانۆگەر- یەکە وەرێ کەوتن . کەمێك دوا کەوتبوو .. بۆیە زۆر بەپەلە بوو .. ئەوەندەی

« بەڵێ هەر وا دەبێ »

کەمێك بەجووتە باسی پیلانەکەیان کرد « تۆ دەبێ زوو بگەیتە ئەوێ » فرێد ووتی .

« بۆ ؟ »

نەمابوو کە بگا .. دوو پیاو لەبەر دەمیدا بە شەقامەکەدا گوزەریان دەکرد . . هەریەکەیان سەگێك‌و ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوەبوو .. تۆم قاوو قیژێکی بێ‌ئامانی کەوتە بەرگوێ .. بە دەوری هۆڵی شانۆکەدا سوڕایەوەو بەسەرسامی لەسەر چەقی ڕیگاکەدا وەستا .. کۆمەڵێ پولیسی تووڕەو خەلکێکی زۆر لە هەڵپەڕین‌و بازبازێن نەدەکەوتن .

تۆم سەدەها سەگی لەناو حەشاماتەکەدا بینی .. هەموو شوێنێ هەر سەگ بوو .. تا چاو بڕکا.. شەڕە سەگێکی تەواو . . هەزارەها پارچە ڕۆژنامە بە ئاسماندا بەرز دەبوونەوە .. هەوا هەمووی غەلبە غەلب‌و هات‌و هاوار بوو .. نیپەریش ڕووەو سەگەکانی تر جریتی‌داو دەڕەڕی . . زوو لە ناویاندا خۆی وونکرد .. تۆم قیژاندی !

« نیپەر .. نەڕۆی .. وەرەوە ..نیپەر .. نیپەر »

لە ناو ئەو هات‌و هاوارە نیپەر نەیتوانی گوێی لە دەنگی تۆم بێ .. تۆم بە ڕاکردن تا ناوەڕاستی سەگەکان نەوەستا بۆ ئەوەی بیگرێتەوە. . لەژێرو بەردەم‌و دەورو بەری قاچ‌و قولیدا سەگەکان تێك ئالابوون‌و دەسوڕانەوە . . هەر پارچە ڕۆژنامە بوو بە ڕوویدا دەکەوت .. خاوەن سەگەکانیش هەریەکەی بەخوێنی ئەوی تر تینوو بوو ، پۆلیسەکانیشی لەگەڵ هەموو کەسێکدا تووڕەو توند بوون..لەوبەری شەقامەکەوە زۆربەی ئوتومبێلەکان ڕێگایان لێ گیرابوو .. خاوەن ئوتومبێلەکان تووڕەو توندتر ڕژابوونە سەر شەقامەکەو ئەوانیش خەریکی سەگ ڕاماڵین بوون .

ئەو شەوە خەلکێکی زۆر لە شانۆگەرییەکەدا ئامادە نەبوون .. ئەوانەیشی کە ئامادەبوون . . لەبەر ئەو هات‌و هاوارو قیامەتەی دەرەوە بەرگوشادو دڵخوش نەبوون . . تا درەنگانێك شار هێمنی بە خۆیەوە نەبینی .. لەدوایدا تۆم نیپەری دۆزیبەوە .. بەرەو ماڵ پەلەکێشی کرد . . هیلاك‌و ماندوو .. زۆری گەرمابوو .. گوێی سەگەکەش خوێنی لێ دەچۆڕایەوەو بریندار بوو.. فرێدیش لەماڵەوە چاوەڕوانی بوو .. کەبینی لێی پرسی :

«تۆم... شانۆگەرییەکەت بینی ؟! »

« نەخێر .. تۆ بینیت؟ »

« نەخێر.. بێ تکیت چۆن بتوانم .. نیپەر نەگەڕایەوە منیش بە شەقامەکەدا هاتم‌و بۆ ئەو دەگەڕام .. ئەو هەموو سەگە زۆرەم بینی کەچی ئێوەم بەرچاو نەکەوت»

« منیش هەر بە دوای نیپەردا وێڵ بووم » تۆم ئەمەی ووت‌و سەری خۆی خستە ناو بەری هەردوو دەستەکانی‌و دانیشت « من زۆر ماندووم»

فرێد بەخەمەوە پێی ووت « پیلانی چاك بوو .. بەڵام

بڕوانە ل : ٧

دڵ و ئاواز

ژ فیندادێ تەمبویرێ
ڕەفین خەمێت وان دلا
وەڵات مە هاتە بیرێ
دەریا فیغان‌و کولا
پەریێت کوڕ لێ تێگدا
بابەت وەنگە پەتیکە
جفات ژ خەملێ بویکە
کەزێن خو ل ملا لێگدا
کویریا پەستەو ئاوازا
فەگێڕان وا مامبزا
تەمبویر هەلگر ژ تولازا
لێدا پەستا نێرگزا
ب جوانیا وارێ مە دبێژن
ب فیندا چیاو زوزانا
پێکێت نەخوشین دڕێژن
گرتن بەریەرێت ژانا
دەنگ بەلافکر ل وەڵاتی
زنگێن چۆنە وان دلا
شاهی بر بو خەلاتی
دا روی سۆر لێگدەن ملا
تژی کر دەری ل ڕێ
بێ خوشی کر زانینێ
سەرگێڕێ سمغونینێ
ژ دلا بر ئافا خوینێ
بو مومێت پاشە ڕوژێ
ئەڤە هەر هێزو زاخن
کاکلن ل ناف بشکوژێ
کو ڕێ ل ئومێدێ داخن

(١) فیند - سحر

(خەدیجا مەسعود کتانی)
پێشکێشە بۆ کوڕالا دهوکی

Institut Kurde de Paris

ئێران لە ناوەوە

رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی لە بارودۆخی ئێراندا دەژی و وەفتاری خۆپەرستی کاربەدەستانی رژێم ئاشکرادەکات

لێپرسراوی تایبەتی سەر بە ئاسایشی شای ئێران موخابەراتی خومەینی « سافاما » بەرێوە دەبات

لێژنەکانی خومەینی بازرگانی دەکەن و کەلوپەلانەی بە رۆژ بەرهەم دەهێنرێن بە شەو دەبفرۆشن

لەم دوایی‌یەدا کتێبێک‌لە پاریس دەربارەی ئێرانی‌خومەینی دەرچوو ، ئەوەی ئاشکرا کرد کە هەمان ئەو لێپرسراوەی کە لە سەردەمی شادا ئاسایشی بەرێوە دەبرد ، ئێستا بەرێوەبەری دەستەی (سافاما)ی موخابەراتی خومەینی‌یە . هەروەها (مارك کرافیتس)ی رۆژنامە نووسی فەرەنسی چەپرەوە ، ڕووداوەکانی ئێرانی لەکاتی ڕووخانی شاوە تا هاوینی‌پار لە کتێبێکدا بە ناوی (ئێرانی شەو) کۆکردۆتەوەو دەڵێت:

چوار یان پێنج دەزگای نهێنی لە ئێران ئیش دەکەن‌و هەوڵی دۆزینەوەی کۆمەڵە نهێنی‌یەکانی دژ بە رژێم دەدەن .. ئەم دەزگایانەش بریتین لە سافاما ، دەزگای موخابەرات کە پێی‌دەڵێن پاسەوانی شۆرش ، دەزگاکانی موخابەراتی سەر بە حزبی کۆماری ئیسلامی لەگەل دەزگای موخابەراتی لێژنەکانی خومەینی .

نووسەری کتێبەکە ئەمەی دەستنیشان کردووە کە ئەم دەزگایانە هەموویان دژ بە یەکتری لە گۆڕەپانێکی لوغم کراودا دەجوولێن‌و هیچ کامیشیان ناسراو نین‌و ئەرکی سەرشانیان دیارنی‌یە، بۆ نموونە رێکخراوەی موجاهیدانی شۆرشی ئیسلامی سەرکردایەتی - یەکەی نەناسراوە ، یان رێکخراوەی فیداکارانی ئیسلام بە سەرۆکایەتی صادق خەلخالی .

جا ئەم دەزگایانەش بوختان بە یەکدا دەکەن‌و سیخوری لە سەر یەکتری دەکەن‌و هیچ کامیشیان نازانێ کێ دۆستیەتی‌و کێ دوژمنیەتی . هەروەها بە هیچ جۆرێکیش ئەرکی سەرشانی هەریەکەیان لەلایەن چۆنیەتی شوێنکەوتنی بەرهەلستەکانی رژێم‌و ئەو کردارانەی ئەنجامی دەدەن ، جیا ناکرێتەوە . هەروەها مارك کرافیتس دەڵێت هەر دەزگایەك بە یەکێکی‌تر دەورە دراوەو کەس نازانێ بە ناوی کوێ‌و بۆچی ئیش دەکەن ، دیسان تێروانینمان بۆ رژێمی ئێرانی لە ڕوانگەی رەفتارە پیس‌و وێرانکەرە - کەیدا وێنەی گیانلەبەرێکی ئەفسووناوی یان مارێکی فرەسەر کە هەریەکەیان هەوڵی لە ناوبردنی ئەویتریان بدات ، بۆ ئەوەی خۆی سەرکەویت . رۆژنامە نووسەکە لە سەر باسەکەی دەڕوات‌و دەڵێت سەرۆکی ئەم دەزگایانە هیچ کامیان دیارنین تەنها (حسین فرە دست) نەبێت کە ئەویش پێوبستە تۆزێك لە سەری بڕۆین . جا نووسەری کتێبی (ئێرانی شەو) باسی سەرۆکی ناوبراو دەکات‌و دەڵێت :

ئالۆزترین کەسە لەم لایەنانەو لە هەمووشیان سەرنج ڕاکێشترە چونکە کۆنترین‌و بە هێزترین نۆکەری شا بوو ، لە سەردەمی ئەودا پشکێنەری کۆشکی ئیمپراتۆری بوو ، هەروەها لێپرسراوی ئاسایشی تایبەتی محمد رەزا پەهلەویش بوو . جا شای ئێران وەك ئەندامێکی خێزانەکەی دادەناو دەستێکی باڵای بە سەر ڕاپۆرتەکان‌و نهێنی‌یەکانی ساڤاکدا هەبوو .

حسین فرە دست هەتا رۆژی دوایی کۆتایی هاتنی رژێمی پێشوو شان‌بەشانی نێرراوی کارتەر (ژەنەرال هویزر) بۆ ئێران لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی ئیمپریاتۆر بەشداری کرد ، ژەنەرال هویزریش ئەرکی ئەوەی پێ‌سپێردرا بوو کە سەرنج لە ئەفسەرە گەورەکان بدات‌و بزانێت تا چ ڕادەیەك یەرگەی ڕابەرینی گەل دەگرن . بەڵام کە شا کەوت حسین فرە دست یەکسەر بە هەموو دامودەزگاکەیەوە دایە پاڵ خومەینی. نووسەرەکە ئەو ڕووداوانەی خستۆتە بەردەست خوێنەرو بە ئازادی لێیان بکۆڵێتەوە . جا هەرکەسێك کتێبەکە بخوێنێتەوە یەکسەر هەست بەوە دەکات کە گواستنەوەی حسین فرە دست لە خزمەت کردنی شا بۆ خومەینی لە ئیستراتیژیەتی ئەمەریکاوە بەدەرنی‌یە .

مارك کرافیتس دەڵێت زۆر چیرۆکی سەیر دەربارەی حسین فرە دست دەگێرنەوەو ئێستاش ڕێنیشاندەری یەکەمی (سافاما) یەو لێپرسراوی ئەو کوشتنانەشە کە لە دەرەوەی ئێران ئەنجام دەدرێت . هەروەها نووسەر دەڵێت لە مۆزەخانەی خرابەکاری‌یەکانیشدا سافاماو پاسداران‌و لێژنەکانی خومەینی ، جیاوازی لە کات نەبێت، هەمان شێوەی ساڤاکی پێشوون ، تەنانەت ئەم دەزگایانەی دوایی لە خراپەکاری‌و کوشتن‌و بڕیندا دەستێکی باڵاتریان هەیە .

نووسەرەکە قسەی لێپرسراوێکی ئێرانیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە وتویەتی : شا ساڤاك‌و موسادی هەبوو بەڵام ئێمە هەموو گەل بۆ سیخوری لەگەڵمانە . جا کرافیتس لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت خومەینی سیخوری کردووە بە ئەرکێکی ئایینی‌و ئەو کەسانەش بە نموونە دەهێنێتەوە کە سیخوریان لە سەر منداڵ‌و براکانی خۆیان کردووەو بووەتە هۆی هەڵواسینیان لە لایەن رژێمەوە .

هەروەها دەڵێت : لە ڕاستیدا ئێران شێتخانەیەکی تەواوەو ئووشی گەورەترین‌و پر مەترسی‌ترین چاخی مێژوویی دەبێت. بە جۆرێکی ئەوتۆش وێرانکەر دەبێت کە لە سنووری ئاسایی دەردەچێت‌و لە توانادا نابێت لە لایەن چاکی‌و خراپیدا پۆلێن بکرێت ، چونکە داپڵۆسینەکە هیچ یاسایەك نایگرێتەوەو یە مەنتقی شەیتانەوە بەندەو تیایدا ئامانج تێکەڵ بە هۆ دەبێت‌و مەسەلەی ناوەندیش تەنها دەبێتە مردن‌و کوشتن ، دیسان نووسەرەکە دەڵێتە ئێستا مەلاکان لە ناوچەی شەمرانان لە باکووری تاران دەژین کە هەمان گەڕەکە لە سەردەمی شا چینی بۆرژواکان تیایدا دەژیان‌و هەروەها بە ئۆتۆمبیلی داپۆشراویش هاتووچۆ دەکەن . نووسەری ناوبراو لە زمانی ئەندازیارێکی ئێرانی کە لە پیشەسازی نەوت ئیش دەکات دەگێڕێتەوەو دەڵێت : مەلاکان تەنها تاڵەقانی نەبێت کە وەك ئەوەی ناسرابوو لە رژێمی شا بوون‌و بارو دۆخێکی ئالۆزدا مرد گشتیان سەر ئێرانیش یەکەمین هێزە بۆ لێدانی عەرەبەکان بەگوێرەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە . هەروەها ئەو ئەندازیارە لەو دەروبەرەی کە لێی‌دەژێت‌و لە بێوان ئەو خەڵکانەی دەیانناسێت ڕادەگەیەنێت کە حەڵکەکە زۆر لە مەلاکان بێزارن‌و بە (ئەخوندی) ناویان دەبەن کە جۆرە ناوێکە ریسوا کردن بە کاردە - هێنرێت . ئەندازیاری ناوبراو مەلاکان بە پیاوخراپ‌و بۆگەن لە قەلەم دەدات‌و دەڵێت ئەمانە ئایین بۆ بەرژەوەندی‌و ئارەزووی تایبەتی خۆیانەوە بە کاردێنن‌و بە هیچ جۆرێك سەر لە ژیان‌و کاروباری وڵات دەرناکەن .

هەروەها نووسەرەکە لە زمانی مامۆستایەکی زانکۆی ئێرانی‌یەوە دەڵێت : محمد بهشتی بوو وای لە خومەینی کرد کە رژێمی نوێ بە (کۆماری ئیسلامی) یەوە ئاوبنێت ، دەنا خومەینی زۆر بە کەمی ئەو وشەیەی لە دەم دەهاتە دەرەوەو تا بە کاریشی هێنا زۆر دوودڵ بوو .

دیسان مامۆستاکە تێبینی ئەوەی کردووە کە ئەو کەسانەی کە لە ڕووداوی تەقاندنی بارەگای سەرکردایەتی (حزبی کۆماری ئیسلامی) لەگەل بهشتی کوژران ، تا ئێستا نەزانراوە .

مارك کرافیتس لەو وەسفانەی کە بۆ پەیوەندی‌یەکانی رژێم‌و رەفتار کردنی لەگەل رۆژنامە نووسان‌و ئەو کەسانەی لە ڕاگەیاندن ئیش دەکەن ، دەکات ڕێبازی خومەینی وەك ڕێبازی نازی لە قەلەم دەدات‌و دەڵێت : ئەمانە هەمان ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکەن‌و هەمان ئەو شتانەمان لێ داوا دەکەن کە وەختی خۆی نازی‌یەکان داوایان لێ دەکردین . نووسەری ناوبراو کە پێش گەڕانەوەی خومەینی بە مانگێك گەیشتبووە ئێران‌و چاودێری ڕووداوەکانی ئەو دوایی‌یەی ئێرانی وەك پەیامنێرێکی رۆژنامەی (لیبراسیون) دەکردو دەڵێت : دەم‌ودەست‌و هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە ناخۆشی کەوتە نێو لایەنەکانی رژێم .

لە کۆتاییدا نووسەرەکە لە بەرئەوەی لێژنەکانی خومەینی بازرگانی‌یان بە کحول دەکرد ، نرخی شووشەیەك کحول گەیشتە (٧٠) دۆلار .



نافرەتانی هەولێر -پاشماوە

● خاتوو چەیمان خالص سەرۆکی یەکێتی گشتی نافرەتانی عیراق لقی هەولێر ، دەربارەی بەشداری کردنی نافرەتان لە ریزەکانی فیداکاراندا وتی :-

هەموو دەزانین کە نافرەتانمان دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٧ی گەلاوێژی مەزن‌و بەچاودێری سەرکردایەتی پارت‌و شۆڕش لە سەرووی هەمووشیانەوە سەرۆکی فەرمانده هەفتال صدام حسین دەورێکی گرنگی گێڕاو کۆڕانکاری‌یەکی بنەڕەتی بە خۆیەوە دیت ،لە ریزەکانی سوپای میللی‌و شۆڕەسواری‌و مەیدانی رۆشنبری‌و کۆمەڵایەتی . . جا شتێکی زۆر ئاسایی‌یە کە ئەمڕۆ ئافرەتانی کورد وەك هەر هاوڵاتی‌یەکی عیراقی پارێزگاری لە خاك‌و شەرەفمەندی وڵاتەکەی بکات .

ئێمەش وەك لایەنێکی پێشڕەو بە نسبەتی ئافرەتانەوە لە ناوچەکەدا . هەموو کاتێك دووپاتی ئەوەمان کردۆتەوە کە پێویستە جیاوازی نەوە نەبێت لە نێوانی ئافرەت‌و پیاوان . . . گرنگە چەك هەڵگرین‌و نیشتمانی خۆمان خۆش‌بوێت‌و هەمیشە لە خەباتی چەکدارانە دابین‌دژی رژێمی بۆگەنی ئەمرۆی تاران ...

ئێران - پاشماوە

ئێراندا گرتووەو رێگا سەرە - کیەکانیان. بەدەستەوەیەو لەپێچ بەش چوار بەشی دانیشتوانی ناوچەکە لایەنیان ئەگرن‌و پەنجەشی بۆ ئەوە کێشاوە کە (٥٠٠) قوتابخانە لەژێر چاودێری کردنی ئەماندایە .

قاسملو لە کۆتایی قسەکانیا پەنجەی بۆ ئەوە کێشاوە کە هێزی بزوتنەوەی بەرگری لە هەرێمی کوردستان (١٢٠) هەزار چەکداری شەرکەری هەیەو هەر کاتێکیش بیەوێ (٥٠) هەزار چەکداری زیادە ئامادە ئەکات .

ئەمە لە لایە ، لە لایەکی تریشەوە تەلەفیزیۆنی ئێران گێڕایەوە کە ئێوارەی شەممەی ڕابوردوو هێزەکانی بەرهەستەکەر . ئێرانی‌یەکان‌و پاسەوانەکانی خومەینی لە تاراندا بەگژیەکدا چوون‌و وتی چوار کەس لە بەرهەلستکەرەکان لەم بەگژاچوونەدا کوژران‌و بنکەیەکی پێکخراوی موجاهیدینی خەلك لە پایتەختی ئێراندا داگیرکرا . بەڵام تەلەفیزیۆنەکە هیچ شتێکی لە زیانی پاسەوانەکانی خومەینی باس‌نەکرد لەم بە یەکاچوونەدا .

لە کوەیتیشدا ڕۆژنامەی (الانباء) وتی ئەفسەرێکی ئێرانی بە خۆی‌و فڕۆکە (ئێف - ٤ فانتۆم)ەکەیەوە ڕۆژی سێشەممووی پێشووتر ڕایکردە وڵاتی شانشینی عەرەبی سعوودی‌و داوای پەنادانی سیاسی کرد . ڕۆژنامەکە ئەوەیشی وت کە حکومەتی ئێران نەداوای گێڕانەوەی فڕۆکەوانەکەی نەکردوە گێڕانەوەی فڕۆکەی نەکردوە تا هەواڵی ڕاکردنەکەی ئاشکرانەبێ .

لە لایەکی تریشەوە ڕۆژنامەی (کەیهان) کە لە تاران دەردەچێ وتی پاسەوانەکانی خومەینی (١٠٠) کەسیان لە بەرهەلستیکەرەکانی ڕژێمی ئێرانی گرتوە .

هیزە دلێرەکانمان - پاشماوە

● ١٠-٣-١٩٨٢ :

٢٨ کۆژراوو یەك دەبابەو یەك سەربازبەری مودەرەعەو یەك بنکەی تەقەمەنی‌و یەك روانگەو شەڤلێك . هەروەها لەم رۆژەدا بەیاننامەی سەرکردایەتی گشتی هیزە چەکدارەکان ڕای‌گەیاند کە هیزە دلێرەکانمان هیرشیکی سەرکەوتویان کردە سەر بنکەکانی دوژمن لەناوچەی سەربیل زەهاو زیانی دوژمن لەو هیرشەدا بەم جۆرەبوو : ١١٧ کوژراو ژمارەیەکی زۆر گیراو بریندارو چەك‌و جبەخانەیەکی زۆری دوژمن گیرا .

دوو پاوند -پاشماوە

هەرچی هەیە ویستوویەتی ئەم بیلانەی ئێمە پەبڕەو بکا .. کەسێ نەماوە نەیزانیبێ.. هەرگیز جارێکی تر بۆمان ناکرێتەوە .. تکیتەکە لەکوێیە ؟ »

« ئەوەتا ! » تۆم ووتی.

« ئیتر کەلکی نییە . . بیخەرە ناو ئاگرەکەوە »

هەردووکیان بە خەمناکییەوە سەیسەری تکیتەکەیان دەکرد کە دەسووتا .

« دوو پاوەندو هیچ بەدەست » فرید ووتی .

لیژنەی بەرگری -پاشماوە

خوازی دوای کودەتا جیاوازی گەریەکە جێی‌هێشتبوو ، دیسان بەیاننامەکە چۆنیەتی خزانی حافظ اسدو دارودەستەکەی بۆ حوکم لەژێر پەچەی هەراج‌کردندا باس‌کردووەو هەڵگەڕانەوەی (٢٣)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٦)یش بەسەرکردایەتی اسدو لایەنگرەکانی هەموو لایەنەکانی ئاشکراکردوە .

پەیوەندی نێوان -پاشماوە

ڕاهێنانی ئاسمانی‌و دەریایی لە خۆرهەڵاتی دەریای ئیجە ئەنجام دەدات . سەرچاوە سیاسی‌یەکانی یۆنانیش ئەم ڕاهێنانە بە پەرچدانەوەی سەردانەکەی ئەندریاس باباندریو سەرەك وەزیرانی یۆنان لە سەرەتای ئەم مانگە بۆ قوبرس ، لەقەلەم‌دەدەن.

زایونی دوژمن -پاشماوە

لێپرسراوەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە چەرگەی خاکی عەرەبی داگیرکراوەوە ئەگاتە بزووتنەوەی بەرگری ،

بەڵگەیەك - پاشماوە

بڵاودەکەینەوە :

دایەرە : نووسینگەی یارمەتیدەری زانیاری‌و کونسولگەری .

ژمارە ٤٤٥٨ - ٧ - ١٢٣- ١٧ مێژوو ١٢-٨-١٩٨١ .

بە ناوی خوای بەخشندەو مبهرەبان ڕاگەیاندنێك بۆ هەموو نوێنەری‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوە .

ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری‌دا یەك ملیار ڕیال لە رۆژی ٨-٨-١٩٨١ ەوە بخاتە ژێر دەستی کونسولگەری‌یەکانی دەرەوە . ئەم بارەیەیش بۆ سوودی ئەندامانی پارتی « ئەللاهی» تەرخان کراوە کە بە ناوی قوتابی‌یەوە ئێران بەجێ دەهێڵن‌و ئەڕۆنە وڵاتەکانی دەرەوە بۆ سەرکوت‌کردنی کۆبوونەوەکانی قوتابیانی دژی شۆڕش‌و ئیسلام .

جێی گومانیش نیە چۆنیەتی پەبڕەو کردنیش لە گەل بارەکەدا ئەنێرێ .

یارمەتیدەری کاروباری زانیاری‌و کونسولگەری‌یەکان

ئارا مەنسووری

Institut Kurde de Paris

هاوولاتیان هەستی پاکی خۆیان دەردەبڕن

لە بیرەوەری یانزە ی ئاداردا

بەرلە دوانزە سال ، گەلی کورد لە کوردستانی عیراق شادبوو بە مافەنەتەوەییە - کانی ، لە چوارچێوەی بەیاننامەی یانزەی ئازاری مێژوویی ، گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بە سەر هەموو ناوچەکەدا هات لە رووی رۆشنبیریو کۆمەلایەتیو شارستانیەتیو ئاوەدانی هتد ...

هەموو ساڵێك ئەم یادە پیرۆزە بە سەر گەلەکەمان رادەبوریو ئاهەنگی بۆ دەگێرین . . . لەم بیرەوەریەدا بە پێویستیمان زانی رای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەر بگرین . . .

● **کاکە خسرو طاهر عبدالله فەرمانبەر هەستی خۆی بۆ ئەم رۆژە پیرۆزە دەربڕیو وتی :-**

لە یانزەی ئاداری هەموو ساڵێك ، یادی رەشبەلەکی کوردەواریانەو پێشوازی کردنمان دەکەویتەوە یاد .. لەم رۆژەدا بوو گەلی کورد لە کوردستاندا ، شاد بوو بە مافەکانی خۆی ، ئەوەش لە روانگەی بیری مرۆڤایەتی پارتی سەرکردە هاتە کایەوە ئەمساڵ کە یادی ئەم جەژنە دەکەینەوە ، دەبێ دەستنیشانی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەشمان بکەین کە سوپای نەبەزمان وەدەستی هێناوە لە جەنگی ڕەواماندا دژی رژێمی خومەینی جادووگەر ...

● **کاکە الیاس پولص سکرتیری نەقابەی کشتوکاڵ لە پارێزگای هەولێر وتی :-**

سلاو لە گەلی کورد لە کوردستاندا ، لە بیرەوەری یانزەی ئاداری .. سلاو لە سەرۆکی فەرمانده هەڤال صدام حسین ... کە یادی ئەم رۆژە مەزنە دەکەینەوە ، دەبێ لەگەڵیا بەڵێنی پیاوەتی نوێ بکەینەوە لە جەنگی قادسیەی صدام . . . بەردەوامبین لە وەدەست هێنانی سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن . . .

● **بەریز قوتابی چەبار عبدالله بەشداری ئاهەنگەکانی یانزەی ئادار دەکات دەڵێ ...**

لەگەڵ تیشکی زیرینی رۆژی یانزەی ئازاردا هێمنیو ئاسایشی گەڕایەوە ناوچەی کوردستانو خۆشەویستی نەخشا لە دەروونی برایەتی کوردو عەرەب لە عیراقی ئازیزدا .

بەڵێ لە بیرەوەری دوانزە ساڵەی ئەم یادە مەزنە ، پێویستە زیاتر هەوڵی ئەوە بدەین کە کاربکەین ، خەبات بکەین لە پێناوی عیراقێکی هەمیشە پێشکەوتوو بە رابەرایەتی رۆڵەی بە وەفای گەل هەڤال صدام حسین ... پیرۆزبێت جەژنی ئادار لە هەموو کوڕگەلێکی ئەم وولاتە ...

● **کاکە عثمان موسی سکرتیری نەقابەی گواستنەوە لە هەولێر بەم بۆنەیەوە پێی وتین :-**

مەشخەڵی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان ، رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشانەوەدایە ، جەنگی پیرۆزمان ئەمرۆ ئەوە دەسەلمێنێ ، کە گەلی عیراق دەتوانێ هەمیشە ئاهەنگ بگێڕێت بە بۆنەی سەرکەوتنەکانیو دەسکەوتە مەزنەکانی . . . بەڵێ یادی یانزەی ئاداری گەشەدار، دەسکەوتێکی نەبڕاوەیە بۆ گەلی کوردمان لە کوردستاندا . . . دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین پەرەی پێبدەینو لە ڕێرەوە نەبراوەکەی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی دانەبڕێت.. نابێ ئەو بایەخ پێدانەی سەرۆکی فەرمانده هەڤال صدام حسین لە بیر بکەین کە دەیداتە گەلی کوردو ناوچەی کوردستان . . .

● **هونەرمەند محمد سعید ابراهیم لەم بیرەوەریە باکەدا هەستی خۆی دەربڕیو وتی :-**

لە بەرەبەیانێکی ، مانگی شیرینی نەورۆزێ خۆری سەرفرازی هەڵهاتی ، بانگە وازی مافە ڕەواکانی گەلی کورد ، دەستنیشان کرا لە چواچێوەی بەیاننامەی مێژوویی یەکەی یانزەی ئازاری مێژوویی ... لەم یادەدا ، رەشبەلەکی کوردەواریانە رێك دەخەینو کیژۆڵانمان سەرچۆپی دەگرن ... لەم یادەدا خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەوانەی ئەو جەژنانەمان دەپارێزن . .

ناظم دلبەند
نووسینگەی هەولێر



کردنەوەی پێشانگای هونەرمەند

اسماعیل خەیات

پێری ئێوارە بەسەرپەرشتی بەرێز وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن کە لەجیاتی خۆی مامۆستا نزار حمدونی جێگری وەزارەتی ناردبوو پێشانگای تایبەتی هونەرمەند اسماعیل خەیات لەهوڵی رەواق لە بەغدا کرایەوە .

ژمارەیەکی زۆری هونەر دۆست لە ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگاکەدا ئامادەبوونو لەژمارەکانی داهاتودا بەدرێژی لەسەر ئەم پێشانگایە دەنووسین .

نەوەی نوێی کورد
لەسایەی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانو دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشدا چاو لە پاشەڕۆژی بەختەوەری لەعیراقی سەربەستیو سەربەرزیدا .

بەشی کوردی تەلەفزیۆنی کەرکوك وچەنگی ڕەوامان

دامەزراندنی قەناتی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا دەسکەوتێکی مەزن بو بۆ پەرەپێدانی جوڵانەوەی رۆشنبیریو راگەیاندنی کوردیو لەم چەند ساڵەشدا ئەم بەشە گەلێ پێشکەوتنی هونەریی تێدا هاتۆتە کایەوە. بۆ ئەم مەبەستەو گەلێ لایەنی تر چوینە بەرێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی کەرکوکو چاومان بە سەرۆکی بەشی کوردی کاك هاشم جباری کەوتو لە وەڵامی پرسیارێکدا ووتی :

بریاری دامەزراندنی بەشێکی تایبەتی لە بۆ گەلی کورد نیشانەی ئەو بایەخدانە فراوانەیە کە شۆڕش دەیداتە کوردو هەوڵو تەقەللای فراوانی ئەوەبە لایەنی رۆشنبیریو هۆیەکانی تری راگەیاندنی بیوژێتەوەو بگاتە ئاستی پێشکەوتنو هەنگاوی بەردەوام بۆ پاشەڕۆژێکی روونناك ، ئەوە بو لەم چەند ساڵەدا رۆژ بە رۆژ بەشی کوردی گەشایەوەو ئێستاش بەردەوامە لە گەیاندنی رووی راستەقینەی پێشکەوتن بۆ کۆمەڵانی خەڵك لە ناوچەکەدا .

● **دەربارەی ئەو جەنگەی وولاتەکەمان دژی حوکمدارە نەزانەکانی تاران دەیگێڕێ تا ئێستا چیتان کردووە ؟**

× هەوڵوتەقەللای بەشی کوردی بەردەوام بووە بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەم بەشە بتوانین زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك ئیدعاو درۆودە لەسەکانی ئەم رژێمە بۆگەنە روون کەینەوەو پەردە لە رووی دڕندایەتی ئەم رژێمە لابدەین کە دوورە لە هەموو مانایەکی مرۆڤایەتی. دیسان بەشەکەمان چەندان سروودی نیشتمانی بەویژنەوە تۆمار کوردووە کە لەم مەسەلەبدا تیپە هونەرییەکان یارمەتی تەواویان داوین ، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە دەربارەی جەنگەکە رووبداوە لە هەواڵو ووتارو وێنە لە جەنگەوە گراون بە کوردی سەرەرای چەندان چاوپێ کەوتن لەگەڵ خێزانو کەسو کاری شەهیدان .

● **پەیوەندی بەشەکە لەگەڵ دەزگا رۆشنبیرییەکان لە ناوچەی کوردستاندا چۆنە ؟**

× کاربەدەستانی تەلەفزیۆن بەگشتیو بەتایبەتی بەشی کوردی لەم رووەوە تەقەللایەکی تەواویان داوە بە ئومێدی گەشانەوەی زیاتری بەشەکەو دەوڵەمەندکردنی بەبابەتی بە کەڵكو هاوکاریکردنی ئەم دەزگا رۆشنبیرییو تیپە هونەرییەکانەو ئەمانیش دەستی یارمەتی کرنیان بۆ قەناتەکە لەسەر ئەم پیشەیە رابێم ..

● **چۆن لەم کارە تازەیەت دەگەن ؟**

- کارێکی شارستانیو پێشکەوتووە ، هەست دەکەم کە زۆر فەرمانیگرنگەو بەبایەخ لە رێگەی ئیشەکەی ئێمەوە جێبەجێ دەکرێ .. بۆیە ئەم ئیشەم خوش ویست ..

● **هەست بە هیچ گیروگرفتێك دەکەی ؟**

- هیچ گیروگرفتیکی ئەوتۆمان نیە ، ئەوەندە نەبێ، خۆزگایە هەندێ لەو خوشك وبرایانەی لە دەرەوەی دەزگاکەوە داوای ناوەوە دەکەن ژمارەی خەتی داواکراویان بە تەواوی دەدایێو بەمە ئیشەکەی ئێمەش ئاسانتر دەبوو .

● **دیاردەیەکی دڵخۆشکەرە کە کچی کورد لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا، بێپەروا، دەوری کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی خۆی ببینێو ، بەتایبەتی لەم بارو زروفەدا کە هەموو دەرگایەکی بۆ دەرێژ کردووە ، ئەوەتانی بەردەوامین لە تۆمارکردنی ئەو بابەتانەی لەو دەزگایانەوە بۆمان دێ سەرەرای تۆمارکردنی چەندان شانۆییو بەرنامەی ترو نەخشەی ئەمساڵیشمان ئەوەیە کە پلانێکی نوێ دابنێین بۆ هاوکاریکردنی فراوانتر لەگڵ ئەم لایەنانەدا بۆ پێشکەوتنی زیاتری رۆشنبیری کوردی .**

● **ئایا تەقەللا هەیە بۆ ئەوەی ئەمساڵ قەناتەکە لە رووی ((رێك خستن)) موە شتی نوێی تێدا بێتەدی ؟**

× ئەم بەشە بە کۆشش تەنیا برایەکو سێ خوشك کار دەکاتو ئەمانەش هەموو کاروباری هونەریو رێك خستنو سەرپەرشتی - کردنو وەرگێڕانو هەموو لایەنەکانیتر دەبەن - بەریۆەو بۆ بەشی رێك خستن لەم ساڵدا گەلێ پرۆژەی تازەمان بەدەستەوەیە بۆ جێبەجێکردنیانو ئومێدمان وایە لە پاشەڕۆژێکە نزیکدا ئەم بەشە بتوانێ بەتەواوی بگەشێتەوە .

شێرزاد عبدالرحمن :

گفتوگۆیەك دەربارەی تەلەفۆنو ئەوانەی لەگەڵیا ئەژین

● **تەلەفون لەم رۆژگارەماندا،وەکو ئامێرێکی پێویستو گرنگ خۆی لەژیانی ئادەمیزاددا چەسپاندوە ، خەڵکیو دەزگاکانی دەوڵەت پەتای دەبەنە بەر بۆ رایی کردنی کاروباریان بەخێرایی و بێئەوەی توانایەکی ئەوتۆ بخەنە کار .**

● **باشە رێگای لە خوێندنت تەگرتوە ؟ چونکە وەکو بزانین ئێوواران دەوامی قوتابخانە دەکەی .**

- بێگومان ناتوانم لە کاتی ئیش کردندا کتێب بکەمەوە چونکە دیارە ئەم ئیشە ئامادەبوونێکی بەردەوامی دەوێو پێویستە هەمیشە سەماعەکەت بە گوێوە بێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو لەگەڵ ماندووبووندا ئێوارانی پاش تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە ماوەیەك بۆ سەعی کردن دەڕەخسێنم .

● **نوال جمال ، کە ئەویش لە هەمان دەزگا کار دەکا وتی :**

- من تازە لێرە دامەزراوم، کەژالی دەستەخوشکم یاریدەی باشی داوم کە گێرەوکێشە ، بەڵکو هەندێ رازونیازیان هەیە ..

● **کەژان عبدالله ، کە فەرمانبەری بەدالەی یەکێ لە دەزگا گرنگەکانی هەولێرە دەڵێ :**

- ساڵو نیوێکە لێرە کار دەکەم : تا ئێستا هیچ گیروگرفتیکی وام نەهاتۆتە بەر کە قسەی لێوە بکرێ ، خەڵکەکەمان ، لەوە دەچێ ، راهاتبن چۆن لەگەڵ ئەم ئامێرە زۆر گرنگەدا تەعامول بکەن .

● **ئینجا ئەواتەی لە بەدالەکانی دەزگاو دائیرەو مەڵبەندەکانی سەر بە دەوڵەتدا کار دەکەن ، لەگەڵ ئەم ئامێرەدا هەندێ ، ناڵێیی**

تەلەفون
٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەلانی

هاوکاری

institut kurde de Paris

هاوکاری

پاشکۆی ژمارە ٦٢٨

١٩٨٢/٣/١١

لە یادی هەشتەم ساڵەی چەسپاندنی
ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا

سلاوی ویژو خۆشەویستی گەلی کورد لە سەرکردەی کاروان صدام حسین

«هەڵبژاردە لەوشەی پرشنگدارەکانی سەرەکی فەرماندە»

● برایان دیسانەوە کوردەکانی عێراق سەلماندیان وەکوو چۆن لەمەوپێشیش سەلماندوویانە کە لەپلەی بنەڕەتدا عێراقین‌و ئامادەن بە خوێنیان داکۆکی لە عێراق بکەن بە چاوپۆشین نەتەوەیەکن .

لەوەی سەر بە چی

● برایان هەروەکوو لە پێشدا ووتمان ئەوا ئینتمای نەتەوەیی بارێکی ناکۆکی ئینتمای نیشتمانی عێراقی نی‌یە بەڵکوو زۆرتر بەهێزی دەکات . ئابەم جۆرە کوردەکان دڵسۆزیی‌ی خۆیانیان بۆ عێراق سەلماند لە جەنگیان‌دا شان‌بەشانی برا عەرەبەکانیان دژ بە خومەینی‌ی جادووبازو

● ئەمڕۆ تەنها لەسوپای میللی‌دا (٣٥) هەزار چەکداری کورد هەن بۆ داکۆکی کردن لە خاکی نیشتمان دەجەنگێن ئا بەم جۆرە برایان بۆ هەموو جیهان دووپاتی دەکەنەوە کە ئێوە ڕۆڵەی کوردستانن بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵەی عێراقی مەزنن‌و .. دیسان بۆ جیهانی دووپات دەکەنەوە وەك چۆن مێژووەکەتان وایە ئێوەیش ڕۆڵەو گوڕەزا نەبەردەکانی صەلاحەدینی مەزنن کە فەلەستینی رزگار کرد .

● کێشەی کورد ، زۆر دەوڵەت یاری پێ‌کردو هێشتا زۆر دەوڵەت هەن یاری پێ‌دەکەن‌و هیوای لەسەر بنیات دەنێن ، ئەوان گرەو لەسەر خائنەکان دەکەن‌و ئێمە گرەو لەسەر گەل دەکەین ، ئەوان گرەو لەسەر لەرێ لادەران دەکەن ، ئێمە گرەومان لەسەر ڕۆڵەکانی عیراقی مەزنە لە کوردەکان.

● لەعێراقدا ، کورد دوو مافی هەیە ، مافی وەك عێراقی مافێك لەپاڵ مافی عێراقیەوە ، واتە مافی ئۆتۆنۆمی ، بەم جۆرە دەبینین ، کورد ئەندامە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا هەروەها ئەندامە لە ئەنجومەنێکی بچوکدا کە ئەرکی یاسادانانی ناو خۆیی هەیە ناوی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یە بەڵام عێراقی دانیشتو لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەك مافی هەیە ، کورد دوو مافی هەیە لەگەڵ عێراقیدا تێکڕا ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێرێ لە ئەنجوومەنی نیشتمانیداو دوایش خۆی بەتەنیا بۆ دووەم جار ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان بۆ ئەنجومەنی یاسادانان هەڵدەبژێرێ عیراقی لە حکومەتی مەرکەزیدا بەشدارەو کورد لە حکومەتی مەرکەزیدا بەشدارەو بەشدارە لە حکومەتێکی بچوکی ناو خۆییدا ناوی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی

بڕوانە ل : ٧

لە یادی جێبەجێ کردنی یاسای
ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا

یەکێتی نیشتمانی بتەوو .. کاروانی سەرکەوتن ..

ئەمڕۆ ، هەشت ساڵ ، بەسەر جێبەجێ‌کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا ڕادەبووڕێ ، ئەو یاسایەی کە جێبەجێ‌کردنی‌و دروست کردنی دام‌و دەزگاکانی ئۆتۆنومی لەناوچەی کوردستانی عیراقدا ، هەنگاوێکی شۆڕشگێرانەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بوو کە وەفادارانە بەڵێنی خۆی بەجێ‌هێناو دوای ئەوەی لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا بەیاننامە میژوویەکەی باوەڕهێنانی بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردا دەرکردو ماوەی چوار ساڵی دیاری کرد بۆ کارکردنی ڕاست‌و دڵسۆزانە لە پێناوی چەسپاندنی مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کوردا لەچوار چێوەی عیراقێکی یەکگرتو و پێشکەوتودا .

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، بەپێی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی ڕاستەقینەی، هەر لەبەرپاکردنی شۆڕشە مەزنەکەیەوە لە ١٧ـ٣٠ تەموزدا ، هەنگاوی دڵسۆزانەی نا لەسەر ڕێگای دامەزراندنی عیراقێکی سەربەرزو پێشکەوتو لەم بوارەدا ، چاوی لەوە بوو ، کە گەلی کورد لەکوردستانی عیراق ، لە سەردەمی حکومەتە کۆنەپەرستەکانی پێشوودا تووشی زۆر دەردی سەری‌و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوو سەرەڕای ئەو دواکەوتوویی‌یەی بەسەر ناوچەکەدا هات‌و بێجگە لەوەی مانەوەی مەسەلەی کورد بەبێ چارەکردنی مەوزوعی لەبەر ڕووناکی سوودی یەکێتی عیراقدا دەرگای لەبەردەم پیلان‌و هەڵس‌وکەوتی هێزەکانی دوژمن بە عیراقدا کردبووە ، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش دڵسۆزانە کەوتنە هەنگاوناو ڕێ خۆشکردن بۆ چارەسەری بە باوەڕانەی ئەم مەسەلەیە ئەوە بوو بەر لە دەرکردنی بەیاننامە میژوویی‌یەکەی ١١ی ئادار چەند هەنگاوێکی مرۆڤایەتی نرا وەك باوەڕهێنان بە مافە ڕۆشنبیریەکانی نەتەوەی کورد .

چاو گێرانەوەیەکی وردی مەوزعی بەکاروانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا ، کە بەیەکێك لە هەرە دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕش‌و حزب دەژمێردرێ دەمانخاتە بەردەم ئەو واقعەی زیاتر بەرامبەر پاشە ڕۆژی وڵات‌و گەلەکەمان دڵنیاو بەرچاو ڕووناك بین . ئەو بایەخە دڵسۆزیەی سەرکردایەتی‌و بە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆی سەرەکی فەرمانده صدام حسین خۆی بەدام‌و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌و ڕاپەراندنی کاروباری ئاوەدانی‌و پێشخستنی ناوچەکە ، بەڵگەی ئەوەیە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست هەر لە بنەڕەتدا بە باوەڕو هەڵویستی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیەوە سەرنجی مەسەلەکەی داوەو سوریشە لەسەر بەردەوامی ئەم کاروانە سەرفرازەی کە لێدانێکی توندو بکوژ بوو ئاراستەی دوژمنەکانی سەربەستی عیراق‌و یەکێتی نیشتمانی گەلەکەی کرا .

بەرامبەر بەم هەڵویستە بە باوەڕەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش هەڵویستی گەلی کوردیش هەڵویستی بەوەفایی‌و دڵسۆزی بووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە دەوری سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش کۆدەبێتەوەو بەشداری ڕاستەقینەی بیناکاری عیراقی سەربەرز دەکات‌و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆشەویستی‌و وەفای

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

سەرەکی ئەنجومەنی پاپەڕاندنی کوردستان :

● ئۆتۆنۆمی کوردستان تاقی کردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەی گەورەیە .

● دەیان هەزار هاوولاتی کورد خۆیان لە ریزەکانی خۆخۆیاندا ناونووس کردووە

● جم و جووڵ و چالاکی فراوان بۆ پشتگیری کردنی جەنگی قادسیەی صدام

لە یادی تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر جێبەجێ کردنی حوکمی زاتی لەناوچەی کوردستانداو ، بەبۆنەی جەژنەکانی تری مانگی ئادارەوە ، بە باشمانزانی کە سەردانێکی بەڕێز مامۆستا جمال حاجی شریف - سەرەکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی کوردستان بکەین و ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا بکەین :

عبدالوهاب تالەبانی

● دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و لە سەرووی هەموویانەوە ئەم دەزگایە - ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی کوردستان - ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەورەیان لە سەرە بۆ سەرخستنی ئەم تاقی کردنەوە شۆڕشگێڕانەیە کە لە سەر دەستی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هاتەدی ، تا چ رادەیەك ئەنجومەن توانیویەتی ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات ؟

- گومانی تێدا نیە کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق، تاقی کردنەوە یەکی پێشرەوانەو شۆڕشگێڕانەی شۆڕشی ١٧/ی تەموزی مەزنە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەڵیگیرساندو ، هەروەها بە دەنگەوە چوونێکی مرۆڤایەتیانەی گەلی کورد بوو ، کە هەزاران ساڵە لەم عیراقە خۆشەویستەدا لەگەڵ برای عەرەبیدا بنیاتی بەرزترین شارستانێتی مێژوویان داناوەو، جوانترین نموونەی برایەتیان تیا نواندوە .

جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردمان لە عیراق، سەری لە هەموو بەرەی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستان شێواندو ، لێدانێکی چوست و چالاکانە بوو بۆ هەموو نەخشە و پیلانێکی دوژمنانی شۆڕش لە عیراقدا .

دەزگای ئەنجومەنی راپەڕاندنی کوردستانیش، کە دەزگایەکی سەرەکی ئۆتۆنۆمی یە ، گەلێ ئەرك و پێویستی گرنگی کەوتۆتە سەرشان ، جارێ پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم دەزگایەو هەموو دەزگاکانی دیکەی ئۆتۆنۆمی زۆر چاك لە لایەن سەرکردایەتی پارت و شۆڕشەوەو بە تایبەتی لە لایەن سەرەکی مەزنمانەوە هەڵگیرساندا حسین پشتگیری کراوەو ، هەمیشە رایان گەیاندوە کە دەیانەوێ ئەم تاقی کردنەوەیە بە تەواوی سەرکەوێ و ، وەکو چارەسەری یەکی شۆڕ - شگێڕانەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆ مەسەلەی کورد خۆی بچەسپێنێ و گەلی کوردمان لە سایەیدا بحەسێتەوەو بە هەموو مافە نەتەوەیی یە رەواکانی شاد بێ .

ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی کوردستان لە هەموو ئەمینداراەکانی ئەمانەتەکان پێکهاتوەو ، هەموویان پلەی وەزیریان هەیەو سەرۆکی ئەنجومەنیش ئەندامی ئەنجومەنی یاسادا نانەو دەستەڵاتی وەزیری هەیە بۆ هەموو کاروبارێکی ئەمانەتەکانو، لەگەڵ سەرەکی ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی کوردستاندا ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانە ، ئەمەش هەمووی لە یاسای ئۆتۆنۆمیدا دیاری کراوەو ، بریاری تایبەتیشی پێدەرچوە لە لایەن ئەنجومەنی سەر - کردایەتی شۆڕشەوە . کەواتە ئەم دەزگایە دەستەڵانی فراوانی هەیەو سەرکردایەتی شۆڕش بایەخ و گرنگی یەکی تەواوی پێداوەو، ئێمەش لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامداین بۆ ئەوەی هەموو ئەرکەکانی سەرشانمان بە ئەوپەڕی دڵسۆزی یەوە جێبەجێ بکەین و ، خزمەتی گەڵ و نیشتمان و نەتەوەی کوردمان بکەین و پرۆگرامەکانی حزب و شۆڕش بە سەرکردایەتی هەڤاڵ صدام حسین جێبەجێ بکەین .

لە بارەی بۆدجەی ناوچەی کوردستانیشەوە ، ئەوا رایدەگەیەنین کە بۆدجەی ئەمسالی ناوچەکەمان لە ساڵانی رابوردوو زۆرترەو ، بەشی ئەوە دەکا کە هەموو پرۆژەکانی ناوچە بە چاکی تەواو بکەین و ، هەروەها هەموو پێویستی یەکانی دیکەی ناوچەش جێبەجێ بکەین .

ئەنجومەن لە ماوەی پێشوویدا گەلێ چالاکی باشی بۆ یەکالا کردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان نواندوەو، ئەندامانی ئەنجومەن بۆ ئەم مەبەستەو بۆ گوێگرتن لە سکاڵاو پێشنیارو داواکاری هاووڵاتیان بە هەموو ناوچەکەدا گەڕاونو ، توانیویانە زۆر لەو گیروگرفتانەی کە هەبوون چارەسەر بکەن .. هەروەها لەو گەڕانانەدا ئامۆژگاری - یەکانی سەرکردایەتی شۆڕشمان بە خەڵکی ناوچەکە گەیاندوە ، بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە - کانیانو پێشکەش کردنی باشترینو کاریگەرترین خزمەت بۆیان .

لە هەمان کاتدا ئێمەش پێشنیارو گیروگرفتی خەڵکەکەمان گەیاندۆتە سەرکردایەتی .

هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی یاسا دانانداو پاش خوێندنەوەی ئەو راپۆرتانەی کە لیژنەکانی یاسا دانان پێشکەشی دەکەن ، بە وردی لە داخوازی خەڵکەکە کۆڵیوینەتەوەو ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەشیان کردوین بە سەرمان کردوونەتەوە .

● گەلی عیراقمانو گەلی کوردمان بە تایبەتی ، ئەمڕۆ هەموو لە سەنگەری پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستدان لە دەستدرێژیو دوژمنایەتکاری رژێمی رەگەز پەرستو بەکرێ گیراوی ئێران ، لەم بارەیەوە ئەنجومەنی یاسا دانانی ناوچەی کوردستان چ دەورێکی گێڕاوە ؟

- جەنگی رەوای قادسیەی صدام ، جەنگی گەلی عیراقە بە کوردو عەرەبیەوە، دژی دوژمنێك کە دەیەوێ بە زۆر خاك و ئاومان داگیر بکات و ، دەستدرێژی بکاتە سەر سیادەت و کەرامەتی عیراقی سەربەرزمان ، کە لە سایەی شۆڕشی ١٧/ی تەموزی مەزنداو بە سەرۆکایەتی سەرکردەی رابەرمان صدام حسین گەلێ هەنگاوی گەورەی لە مەیدانی پێشکەوتندا بڕیوە ..

رژێمی بە کرێگیراوی ئێران ، ئەوەی لە بیر چوەوە، کە عیراقی ئەمڕۆ ، ئەو عیراقە نیە کۆمەڵی نەزانو نەخوێندەواری رەگەز پەرستی فارس کاری تێبکەنو ، سەری پێدانەوێنن ، ئەمڕۆ وڵاتەکەمان لە ژێر ئالای سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو بلیمەتدا بنیاتی قەڵایەکی سەخت و مەزن دەنێ ، کە

بروانە ل ٤

Institut Kurde de Paris

سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان :

- دەیان هەزار هاووڵاتی کورد خۆیان لە ریزی فیداکاراندا ناونووس کردوە .
- جەنگی قادسیەی صدام جەنگی هەموو عیراقیە کە بە کوردو عەرەبەوە
- ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان دەسکەوتێکی مەزنی شۆڕشی ١٧ی تەموزی نەمرە بۆ گەلی کوردمان .

● لەم رۆژانەدا یادی تێپەڕبوونی هەشت ساڵ دەکەینەوە بەسەر جێبەجێ-کردنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستانداو ، بەم بۆنەیەوە سەرمان لە بارەگای ئەنجومەنی یاسادانان داو ، چاومان بە بەڕێز مامۆستا احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەرۆکی ئەنجومەن کەوتو داوامان لێکرد دەسکەوتەکانی هەشت ساڵی رابوردووی جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمیمان بۆ هەڵسەنگێنێ ، لە وەڵامدا بەڕێزیان وتی :

– دانانی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ، ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ دەسکەوتێکی دیموکراتی گەورەی شۆڕشی ١٧/ی تەموزبوو ، کە حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەڵیگیرساند ، هەروەها دەربڕینێکی مەوزوعی بوو ، بۆ بیروڕاو تیوریی‌یە تایبەتیە – کانی دەربارەی چارەسەرکردنی مافە نەتەوەیی‌یە رەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەك نیشتمانداو ، لە سایەی پەیوەندی برایانەو یەکسانانەو لێپرسراوێتی هاوبەشی نێوان گشت رۆڵەکانی .

دامەزراندنی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانانو راپەڕاندن ، جێبەجێ کردنێکی عەمەلی بوو بۆ دروست کردنی ستوونەکانی ئۆتۆنۆمی ، کە لە وێدا ئیرادەی شۆڕشو ئامانجە رەواکانی گەلی کورد یەکدەگرن ، بەم کردەوەیەش شۆڕش هەموو خەوو خەیالی کۆنەپەرستانو دەزگا ئیمپریالیستەکانی رەواندەرە، ئەوانەی دژبە ئازادیو پێشکەوتنو دەیانەوێ یەکێتی نیشتمانیمانو شۆڕشە هەڵکەوتوەکەمان لەناوبەرن ، لە کاتێکدا کە ئەم شۆڕشە بە هەموو ئازایەتیو توندی‌یەکەوە دژی بڕۆژەکانی ئیمپریالیزم وەستاوە کە دەیەوێ بەسەر ناوچەکەیدا بسەپێنێ .

هەروەها بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان وتی :

– لە ماوەی هەشت ساڵی رابوورودا ناوچەی کوردستان لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا گۆڕانکاری چاکی بە خۆیەوە بینیو ، هەوڵو کۆششی تایبەتی دراوەو لە ماوەیەکی قیاسیدا توانراوە ناوچەکە بە باشی ئاوەدان بکرێتەوەو هەقی ساڵانی پاش کەوتنو دواکەوتن بکرێتەوەو ، نموونەیەکی زیندووی تواناکانی شۆڕشو کۆمەڵانی خەڵکی لە کارکردنو بەرهەمهێنانو کۆششی بەردەوام بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە دەستنیشان بکات ، تاقی کردنەوەی ساڵانی رابوردوو ، قووڵایی ئەم تاقی کردنەوەیەی چەسپاندو ، رێگای بۆ گەلی کورد کردەوە کە دەوری کاریگەر لەو دەسکەوتە گەورانە ببینێ کە لە هەموو عیراقدا جێبەجێ دەکرێو پێی شادبێ ، جگە لەو راپەڕینەی کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی نە مەیدانی پەرەپێدانو گۆڕانکاریو گەشانەوەیدا دەیبینێو ، ناوچەکە لەو بارە نالەبارە دواکەوتوەی تیابوو رزگار دەکاو بەرەو پێشەوەی دەبا .

تاقی کردنەوەی هەڵبژاردنی ئەم دوایی‌یەی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانیش ، رێرەوی ئۆتۆنۆمی بەهێزتر کرد کاتێ کە بە شێوەیەکی سەربەستو دیموکراتیانە خەڵکی کوردستان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد ..

ئۆتۆنۆمی لە ماوەی هەشت ساڵی رابوردوودا گەلێ هەنگاوی گەورەو فراوانی بڕیوەو،بەردەوامیش دەبێ لەسەر ئەم رێرەوەی بەگیانێکی لەخۆبوردانە ، بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەو ئەرکانەی کەوتوونەتە سەر شانی لە سایەی شۆڕشی ١٧/ی تەموزی نەمرو بە سەرکردایەتی سەرەك موهیب روکن صدام حسین .

● **ئەنجومەنی یاسادانان ، ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە وەکو لە ناوەکەوەیە دەردەکەوێ ، چۆن توانیویەتی ئەم تاقی کردنەوە شۆڕشگێڕی‌یە جێبەجێ بکا؟**

– ئەگەر ئۆتۆنۆمی هیواو ئامانجی گەلی کوردمان بێ بۆ شادبوونی بە مافە نەتەوەیی‌یەکانی لە چوارچێوەی وڵاتی عیراقماندا ، ئەوا دەبێ بزانین کە ئەنجومەنی یاسادانان یەکێکە لە دەزگا هەرە گرنگەکانی ئەو ئۆتۆنۆمی‌یەو، ئەگەر بە چاوێکی ئینسافەوە تەماشای رێرەوی ئەنجومەنی یاسا دانان بکەین بۆمان دەرئەکەوێ کەئەنجامی پشتگیری کردنی بەردەوامی سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆڕشو ، بە کۆششی ئەندامانی ئەنجومەنەکە خۆی ، توانیویەتی دەورێکی دیاری‌کراو ببینێ لە دەوڵەمەند کردنو چەسپاندنی ئۆتۆنۆمیو ، لایەنێکی چاکی ئەرکەکانی سەر شانی بە پێی یاسا جێبەجێ کردوەو ، لە چەندین بۆنەدا ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردی راگەیاندوەو ، ئەندامانی بەدڵسۆزی‌یەوە هەوڵی سەرکەوتنی ئەم تاقی کردنەوەیەیان داوە ، بە ئامادەبوونی بەردەوامیان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنداو بە سەرکردنەوەی ئیشو کارو بەشداری کردنیان لە لێکۆڵینەوەکانداو ، گەڕانی بە جەرگیان بۆ چارەسەری بنەڕەتی گیروگرفتی ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری هاووڵاتی‌یەکان کردووە .

ئەمەش چەند چالاکی‌یەکی ئەنجومەنە :

١ – بەپێی ناوەڕۆکی بڕگەی –م– ی بەندی دوانزەهەمی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤و بەندی ٦٠/ی یاسای ئەنجومەنی ناوچەی کوردستانی ژمارە ٥٦/ی ساڵی ١٩٨٠ ، ئەنجومەن پەیڕەوی ناوەوەی خۆی دانا بۆ رێکخستنی کاروباری کۆبوونەوەکانیو بەڕێوەبردنی ئەو کۆبوونەوانەو ، دامەزراندنی لیژنەی هەمیشەیی‌یو دەستنیشان کردنی ئەرکەکانیانو ، پاراستنی شێوەی بەستنی کۆبوونەوەکانو قسەکردن تیایدا ..

٢ – ئەنجومەن ئەم لیژنانەی خزمەتگوزاری‌یەکانو پرۆژەکان، لیژنەی کاروباری یاسایی ، لیژنەی سکاڵاو پێشنیار ، لیژنەی کاروباری کشتوکاڵو هەرەوەزی‌یەکان، لیژنەی کاروباری ئابوریو دارایی ، لیژنەی کاروباری پەروەردەو رۆشنبیریو ئەوقاف ، ئەم لیژنانە تا ئێستا بە باشی ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان جێبەجێ کردوەو چاویان بە جەماوەری ناوچە کەوتوەو ، دەربارەی جەنگی رەوامان دژی فارسی دوژمن قسەیان بۆ کردوون .

٣ – تا ئێستاو لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا دەیان پرسیار ئاراستەی ئەنجومەنی راپەڕاندنو ئەمینداره گشتی‌یەکان کراوەو ، ئەنجامی زۆر چاکمان لەم بارەیەوە دەسکەوتوە .

٤ – ئەنجومەن لە هەموو بۆنە نیشتمانی‌یەکاندا بەشداری کردوە ، بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو هەستی نیشتمانیو لەخۆبوردن لە پێناوی نیشتمانداو ، هاندانی جەماوەری ناوچەکە بۆ کۆبوونەوە لە دەوری سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆڕش .

٥ – ئەنجومەن لە ماوەی رابوردوودا بەردەوام گۆڤاری – ئۆتۆنۆمی – بەزمانی کوردیو عەرەبی دەرکردوە، تیایدا دەستنیشانی دەسکەوتەکانی شۆڕشی کراوە لە کوردستانداو ، چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانەو دیموکراتیانەو ، روون کردنەوەی لایەنە نەتەوەیی تایبەتی‌یەکانی گەلی کوردمان .

● **جەنگی قادسیەی صدام ، هەندێ شێوەی دەربڕینی شۆڕشگێڕانەی نوێی هێنایە کایەوە ، چۆن شێوەی ئەو دەربڕینە نوێیە لە کوردستاندا دەستنیشان دەکەن ؟**

– جەنگی قادسیەی صدام ، لە نێو رۆڵەکانی گەلی عیراقماندا بە کوردو عەرەبیەوە ، چەندین شێوەی دەربڕینی شۆڕشگێڕانەی هێنایە کایەوە ، بۆ هاوبەشی – کردن لە جەنگی شەرەفو کەرامەتداو، پاراستنی خاکی نیشتمانو ، ناچارکردنی رژێمی رەگەزپەرستی فارسی کە دان بە مافە مێژویی‌یە – کانماندا بنی لە خاك و ئاودا .

لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیشدا گەلی کوردمان، هۆشیارانەو بە بڕوایەکی پتەوەوە ئامادەیی خۆی پیشان‌داوە کە هاوبەشی ئەم جەنگە رەوایە بکاو ، دەیان هەزار هاووڵاتی کوردمان لە ریزەکانی فیداکاراندا خۆیان ناونووس کردوە بۆ چوونە بەرەکانی جەنگ‌و، وەرگرتنی شەرەفی بەشداری کردن لە جەنگی قادسیەی صدامداو ، بەرگری کردن لە نیشتمان‌و، پاراستنی دەسکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی ١٧/ی تەموزی نەمر .

بە نیسبەت ئەندامانی ئەنجومەنیشەوە ، ئەوا زوربەی ئەندامان لە جەبهەکانی جەنگدا بەشداریان کردوە بەتایبەتی لەجەبهەی نەوسوود، چەکیان

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ئەمینی سری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست - ناوچەی هەولێر :

• جێ بەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی لێدانێکی کوشندە بوو ئاراستەی دوژمنانی گەلی عیراقان و هەموو بەرەی ئیمپریالیزم کرا.

• قادسیەی صدام ریزەکانی ئەم گەلی پتەوتر کرد و ، جەنگاوەرانی کوردیان یاوەری پیرۆز دەگێڕن

بە بۆنەی بیرەوەری تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانو ، لە گەرمەی راپەڕینی گەلو سوپای دلێرمان بە سەرۆکایەتی سەرکردەی مەزنمان صدام حسین بەیە رووی دوژمنایەتکاری و دەست - درێژی رژێمی بە کرێگیراو گەندەڵی خومەینی بۆ سەر وڵاتی شیرینمان ، چووینە بارەگای ناوچەی هەولێری - حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو ، لەوێ چاومان بە هەڤال (مزهەر مطنی) ئەمینی نهینی یەکانی ناوچەی هەولیر کەوت و لێمان پرسی :

● بە بۆنەی یادی هەشتەمینی جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە لایەن دەستەڵاتدارێتی شۆڕش و حیزبەوە ، چۆن ئەم تاقی کردنەوەیە پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە هەڵدەسەنگێنن ؟

- یادی تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بە سەر جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمیدا تەنها لە بیرەوەریە گرنگەکانی گەلی کوردمان لە عیراقدا ناژمێرێ ، بەڵکو یەکێکە لە بیرەوەریە بە بایەخەکانی هەموو گەلی عیراقمان ، تیوری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، هەستونەستی هەموو عیراقیەکانی یەکخست ، ئەویش لە ئەنجامی بڕوای پتەوی حیزبمان بە گەڵو ، بڕوای پتەوی گەلیش بە ئامانجەکانی حیزب .

ئێمە کاتێك بە دڵخوشیەوە ئەم یادە نەمرە دەکەینەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو هەموو رۆڵەکانی گەلی عیراقمان چاویان بڕیوەتە سنوورەکانی رۆژهەڵات ، کە لەو ئاقارانەدا ئەمڕۆ سەربازە ئازاکانی سوپای دلێرمان دەچن بەگژ فارسی دوژمندا، کە هەموو کاتێ ویستویەتی مافی رەوای گەلەکەمان داگیر بکاتو ، بە درێژایی ماوەیەکی زۆری مێژوو ئەمە خووی بوە بەرامبەرمان ، بەڵام ئەم دوژمنە نابووتە ژیانی نوێی ئەم گەلەی لە بیرچووەوە ، لە بیری چووەوە کە شۆڕشێکو سەرکردایەتیەکی مێژوویی مەزن رابەری دەکاتو ، ریزەکانی یەکخستوەو ، سەرۆکێکی بلیمەتو لێهاتووی وەکو سەرۆکی قارەمانو خەباتگیر صدام حسین پێشڕەوی دەکاتو ، تەمەنی نوێی سەربەرزانەی بۆ دروست دەکات .

ئەم بیرەوەریە گەورەیە . . بیرەوەری جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ رۆڵەکانی کوردی عیراقمان ، لێدانێکی کوشندە بوو ئاراستەی بەرەی ئیمپریالیزم کرا ، لە کاتێکدا کە دەیویست سوود لە دووبەرەکی ببینیو ، وەکو کاغەزیکی زەرد یاری پێبکاو گەلەمان لە خشتەبەرێ ، یاسای ئۆتۆنۆمی ، یاسایەکی مێژوویی یەو روانینی مرۆڤایەتیانەی حیزبمان ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی رادەگەیەنێ، بەم بۆنەیەوە خۆشحالم بەوەی کە جوانترین پیرۆزبایی پێشکەش بە گەلی کوردمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیو سەرکردایەتی سیاسی مەزنمانو تێکرای گەلی عیراقمان بکەم .

هەروەها بەم بۆنەیەوە دەڵێم ئومێد دەکەین ئەو تاقی کردنەوەی شۆڕشگێڕانەیەی کە رۆڵەکانی گەلی عیراقمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێی شادبوون ، رۆڵەکانی گەلی کورد لە ئێرانیش پێی شادبن ، چونکە لە سایەی ئەو تاقی کردنەوەیەدا گەلی کوردمان بنیاتی ژیانێکی نوێی داناو ، نموونەیەکی پێشکەوتوو ترە لە هەموو تاقی کردنەوەکانی تری جیهانو ، هیچ لە وڵاتانی دراوسێ هەنگاوی وایان نەهاویشتوە، بە تایبەتی رژێمی بە کرێگیراوی ئێران ، کە زۆر دڕندانە نەتەوە غەیرە فارسەکان دەچەوسێنێتەوە ئازاریان وەدا .

● **گەلی کوردمان بەشداریەکی فراوانو گەورەی جەنگی رەوای قادسیەی صدامی کردوە ، چۆن جۆرو شێوەی ئەو بەشداری کردنو پشتگیریەی دەستنیشان دەکەن ؟**

- لە راستیدا بەشداری کردنی کۆمەڵانی گەلی کوردمان لە هەولێر هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ بەشداری کردنی رۆڵەکانی گەلی عیراقمان لە پارێزگاکانی تر ، گیانی سەرکەوتنو ئازایەتی لە دڵو دەروونی خەڵکی هەولێردا سەری هەڵداوە ، هەروەکو چۆن لە دڵو دەروونی هەموو خەڵکی پارێزگاکانی تردا سەری هەڵداوە ، رۆڵەکانی کورد نموونەی بەرزی ئازایەتیو دلێریان نواندوە بۆ پاراستنی کەرامەتو شەرەفی عیراقیەکانو ، جگە لەوەش ژمارەیەکی ئیجگار زۆری خەڵکی ناوچەکەمان ئامادەیی خۆیان پیشانداوە لە هێزەکانی خۆ فیداکردندا ناونووس بکرێن . . ئەمەش نموونەیەکی مەزنی خۆشەویستیو رەسەنایەتی عیراقە لە ناو دەروونی رۆڵەکانی گەلی کوردماندا لە هەولێر ، جەماوەرێکی زۆری هاووڵاتیان ڕایان گەیاند کە ئامادەن وەکو خۆ بەختکار پێویستی نیشتمانی سەرشانیان جێبەجێ بکەنو چاوەڕوانی فەرمانی سەرکردایەتین .

ئەم دیاردەیەی کە باسم کرد ، یەکێکە لەو دیاردە پیرۆزو گەورانەی کە قادسیەی سەرۆکی فەرماندەمان صدام حسین لە نێوگەلدا دروستی کردوە ، قادسیەی صدام ریزەکانی ئەم گەلەی پتەوتر کردو گەلێکی خەباتگیری هێنایە کایەوە کە دڵسۆزانە دوای سەرکردەی خۆشەویستیان کەوتون . جگە لەوانەی باسم کردن هەزاران جەنگاوەری سوپای میللی هەن لە ناوچەکەماندا و زیاتر لەوەش لە ریزەکانی سوپای قارەمانماندا هەن .

هەموویان جەنگاوەری ئازانو ، بە دڵسۆزیەوە هەموو پێویستیەکی سەرشانیان جێبەجێ دەکەن . سەرکەوتوو بێ سەرکردەمان، سەرکەوتووبێ گەلی نوێمان . . ئەو گەلەی لەگەڵ لە دایکبوونی خیزبدا لە دایکبوو ، و بە دەستی سەرکردەی خۆشەویستمان صدام حسین پێگەیشتو پەروەردە بوو .

نووسینگەی هەولێر

سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندنی ((پاشماوە))

هێز نیە کاری تێبکا یان بیهەژێنێ ...

ئەنجومەنی یاسا دانان وەکو هەنگاوی یەکەم لیژنەیەکی تایبەتی دانا بۆ بە سەرکردنەوەی ئەو چالاکیانەی کە بۆ پشتگیری کردنی جەنگی قادسیەی صدام لە کوردستاندا دەکرێن .

لە هەمان کاتدا لە هەموو شارو گوندەکانی ناوچەدا کۆڕی تایبەتی بۆ وریا کردنەوەو هۆشیار کردنەوەی خەڵکی بەستراوەو ، هەڵوێستی رەوای وڵاتەکەمانیان بۆ روون کراوەتەوە، دەربارەی ئەو شەڕەی کە فارسە رەگەز پەرستەکان بە سەرماندا سەپاندیان .

جێی شانازیشمانە کە بە دەیان هەزار هاووڵاتی کوردمان ئێستا لە بەرەکانی جەنگدا شانبەشانی بڕا عەرەبەکانیان بەرگری لە سنووری خاکی شیرینمان دەکەن ، ئێمە سەرمان لێدانو لە نەوسودو کەرتی ناوەڕاست بە چاوی خۆمان بینیمان کە رۆڵە نەبەردەکانی کوردستان ، چۆن ئازایانە لە ژێر ئاڵای سەرکردەی لێهاتوومان صدام حسین دژی هێرشی ناڕەوای سوپای خومەینی بە کرێ گیراو دەجەنگن .

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسا دانان خۆیان لە ریزی فیدا کاراندا ناونووس کردوەو ، ئامادەن هەموو فەرمانەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش جێبەجێ بکەن .

لە سەراپای ناوچەی کوردستاندا جموجووڵێکی جەماوەری گەورە هەیە بۆ پشتگیری کردنی سوپای دلێرمانو ، بە دەیان هەزار هاووڵاتی کورد ئەوانیش خۆیان لە هێزەکانی فیدا کاراندا ناونووس کردوەو لە سەرپێن بۆ جێبەجێ کردنی هەموو فەرمانێکی شۆڕش .

Institut Kurde de Paris

لەبیرەوەری دوانزە ساڵەی بەیاننامەی یانزەی ئازاری مێژوویی ...

● باری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان لە سایەی بەیاننامەی مێژوویی یەکەی یانزەی ئازار هەمیشە لەبەرەو پێش چووندایە ...

● داوامان کردووە کە ئیجازەی خوێندنی بەرز بو زمانی کوردی دەسگیر بکەین لە دەرەوەی وولات .

ناظم دلبەند

نووسینگەی هەولیر

ئەمینداری گشتی پەروەردەو فێرکردنی بەرز لە ناوچەی کوردستان بە ژمارە بۆ لماوکاری پەروەری



بەبۆنەی بیرەوەری دوانزەساڵەی بەیاننامەی یانزەی ئازاری مێژوویی و یادی دەرچوونی هەشتەمین ساڵەی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستانەوە ، لە بارەگای ئەمینداریتی گشتی پەروەردەو فێرکردنی بەرزلە ناوچەی کوردستان بە دیداری مامۆستای بەریز موسی عبدالصمد ئەمینداری گشتی شادبووین .. بەو نیازەی کە بتوانین لەم بیرەوەریە پیرۆزەدادەستنیشانی ئەو قۆناغە گۆڕانکاریانە بکەین کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا ئەمینداریتی ناوبراو بە خۆیەوە بینیویەتی ...

● باری پەروەردە لە کوردستاندا لە سایەی بەیاننامەی یانزەی ئازاردا..

مامۆستای بەریز گەلێك قسەو باسی بۆ کردین دەبارەی ئەو بەرەوپێشەوە چوونەی کە باری پەروەردە بەخۆیەوە بینیوویەتی . ..

ووتی :-

بە پێی ئەو بارودۆخەی کە سەرکردایەتی پارتو شۆرش رەخساندویەتی بۆ گەلی کوردمان وبەتایبەتی دوای ئەوەی کە هێمنی و ئاسایش گەڕایەوە ناوچەکە.. باری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا لەسایەی بەیاننامە مێژوویی یەکەی یانزەی ئازار هەمیشە لەبەرەوپێش چووندایەو... حەزیش دەکەم چاوێ بخشێنن بەو خشتەیە کە رێژەی قوتابی و مامۆستاو قوتابخانەی ساڵی ١٩٧٤ لە چاو ئەمڕۆ چ جیاوازیەکی مەزنی هەیە ...

● **ژمارە دەور دەگێڕێ...**

بەراوورد ێکی دوو ساڵی خوێندن ١٩٧٤ - ١٩٧٥و ١٩٨٠ - ١٩٨١ لە ژمارەی خوێندنگاکان و خوێندکارەکان و کادیرانی پەروەردە لە ناوچەکەدا پێشکەوتنی وەدەست هاتووی دەزگای پەروەردەو فێربوونمان بۆ روون دەکاتەوە ئەمەش لە ئەنجامی گرنگی پێدان و چاودێری کردنی سەرکردایەتی پارتو شۆرش بەم لایەنە زیندووە .

ئەمەش لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تەرخان کراوە کە جێگای سوپاس و شانازیە بە پێدانی ٢١٨٤ پلەی تر بۆ بەشی ناوخۆ .. ئیمەش دابەشی سەرپارێزگاکانی ناوچەی کوردستانمان کرد بە گوێرەی پێویست ...

● پارەی تەرخان کراو بۆ خۆراکی خوێندنگاکان ٥٦١٩١ لەساڵی ٩٧٤-٩٧٥ ٢٨٠٥٩٢٩ دینار لە ساڵی ٩٨٠ - ٩٨١ .

لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواریش هەوڵێکی چاك دراوە بۆ سەرخستنی ئەم هەڵمەتە پیرۆزە کە سەرۆکی فەرماندە هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین سەرکردایەتی دەکات ...

● ئیجازەی خوێندنی بەرز ....

بەرێز مامۆستا موسی عبدالصمد دەربارەی ناردنە دەرەوەی قوتابیانی دەرچوانی بەشی کوردی و بەشی ئینگلیزی و بەشی عەرەبی بۆ تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی دکتوراو ماجستێر ووتی :-

ئەوەی ڕاستی بێ لەم رۆژانەدا نووسراوێکمان ناردەوە بۆ وەزارەتی نەخشەکێشان تاکو رەزامەندی خۆی دەربڕێ لە سەر دانانی قوتابیانی ناوچەکە بۆ ناردنە دەرەوەیان بۆ دەرەوەی وولات بۆ تەواو کردنی دکتوراو ماجستێر لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ... ئەمەش ئاوڕدانەوەیەکی پیرۆزە کە سەرکردایەتی سیاسی لە سەرووی هەموو شیانەوە هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین دەیداتە ناوچەی کوردستان و بەتایبەتی لایەنی خوێندن ...

● **چالاکی هونەری و وەرزشی ...**

بە بەردەوامی چالاکی هونەری و وەرزشی دەبینرێ لە شارەکانی کوردستاندا لەم رووەوە مامۆستای بەریز ووتی :-

حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە چالاکی هونەریمان بەردەوام لە پەرەپێدان و بەرەو پێشەوە چووندایە بەڵگەشمان بۆ ئەم قسانە ، سەرکەوتنی تیپی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکە کە هەموو ساڵێك لە میهرەجانی وولات یەکەم وەدەست دەهێنن .. دەربارەی بزوونەوەی وەرزشیش درێغی نەکراوە لە بەرهەمی گرنگ و سەرکەوتنی مەزن ...

توانیومانە لە هەموو شارەکانی کوردستان بە پشتگیری هونەرمەندانی چالاکی قوتابخانەکان تیپی منداڵان و کچان دابمەزرێنین و دەوری خۆمان ببینین لە میهرەجانەکاندا . . . کردنەوەی ئامۆژگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەسکەوتێکی پیرۆز بوو بۆ پەرەپێدان بە بەهرەی لاوانمان لە بوارەکانی هونەری...

	١٩٧٤ - ١٩٧٥	١٩٨٠ - ١٩٨١
● ژمارەی قوتابخانەکان	٦٧٠	٢٦٤٥
● ژمارەی خوێندکارەکان	١١٣٧١٥	٣٧٩٦٠٩
● ژمارەی کادیرەکانی فێرکردن و مامۆستایان	٦٨٧٦	١٤٥٢١
● ژمارەی پسپۆرانی پەروەردە .	١٢	٣٥
● ژمارەی سەرپەرشتیکارانی پەروەردە	٤٦	١٠٩
● ژمارەی ئەوخوێندکارانەی بەشی ناوخۆ دەیانگرێتەوە .	٤٥٠	٧٨١٢

Institut Kurde de Paris

لە یادی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ١٥

جەماوەری گەلی کورد دەسکەوتەکانی دەپارێزێ و پەرەی پێ دەدات

لەگەڵ رەویەنەوەی سەرماو زوقی زستانداو هەڵهاتنی خۆرێکی نوێی بەهار ، لە هەمو ساتێکدا کوردمان لە کوردستانی عێراق هەنگاوبەرەو بادێکی مەزنو پیرۆز دەنێتەوە ، یادی دانان بە مافە نەتەوەیی یە سروشتیەکانیا کە دامو دەزگا کۆنەپەرستە گۆڕکراوەکانی لەوەبەر پێشێلیان کردبوو و هەتا ناوهێنانیشی قەدەغە کرابوو ،

ئەم یادەش یادی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی یە بۆ کوردستانو چەسپاندنێتی و دامەزراندنی هەمو دامەزراوو دەزگا پسپۆڕەکانی کە بەڕێوەبردنی ئەو یاسایەبان پێسپێررا ، ئەم یادەشی ئەمسال کاتی بەرەوڕومان دەبێتەوە کە گەلی عێراقی نەبەز بەکوردو عەرەبەوە ، پێی ناوەتە دووەم ساڵی شەڕێکی رەواوە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانمان کە دوژمنی رەگەزپەرستی فارسی بەهەمو ئەقڵی ژەنگداریەوە دەیەوێ ببێتە کۆسپێ لەڕێبازی بنیاتنانو پێشکەوتنماندا ، جا هەربەم بۆنەپیرۆزەوە ، بەیادی هەشتەمینی دەرچونی یاسای ئۆتۆنۆمی و هاتنە کایەی هەردو ئەنجومەنی یاسادانانو راپەراندنی ناوچەی کوردستانەوە بۆیەکەمجار لەمێژووی گەلی کوردماندا لە کوردستانی عێراق نوێنەرانی چینە جۆربەجۆرەکانی گەلو کەرتو بەشەکانی لەڕێی رێکخراوە میللیو پیشەیی یەکانیانەوە بەیەك دەنگ پشتگیری خۆیان تازە دەکەنەوە بۆ ئەم کارە پیرۆزەو هەمو هەولێکی بێوچانی پەرەپێدانی ئەم دەسکەوتە مەزنە دەدەن .

● لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی عێراق - لقی سلێمانی چاومان بەخوشکە « صبیحە صالح کریم » سەرۆکی لقەکە کەوتو بەم بۆنەیەوە وتی :

- بەیانی ئازار بۆیەکەمجار لەمێژووی گەلی کوردماندا لە کوردستانی عێراق رێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی بەمافە رەواکانی خۆی بگاو بەکاری بێنێ بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە ، ئەمەش پارتی پێشرەو هەمو توانا و دەسەڵاتی گەلی کوردی لەم بارەیەوە تەرخان کرد بۆ بەرزکردنەوەی خەباتی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزمو زایونیزم کەچاویان بریوەتە نەتەوەی عەرەبی و وڵاتەکەمان .

ئالیرەشەوە یاساکە بەدەسکەوتێکی گەورە دەژمێررێ بۆ هەمو گەلی عێراق و گەلی کوردیش بە تایبەتی .

بەڵام سەبارەت بەئافرەت و لەوەتەی یاساکە دەرچووە ، خوشکە (صبیحە صالح کریم) وتی :-

پارتی بەعسی سۆشیالیست ، هەر لە دامەزراندنیەوە مرۆڤی وەك هۆو ئامانجێ داناوە ، زۆر ئاساییشە کە شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمموزی پێشکەوتن خواز گرنگی یەکی تەواوی داوە بە ئافرەتو تەواوی داوە بە ئافرەتو بەرزکردنەوەی ئاستو پلەی لە کۆمەڵداو لە لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستی یەکانەوە . . .

جا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیشدا هەروەك بەشەکانی تری عێراق شتێکی سروشتی یە کە پلەو پایەی ئافرەت بگۆڕرێ بەرەوباشی و لەو دۆخە نالەبارەی جارانەوە بێتە سەر ئەم دۆخەی ئێستا کە ئافرەت وەك پیاو بەشدارە لە هەمو بوارەکانی بنیاتناندا و شانبەشانی پیاو لە خەباتدایە بۆ عێراقێکی پرشنگدار .

بەڵام خوشکە صبیحە بەم بۆنەیەوە لە دواوتەیدا وتی :-

لەم یادەدا هیوادارم گەلی عێراق هەرسەرکەوتو بێ و گیانی سەرکەوتنمان لەم شەڕە رەوایەدا بەرامبەر فارسە رەگەزپەرستەکان بپارێزێ بەسەرکردایەتی سەرۆکی تێکۆشەرمان هاوڕێ صدام حسین .

● بەڵام لە باتی چینی کرێکار لە پارێزگاکەدا ، ئەوچینەی کە ئەرکی بنیاتنانو دروستکردنی لەسەر شانە ... کاك فائق طاهر رشید سەرۆکی یەکێتی ناوخۆی نەقابەکانی کرێکاران لە پارێزگای سلێمانیدا وتی :-

- چینی کرێکار لە سایەی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمموزو یاسای ئۆتۆنۆمی یەوە گەیشتە ئەوپەری ئاستێکی گوزەرانی ، یاسای (١٥١)ی ئاسودەیی و خوش گوزەرانی ئیشکردن ، (٣٩)ی تەقاعدو زەمان کە بەهۆیەوە کرێکاران ئیستاو ئایندەی خۆی و خێزانی مسۆگەرکراوە ، ژیان و تەندروستی پارێزراوە ، جگەلە مخصصاتە هەمە جۆرەکان وەك هی منال ژن (خطورە) و (بدل غدوی) و هەروا دروستکردن و زامن کردنی خانوو بەرە ، کردنەوەی مەلبەندی فێرکردن و مەشق لەبواری پیشەکانیاندا ، جگە لەمانە زیادکردنی ئەو پارانەی کە بەخۆڕایی دەدرابە کرێکار وەك پارەی منال لە (٥) دینارەوە بۆ (٣٠) دینار ، ژن هێنان لە (٢٠) بۆ (١٠٠) دینار ، مردن لە (٥٠) وە بۆ (١٠٠) دینار ، چارە سەرکردنی کرێکار لە دەرەوەی ولات تا رادەی (٥٠٠) دینار ، بەڵام لە بواری کۆمەڵایەتی دا ، کردنەوەی باخچەی ساوایان بۆ منالەکانیان و یانەی کرێکاران و یانەی وەرزشی و کتێبخانەو چەنەها دەسکەوتی تر .

هەر ئەم دەسکەوتانە وای لە کاك فائق کرد کە بکەوێتە بەراوردکردنی باری ژیانی کرێکاران لە دیوی کوردستانی ئێرانو کوردستانی عێراقداو وتی :-

-هەر ئەم دەسکەوتە کەمانەی لە چەنەها دەسکەوتی گەورەتر کە خستمانە رو وامان لێ دەکات کە بیرلەوە بکەینەوە ، ئاخۆ کرێکاری کورد لە سایەی رژێمی کۆنە پەرستی تاران و قومدا چی پێ برابێ ، بێ گومان لە ئازارو کوشتنو راونانو دەربەدەری زیاتر نیی یە ، ئەمەش وامان لێدەکات کە گرنگیو مەزنی ئەو سەر - کردایەتی یەی یاسای ئۆتۆنۆمی دەرکرد بۆ کوردستانی عێراق ، بۆ مان دەرکەوێ و یادی دەرچونو چەسپاندنەکەشی هاندەرێ بێ بۆمان تا لە دەوری کۆببینەوەو بەگیانو دل بیپارێزین .

بەڵام دەربارەی بەشدار بوونی کرێکاران لە پارێزگاکەدا لەم شەڕە پیرۆزەی قادسیەی صدامدا ئەوا وتی:

- کرێکارانمان درێغیان نەکردووە لە بەشداربووندا ، بەسەدان چونەتە ریزەکانی (سوپای میللی) یەوە و بەسەدان پێشبرکەی ئەوەدەکەن کە خوێن بدەنو هەمو کرێکاران ئامادەیی خۆیان دەرخستووە بۆ (تطوع) کردنو بەشداربوون لەم شەڕەدا کە رژێمە گەندەلەکەی قوم و تاران سەبانویەتی بەسەرماندا .

● لەلای چوتیارانیش ، قسە هەو دەربارەی ژیانێکی کامەرانی یە کە یاسای شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمموزدا هێناویەتەدی بۆ هەموان ، کاك (صباح محمد سعید) جێگری سەرۆکی یەکێتی چوتیاران لە پارێزگادا ، کەوتە باسی دەسکەوتەکانی چینی چوتیارانو وتی :

- بەپێی یاساکانی چاککردنی کشتوکاڵ کە سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش بەتایبەتی بۆ ناوچەی کوردستانیان نەرخان کردووە چوتیاران کەلکێکی گرنگیان لێ دبوە ، یاسای ژمارە (٩٠) ی ساڵی ١٩٧٥ کە هەمو چوتیارێ بووە بەخاوەنی ئەرزو ئاوی خۆیو سەربەستە لە هێنانە بەرهەمی هەر بەرهەمێ یێ ، ئاسان کردنی کەرەستەو پێویستی بۆیان ، وەرگرتنی مەکینەو تەراکتۆرو دەڕاسە ، کە تائێستا « ٧٤٨ » تەراکتۆر و « ٢٥٠ » دەڕاسەمان بۆ چوتیاران وەرگرتووە ، جگەلە هەوڵدان بۆ ئاسانکردنی هەمو پێویستی یەکی تری بەرهەم هێنان . جا هەر ئەمەیە وامان لێدەکات کە پەیمان تازەبکەینەوە بۆ سەرۆکی تێکۆشەرمان هەڤاڵ صدام حسین ، کە هەمیشە سەربازێکی دلسۆزبین بۆ پاراستنی خاك و نیشتمان لە دژی فارسە رەگەزپەر - ستەکانو زایونیزمو ئیمپریالیەتی جیهانی . . .

ئەمەش بە کردەوە چەسپێنراوە ، بەوەی کە هەمو جوتیارانی پارێزگاکە ئامادەیی خۆیان پیشانداوە بۆ بەشداربوونو (تطوع) کردن لەریزی پێشەوەدا .

لەمەوە کاك صباح هاتە سەر ئەو بارە ناهەمواریەی کە جوتیاران لە کوردستانی

بڕوانە ل : ٧

صبیحە صالح کریم

عبدالقادر محمد

فائق طاهر

Institut kurde de Paris

هەڵبژاردە لە وشە پرشنگدارەکانی سەرەکی فەرماندە ـ پاشماوە ـ

ناوچەی ئۆتۆنۆمیەو لەمەدا لاریەك نابینین چونکە کورد بە مومارەسە کردنی ئەم جیانابێتەوەو خۆی بەزل دوو مافە لەعێراق مەوقعەوە زیاترو قولتر لە بەسەریان نانوێنێ بەئکو لەو مادەمێکی ئەمە نیشتمانێکە ناخەوە لە عێراقدا دەژی هەموومان سورین لەسەر پاراستنیو مادەمێکی ئەلەکەمان هەوڵی دروست کردنی شەخسیەتی دەدات بە جۆری وای لێبێ بەرگەی ئەرکی مێژووی بە شێوەیەکی ڕاستەقینەو تەواو بگری جا نەتەوەی هەرچیەبێ ئاینەکەی هەرچیەبێ تایفەکەی هەر چیەك بێ کە ئەو سەر بە وەیە ، هەموو شتەکانی تر ئەو خوسوسیاتانەن ئەو دەوارە مەزنە ڕەنگ دەکەن کە عێراقە بە بێ ئەوەی بدرێ.

● شۆڕشو حزب بۆ کوردە وەك بۆ عەرەبە بەم جۆرە بەوانە دەڵێن کە ئینتمای کورد بۆ حزبی بەعسیو بۆ شۆڕش بەلایانەوە خراپە ، شۆڕش بۆ کوردە وەك بۆ عەرەبەو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیسی بۆ کوردە وەك بۆ عەرەبو ئەوانی تریشە مادەمیکی لە عێراقدا دەژینو لە پێناوی عێراقی سەربەرزو بەتواناو ئاوەداندا تێدەکۆشنو عێراق دەخەنە خزمەتی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب بە بۆچوونی راستیو پێکەوە بەستراوەیی ڕوونو ئاشکراو حزب بۆ هەموویانەو لە پێناوی هەموویانداو هەر وەك شۆڕش بۆ هەموویانەو لە پێناوی هەموویاندا ...

پیرۆزی خواتان لەسەر بێت. ئێمە ئێستا نامانەوێت هیچ مرۆڤێك کەرامەتی زەدە بێت . عەرەبێك ئەگەر لەهەر جێگایەك هاواری کرد کەرامەتی زەدە کراوە ئێمە هەست بەوە دەکەین هاوارەکەی لە دڵماندایە هەروەها کوردێکی عێراقی لەسەر لوتکەی چیا ئەگەر تووشی ستەم هاتو هاواری کرد ئەوا لەناو ویژدانماندا هاوار دەکات هەروەها هەموو عێراقیەکی تر ئەگەر کورد یان تورکمان یان عەرەب بوو لە هەرکوێ بووبێت تەنیا نیشتمانی خۆشدەوێت .

سەرەکی فەرماندە
صدام حسین

سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان (پاشماوە)

هەڵگرتوەو ، تێکرای ئەندامانی ئەنجومەن هەموو خۆیان لە هێزەکانی فیداکاراندا ناونووس کردوە ، هەروەها لە کۆبوونە ـ وەکانی ئەنجومەندا دەربارەی جەنگی ڕەوامان دژی فارسی دوژمن لێکۆڵراوەتەوەو ، ناوەڕۆکە ـ کانی ئەم جەنگە کە بە سەر وڵاتەکەماندا سەپێنرا بە دووروودرێژی ڕوون کراوەتەوە ، لە کاتێکدا کە وڵاتمان خەریکی جێبەجێکردنی نەخشەی پەرەپێدانو دروستکردنی عیراقی نوێ بوو ، ئەم جموجوڵەی عیراق بەرەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستانی تورە کردو هەستیان کرد ، کە زەمانی خۆسەپاندنیان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا خەریکە دەڕەوێتەوەو جێ پێیان لەق دەبێ ، هەروەها سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان لە بەرەکانی جەنگدا شێ کراوەتەوەو ، بایەخدانو گرنگی پێدانی سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش بەرابەری سەرکردەی مەزنمان سەرەك کۆمار صدام حسین بۆ ناوچەی کوردستان ڕوون کراوەتەوەو ، ئەندامانی ئەنجومەن دەورێکی کاریگەریان بینیوە لە ڕەتکردنەوەی پروپاگەندەی دوژمنانو هەموو ڕاستیەکیان بۆ ڕوون کردوونەتەوە ، چونکە جەنگی قادسیەی صدام جەنگی هەموو عیراقیکە بە کوردو عەرەبیەوەو پێویستە خوینیان لە ڕێگای پاراستنی شەرەفو کەرامەتی نیشتماندا تێکەڵاو بێو ، هەموو یەك دڵ لە دەوری ئاڵای سەرکردەی خۆشەویستمان سەرەك کۆمارو سەرکردەی گشت هێزی چەکدار صدام حسین ریزەکانیان پتەوتر بکەن .

لە یادی درچوونی (پاشماوە)

ئێراندا تیایدادەژی ، لەژێر ئەو ڕژێمە سەرلێ شێواوەی خومەینیداو وتی:

ـ لای هەمومان ئاشکرایە کە جیاوازیەکی زۆر فراوان هەیە لەنێوان باری ژیانو گوزەرانی جوتیاراندا لە کوردستانی ئێرانو عێراقدا ، ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد بەشێکە لەژیانی بەختیاری جوتیاری ئەمڕۆی کوردی عێراق ، ئەمە دەتەنێتەوە بۆ باری زانیاریو ئابوریو رامیاریش کە هەر لەلای خۆمان گەشاوەترە ، لە بەشەکانی دیدا ، لە کوردستاندا ، تەنانەت زمانی زکماکی خۆیان لێ قەدەغەیە ، بگرە تا جلو بەرگی نەتەوەیی خوشیان، بێبەرین لە هەمو هەقێکی مرۆڤایەتی ، بەڵام لای خۆمان ، ئاواتی چەند ساڵە هاتەدیو نیشتماتمان بەکامەرانی دەژیو بنیاننانیشی لەهەمو ڕویەکەوە بەردەوامە هەرچەندە سەرکەوتنمان لەم شەڕەدا وەك ڕۆژی ڕوناك دیارە .

● لە جوتیارانەوە بۆ کەرتی لاوان لە کۆمەڵی کوردەواریدا ، بابزانین کاك « عبدالقادر محمد امین » سەرۆکی یەکێتی لاوان لقی سلێمانی باس لەم یادەدەکا :

ـ کورد خاوەنی مێژوویەکی کۆنو دێرینە ، بەدرێژایی ئەم مێژووە لە تێکۆشاندا بووە بۆ وەدەستهێنانی سەربەستیو ئازادی ،دژی زۆرداران بووە ... کە سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش دانی نا بە مافە ڕەواکانیداو یاسا گرنگەکەی ئۆتۆنۆمی دەرکرد بۆ کوردستان ، هەموو چینو بەشە جوربەجۆرەکانی ئەم گەلە پێی خەملانو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشکەوتن هەنگاویان دەنا ، سەبارەت بە کەرتی لاوانیش ئەوە ئاشکرایە ، کردنەوەی چەندەها مەڵبەند بۆ مەشقو فێرکردن ، دروستکردنی چەنەها هۆڵی تایبەت بۆ سەماو وەرزش کردن ، یانەی ڕۆشنبیریو پەرەپێدانی ئاستی زانیاریان.

ئەمانە مشتێکن لە خەروارێ ، جا بەرامبەر ئەم ئەمەکە پیرۆژە ، لاوانیش لە پارێزگاکە هەر لەیەکەم ڕۆژی جەنگەوە دەوری سروشتی خۆیان بینیو بەشداریەکی تەواویان تیاداکردووە وەك ، گێرانی چەنەها کۆڕو کۆ بوونەوەی فراوان بۆ پێشڕەوانو نەوجەوانان .

سەردانی خەستەخانەکانو ماڵە شەهیدەکانو بەسەر کردنەوەی بریندداران بۆ پێشکەش کردنی دیاری هەروەها کردنەوەی دەرگای خۆبەختکردن ، هەمولاوان بەتەمەنی جۆربەجۆریانەوە ئامادەن کە بەشداربن جگە لە بەخشینی خوێن بۆ بریندداران ، بەشداریەکی ڕاستەقینەی کادرانمان لە بەرەکانی شەردا لە (نەوسود) ، کردنەوەی چەنەها پیشانگای هونەریو زانیاریو ڕۆشنبیریو پێشوازی جەنگاوەران لە گەڕانەوەیاندا لە نەوسود .

بەڵام دەربارەی باری گەلی کوردمان لە سایەی ڕژێمی خومەینی نیمچە روخاوەوە گوتی :

ـ خەڵکی هەمو لایان ڕونە کە لاوانی ئێران لەچ ژیانێکدان و لە عێراقی خۆشەویستیشدا لە چ بارێکی پێشکەوتندان لەژێر سایەی ئۆتۆنۆمیدا ، هەرئەمەشە زیاتر هاتمانەدا بۆ تێکۆشان لەپێناوی پاراستنی ئۆتۆنۆمیو دەسکەوتەکانی . لە کۆتاییدا :

ـ سڵاو بۆ یادی ئۆتۆنۆمی ،سڵاوبۆ ئەو سەرکردایەتیە بەجەرگەی ئاوات و خواستی گەلە کەمانی هێنایەدی ، سەرکەوتن بۆ گەلی عێراق لە قادسیەی دووەمدا .

نوسینگەی سلێمانی

یەکێتی نیشتمانی پتەوو .. پاشماوە

دڵسۆزانەی خۆی بۆ عیراقو سەرکردەی گەل صدام حسین دەردەبڕێت . لەو ڕۆژەشەوە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران بەنیازی زیان دان لەکاروانی شۆڕشمان دەستی دوژمنایەتی بۆ سەر وڵاتەکەمان درێژکردو شەری بەسەردا فەرز کردین ، گەلی کورد ، هەڵویستی مەردانەیو دڵسۆزی بۆ یەکێتی خاکی عیراق زیاتر سەلماندو ئەو جەماوەرە زۆرەی گەلی کورد کە بەشەوقەوە ئامادەیی زیاتر پیشان دەدەن بە خوێن بەرگری لە کاروانی شۆڕش بکەن بەڵگەی سەلامەتیو سەرفرازی کاروانەو سەرکەوتنی ڕێبازی شۆڕشو پتەوی یەکێتی نیشتمانی عیراق کە هەموو پیلانو خەونێکی دوژمنەکانی لەسەر وردو خاشی دەبێت .

لەبیرەوەری جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا سڵاوی وەفاو خۆشەویستی بۆ سەرکردەی کاروان صدام حسین .

زیاتر شەکاوە بێت ئاڵای سەرکەوتن .

بەهیزتربێ یەکێتی نیشتمانی گەلی عیراق .

Institut Kurde de Paris

ئەمانەتی گشتی شارەوانی‌یەکان و هاوینە هەوارەکان ، یەکێکە لە دەزگا گرنگەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و ، گەلێ ئەرکی پیرۆزی کەوتۆتە سەر شان بۆ ئاوەدان کردنەوەو پێشخستن و رازاندنەوەی شارو قەزاو ناوچە شارەوانی‌یەکانی ناوچە .

ئەمینداری شارەوانی‌یەکان و هاوینەهەوارەکانی کوردستان

- **نیسبەتی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانمان لە ساڵانی پێش جەنگ زۆر بەرزتر بووەتەوە .**
- **لەزاران پارچە زەوی بەسەر هاوولاتیانی ناوچەکەدا دابەش کراوە**

بۆ بەسەرکردنەوەی چالاکی‌یەکانی ئەم ئەمانەتەو پێشکەش کردنی وێنەیەک دەربارەی جم‌وجووڵی بنیاتنەرانەی چووینە لای بەڕێز مامۆستا سعاد حبیب تالەبانی‌و ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا تۆمار کرد :

● **هەموو دەزانین کە وڵاتەکەمان ئەوە نزیکەی دوو ساڵە بە باریکی زۆر تایبەتیدا تێدەپەڕی‌و ، خەریکی جەنگێکی رەوایە دژی هێرشی دوژمنانەی رژێمی بەکرێ گیراوی ئێران، لەم باروزروفە تایبەتیەدا ئەمانەتەکەتان تا چ رادەیەک توانیویەتی بەرنامەی پەرەپێدانی خۆی جێبەجێ بکا ؟ .**

- ئەمانەتمان لەو ماوەیەوە کە هێرشی رژێمی کۆنەپەرستی ئێران دەستی پێ‌کردوەو ، سوپاو گەلی دلێرمان چوە بە گژیا .. لەو وەختەوە زیاتر کەوتۆتە خۆ بۆ تەواوکردن‌و جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کەوتۆتە ئەستۆی ، دەتوانم بڵێم کە نیسبەتی جێبەجێ کردن لە ماوەی جەنگدا گەلێ زیاتر بوە لەوەی کە لەپێش جەنگدا جێبەجێ دەکرا .

لەساڵی ١٩٨١دا (٢٨٥) پرۆژەمان هابودو ، زیاتر لە ٣٥ ملیون دیناری بۆ تەرخان‌کرا بەم جۆرەی خوارەوە :

لە پارێزگای دهۆك ٨١ پرۆژە بە ٩٥٥٥ هەزار دینار .

لە پارێزگای هەولێر ٧٣ پرۆژە بە ٩٩٥٥ هەزار دینار .

لە دهۆك ١٠ پرۆژە
لە هەولێر ٤٢ پرۆژە
لە سلێمانی ٦٩ پرۆژە
لە دیوانی ئەمانەت ٨ پرۆژە

لەو بڕوایەداین ، بە هاوکاری‌و پشتگیری کادیرەکانی ئەمانەت ئەو پرۆژانەش لە کاتێکی نزیکدا تەواودەکرێن .

پێویستە ئەوەش بڵێم کە پارێزگای دهۆك توانیویەتی ٩٣٪ی پرۆژەکانی تەواو بکا .

● **مەسەلەی دابەش کردنی زەوی بەسەر هاوولاتیاندا گەیشتە کوێ‌و تا چ رادەیەك ئەمانەتتان ئەم ئەرکەی جێبەجێ کردوە ؟**

- لەم بارەیەوە ئەمانەتمان هەنگاوی گەلێ گەورەی ناوە .. بۆ نموونە لە مەرکەزی هەولێردا ٣٣٧٠ پارچە زەوی بەسەر هاوولاتیان‌و کەس‌وکاری شەهیداندا دابەش‌کراوە ، هەروەها ٢٠٠٠ پارچە زەویش بەسەر موتەجاویزەکاندا دابەش کراوە ، لەقەزاو ناحیەکانی سەر بەم پارێزگایەش ١٠٥٢ پارچە زەوی دابەش کردوە .

لەپارێزگای دهۆکیش ٤٢٨٥ پارچە زەوی بەسەر موتەجاویزین‌و ئەوانەی لەسوپادا خزمەت دەکەن‌و فەرمانبەران‌و کەس‌وکاری شەهیداندا دابەش کراوە .

لە سلێمانیش هەروەها نزیکەی دوو هەزارو دوو سەد پارچە بەسەر هەمان هاوولاتیاندا دابەش کراوە.

حاڵی حازریش هەموو شارەوانی‌یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان خەریکی ئامادەکردنی نەخشەی زەوی ترن بۆ ئەوەی بە سەر هاوولاتیاندا دابەشی بکەن .

لەپارێزگای سلێمانی ١٢٠ پرۆژە بە ١٣٣١٣ هەزار دینار .

لە دیوانی ئەمانەت ١١ پرۆژە بە ٢١٩٥ هەزار دینار .

زوربەی ئەم پرۆژانە پێکهاتون لە :

قیرتادکردنی شەقامی ناو شارەکان ، دروست‌کردنی کارگەی بەفر ، زێراب . گازینۆی گەشت‌وگوزار ، دوکان‌و بازار ، بینا بۆ شارەوانی‌یەکان .. هتد .

لەساڵی ١٩٨١دا کادیری ئەمانەت توانی لە ٨٠٪ی پرۆژەکان تەواو بکا .. بێگومان ئەگەر هەندێ کۆسپ نەبوایە کە چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی توانای ئێمەدا بوون سەد لەسەد جێبەجێ دەکران . بۆیە رایدەگەیەنم کە ئەو پرۆژانەی حاڵی حازر ئیشیان تیا دەکرێ ئەمانەن :

Institut kurde de Paris